



# تایبەت بە ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی

خەزەڵوەری ٢٧١١ | ئامادەکردنی رەحمان نەقشی | نوامبری ٢٠١١

سلاو لە شەهید مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی و هاورێیانی

## پوختەی ژیان و بەسەرهاتی شەهید مەلا ڕەسوڵ گەردی

کەم نین ئەو مرۆڤانەی کە هەموو سەرو ماڵ و گیان و ژیانی خۆیان فیدای ساتێک خۆشی و ئازادی بۆ گەلەکەیان دەکەن. شەهید مەلارەسوڵ گەردی یەکێک لەو تێکۆشەرانەی گەلەکەمان بوو کە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی بۆ گەلەکەی لە هیچ فیداکاری‌یەک دریخی ناکاو ٣٥ ساڵ لە تەمەنی سەربەرزانەی خۆی فیدای ئەو ئامانجە دەکا کە باوەڕی پێ هەبوو.
شەهید مەلارەسووڵ گەردی لە گوندی شیناوێی سەربە ناوچەی پیرانشار لە ساڵی ١٣١١ی هەتاوی واتە ٨٠ ساڵ لە مەو پێش لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی هاتبۆە سەر گۆرپانی ژیان و خەبات.
شەهید مەلارەسووڵ گەردی بە دەستووری دەرەبەگەکان لە زۆر حوجرەی ناوچەی پیرانشار دەر کرا، تەنیا بە خاتری ئەوەی کە ڕاستی دەگوت و جووتیارانی بە دژی دەرەبەگەکان روون دەکردەوە و هانی دەدان کە نەچنە ژێر باری زوڵم و زۆری ئەوان و بێگاریان بۆ نەکەن.
بەڵام مەلارەسووڵ کۆڵی نەداو بەو حاڵەش توانی زۆر زوو پلەکانی خوێندنی دەرسی ئایینی ببڕێ، هەر بە وەش ڕازی نەبوو و لە پەنا دەرسی ئایینی توانی بە شێوەی موتەفەریقە مەدرەکی ٦ی سەرەتایی نیزامی قەدیم وەرگرێ.
شەهید مەلارەسووڵی گەردی هێندێک تایبەتمەندی بەرجەستەی هەبوون کە ئەویان لە لای خەڵکی هەژارو زەحمەتکێشی ناوچە خۆشەویست کردبوو. مەلارەسووڵ ئینسانێکی ڕووناکبیرو، دژی ئاغاو دەرەبەگ و ساواکی‌یەکان و هەموو زاڵمەکان بوو. بە پێچەوانە دۆستی هەتا سەر وەفاداری هەژاران و زەحمەتکێشانی بێدەرەتان و بێ نەوا بوو.
لە کاتی بێکاری دا زۆر کتێب و گۆڤاری بە کەڵکی دەخوێندوە. رادیۆکانی ئێران و دەرەوەی گوێ لێرادەگرت و لە وەزعی دنیا ئاگادار دەبوو. ئەو خوێندنەوەیە و گوێگرتنە بوو بە هۆی ئەوە کە مێشک و بیری مەلارەسووڵ سنووری ناوچەی خۆی ببڕێ و وڵاتان و گەلان و خەباتی رەوایان باشتر بناسێ و مێشکی خۆی بە بیری شۆڕشگێرانە و دژ بە زۆرداری و کۆنەپەرەستی چەکدار بکا
بە دوای تەقسیمی زەوی و زار دا لە گوندی گەزگەسک بە دەستووری مەلارەسووڵ لێدانێکی باش ئاراستەی سەرو گوێلاکی ژاندارم و ساواکیەکانی ڕێژیمی شا کرا، کە دەیانهەویست بە قازانجی دەرەبەگەکان و بە دژی زەحمەتکێشان دەست بە کاری بەرنامەی زەوی و زار بکەن.
شەهید مەلارەسوڵ گەردی کەسایەتی‌یەکی نیشتمانپەروەری شۆرشگێر و مامۆستایەکی ئایینی بوو کە بە شیوازێکی زۆر جوان و راست لە ئایین تێگەیشتبووو، باوەڕی بەو خورافاتە نە بوو کە هاتۆتە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلام.
بە هیچ جۆر لە گەڵ توند و تیژی نەبوو، هیچ کات عیبادەتی خۆی لە هیچ شەرایتێکدا تەرک نەکرد. ئەو مرۆڤێکی دەم بەخەندە، پاک و خاوێن، بەسەداقەت، خزم دۆست، شۆرشگێرێکی ماندوویی نەناس، نەترس و ئازا، داوێن پاک و گەڵدۆست و میهرەبان بوو.
ئەو کەسایەتی‌یەکی زۆر بەرێز بوو و قەت حازر نەبوو بێ ڕێزی بە کەس بکا. تەحەمولی بیروڕای جیاوازی دەکرد، هەتا ئەو کاتەی کەس یان لایەنی بەرانبەر سنووری خۆی دەپاراست و راستی‌یەکانی وەک خۆی بەیان دەکرد و بێ‌ڕێزی بەکار نەدەهێنا. ئەو بە هیچ جۆر لە بەرابەر زوڵم و زۆروو ناعەداڵەتیدا تەسلیم نەدەبوو.
شەهید مەلارەسووڵ گەردی دوای کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٣٢ روو دەکاتە کاری سیاسی یەوە.
لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاویدا ژیانی هاوبەش لە گەڵ خاتوو ئایشە دەورانی پێک دێنی کە بەرهەمی ئەو ژیانە چوار کورو سێ کچی لێدەکەوێتەوە.
هەروەها لە ساڵی ١٣٤٠دا دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەوماوەیە دا تادەگاتە ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٧،٤٦ وەک کەسێکی چالاک و ئەندامو بەرپرسی حیزبی لەو ناوچەیەدا تێکۆشانی هەبووە و هاوکاری شۆڕشی کوردستانی عێراقیشی کردوە و تەنانەت لە زۆر بواردا لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق هاوڕا نابێ و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کاری حیزبیدا کێشەی بۆ دروست بکرێ.




بە دوای راپەڕینی ساڵەکانی ٤٧،٤٦ دا بەشێکی زۆر لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزب کەوتنە زیندان. شەهید مەلارەسووڵ یەکێک لەو کەسانە بوو کە گیراوو رەوانەی زیندانی جەڵدیانی پیرانشار کرا. پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر ناردیانە زیندانی ورمێ و چەند مانگێک لە ژێر سەخترین ئەشکەنجەکانی ساواکدا خۆی ڕاگرت و بەربەرەکانی کرد. بە هۆی ئەم ئەشکەنجە سەختەوە یەکێک لە چاوەکانی تانەی کەوتبۆسەروو بە باشی نەیدەتوانی پێی ببینێ.
مەلارەسووڵ پیاوی رۆژی تەنگانە بوو. قەت ئەشکەنجە و ئازار نەیتوانی ئیرادەی پۆڵایینی ئەو تێکۆشەرەی دێموکڕات تێک بشکێنێ. سەر ئەنجام ڕێژیمی شا نزیک بە چوار ساڵ حوکمی زیندانی بۆ بڕیەوە. وەک بۆ خۆی دەیگێڕایەوە: لە زیندان دا چونکە لە سەر کاری سیاسی گیرابوو، ڕێزێکی زۆری لە لایەن زیندانیەکان بۆ دادەنرا.
بۆ ئیسپاتی زیاتری کاروتێکۆشانی شەهید مەلارەسووڵ گەردی لە دەورانی رژێمی پەهلەویدا دەتوانین ئاماژە بە کتێبی ( چپ در ایران به روایت اسناد ساواک ، حزب دموکرات کردستان جلد اول) بکەین کە لە لاپەرەکانی ٢٨٨،٢٨٩،٢٩٠،٢٩٦،٢٩٧،٢٩٨،٣٠٥،٣٣٣،٣٣٤ دا، دوژمنەکەی ئاماژە بە تێکۆشانی شەهید مەلارەسووڵ گەردی لەو کاتیدا دەکا.
لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا شەهید مەلارەسووڵی گەردی گەشایەوەو ئەو رۆژەی ئارەزووی دەکرد و خەباتی بۆ دەکرد هاتە دی. ئەو بە تەواوی وجودی یەوە کەوتە فەعالیەت و تێکۆشان. رۆژ رۆژی مەلارەسووڵ بوو. خەڵکی هان دەدا کە دوا ئاسەوارەکانی نیزامی گەندەڵی پاشایەتی لە نێو بەرن و دەست بە سەر دامو

سڵاو لە شەهید مامۆستا مەلا ڕەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی

دەزگا حکومیەکان دابگرن.

خۆشەویستی مەلارەسووڵ لە ناوچەی پیرانشار دا بە جۆرێک بوو کە ژن و پیاو، پیرو لاو لە دەوری کۆ دەبوونەوە، ئەویش لە هەموو دەرفەتێک دا قسەی بۆ دەکردن. لە گەڵ پەیدا بوونی شنە بای ئازادی و زیندوو بوونەوەی رێکخراوەکانی حیزبی، مەلارەسووڵ وەل ئەندامێکی دڵسۆز و چالاک و تێکۆشەری حیزبی دێموکڕات نەخشی خۆی بە چاکی گێراو لە نزیکەوە لەگەڵ رێبەرایەتی حیزب پێوەندی گرت.

لەگەڵ دامەزرانی رێکخراوی حیزب لە پیرانشار بە ئەندامی ئەو رێکخراوەیە هەڵبژێردراو تێکۆشانی بێوچانی خۆی لە مەرِ ناساندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەست پێ کرد. لە جێژنی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، واتە ٣٤ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات وەک نوێنەری کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشان بۆ خەڵکی دواو پەیمانی نوێ کردەوە کە هەتا ئاخرین ساتەکانی ژیانی لەو حیزبە و لە دەستکەوتەکانی پشتیوانی دەکا. کە بەحەق ئەو بەڵێنیەی خۆی بەباشی بەجێهێنا.



شەهید مەلارەسووڵ گەردی لە لایەن ناحەزانی حیزبەوە زۆری هەوڵ بۆ درا کە حیزب بە جێ بێڵێ. زۆر بەرچەسپی نارەوای لێدرا، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە مەلارەسووڵ دارێک نەبوو کە بەم بایانە بلەرزێ. ئەو کەسێک نەبوو کۆڵ بداو سەنگەر چۆڵ بکا. مەلارەسووڵ هەر شتێک پێ راست بوایە دیفاعی لێ دەکرد. بۆی گرینگ نەبوو لەگەڵ کێ بەرەورِوو بێ و لەگەڵ کێ موبارزە بکا.

مەلارەسووڵ بە ڕاستی ئینسانێکی قسە خۆش بوو، زۆر مەجلیسی دانیشتنی بە قسەی خۆش دەرازاندوە. ئینسانێکی روح سووک و پاک و خاوێن بوو. ئەوانەی لە نزیکەوە دیتبوویان شاهیدی بۆ ئەو راستی یە دەدەن. ئەو زۆر ڕقی لە ڕیش بوو، دەیگوت ڕیش مرۆڤ مرچ و مۆن دەکا.

ئەو لەگەڵ ئینسانی قازانج ویست و هەلپەرەست و لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە باری ئەخلاقیەوە داوێن پاک نەبوون بە توندی بەربەرەکانی دەکردو ئەو جۆرە کەسانەی ریسوا دەکرد.

شەهید مەلارەسووڵ گەردی لە رێکەوتی ( ١٣٥٩/٣/١٠ تا ١٣٥٩/٣/٢٠ ) یەک دەورەی تەشکیلاتی دیوە.

لە کۆنفرانسی ساڵی ٥٨ تا کۆنفرانسی ساڵی ٦٢ بە هۆی دەنگ دانی نوێنەرانی بەشدار لە کۆنفرانسەکان بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار هەڵبژێردراو دوای تەقسیمی کار لە لایەن کۆمیتەی شارستانەوە هەتا رێکەوتی ١ی خاکەلێوەی ساڵی ٦٣ بە بەرپرسی کۆمیتەی پیرانی پیرانشار دیاری کرا.

مەلارەسووڵ لەو ماوەیە دا لەگەڵ گیرو گرفتی زۆر ئەساسی بەرە و روو بوو کە هێندێک لە ناحەزانی حیزبی دێموکڕات لەو مەڵبەندە دا دەیانخوڵقاند کە هەمووی بە زەرەری حیزب و گەل تەواو دەبوو. ئەو ماوەیە قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵی و لە بەرابەر ئەو جۆرە کەسانە دا دەستی دایە فەعالییەت و تێکۆشان. گوند بە گوندو ناوچە بە ناوچە گەڕاو تەبلیغاتی کرد تا روکاری دزێوی ئەو هەلپەرەستانە بە خەڵک بناسێنێ.

بە راستی لەو ماوەیە دا زۆر ڕەنجی کێشاو زۆری کار کرد تا توانی بە هاوکاری هێندێک کادری دیکەی دڵسۆزی حیزب، ئەو تاقمە سەرلێشێواوە واتە: ( رەحمان کەریمی و داروودەستەکەی) بە حیزب و گەل بناسێنێ و لە قاویان بدا.

کاتێک ئەو راستی یە بە باشی خۆ دەردەخاو هەست پێدەکرێ و ڕادەی دلسۆزی، خۆراگری، بەتەحەممولی، نەبەزی، سەداقەتوو بوێریەکەی مەلارەسووڵ گەردی دەنرخێندرێ کە گوێ ڕابگرین بۆ وتە بە نرخەکانی شەهید دکتۆرسادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پرسەی ئەو تێکۆشەرەرە دا، کە لە سالۆنی بنکەی دەفتەری سیاسیدا بەرێوەچوو.

شەهید مەلارەسوول کادرێکی بە ئەزموونی سیاسی_ تەشکیلاتی بوو کە زۆر زوو دەیتوانی جێگای خۆی و حیزبەکەی لە نێو دڵی زەحمەتکێشانی شارو لادێ دا بکاتەوە.

مەلارەسووڵ گەردی لە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی بە دژی جاش و پاسدارەکانیش دا ئینسانێکی بە غیرەت و بە شەهامەت بوو. شەرەکانی ئەو دەمی ناوچەی پیرانشار هەموویان شاهیدی بۆ ورەی بەرزی مەلا رەسووڵ دەدەن.

شەڕی جەڕان و گوندی دەشتی گەنمان و زۆر شەڕی دیکە ئەوەمان وەبیر دێننەوە کە چۆن شەهید مەلا رەسووڵ لە گەڵ پێشمەرگەکانی هاوسەنگەری، سەنگەری دەگرت و بڕواو هیممەتی دەدانێ. لە هەر شوێنێک دا بە دژی حیزب هەڵوێستێکی نارەوا گیرابا، مەلا رەسووڵ بەش بە حاڵی خۆی ئەوەی لە دەستی هاتبا بۆ بەرپەرچ دانەوەی تێدەکۆشا.

لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٣ شەهید مەلارەسووڵ گەردی لە گەڵ کاک سەیدعەلی هاشمی بۆ سەردانی ماڵ و منداڵ دەگەرێتەوە باشووری کوردستان، بۆ شارۆچکەی ژاراوێ. دوژمن بۆ زەربە لێدان لە مەلارەسووڵ گەردی و باقی تێکۆشەرانی رێگای رزگاریی کوردستان بەردەوام لە پیلان دانانەوە دابوەو لە دەرفەتێک گەراوە بۆ ئەوەی لە داویان بخا. سەرەنجام رژێمی ئاخوندی بە هۆی چەند جاشی سەنگەسەری کە پێوەندی دولایەنەیان هەبوو لە گەڵ رژێمی ئێران و عێراق، پیلانەکەی جێبەجێ دەکرێ و کاتێک شەهید مەلارەسووڵ و کاک سەید عەلی هاشمی لە سەنگەسەر میوانی کاک قادرلاجانی دەبن، شەوێ دەورەیان دەدرێ و لە چوار لاوە لە سەربانی و لە حەوشەرا دەسرێژیان لێدەکرێ، بەهۆی ئەو تەقەلێکردنەوە بەداخەوە کاک قادرلاجانی شەهید دەکرێ و مەلارەسووڵ گەردی و کاک سەیدعەلی هاشمی بریندار دەکرێن، کە بەداخەوە کاک سەیدعەلی هاشمی بە هۆی قورسی برینەکەی، لاقەکەی دەبڕیتەوەو ئەندامێکی لەشی خۆی لە دەست دەدا.

مەلارەسووڵ گەردی لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی تا کۆنگرەی ٧ لەسەر داوای کۆمیتەی شارستانی پیرانشار کاری قەزایی لەو کۆمیتەیە وە ئەستۆ گرت. پاشان لە سەر بڕیاری کۆمیسیۆنی سیاسی_ نیزامی و مواققەتی کۆمەڵایەتی لە بەشی قەزایی زیندانی ناوەندی حیزب دا کاری بەرێوە برد.

دواتر لە سەر پێشنیاری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی و مواققەتی دەفتەری سیاسی لە سەرەتای ساڵی ٦٧ واتە رێکەوتی ١٣٦٧/٧/١ وەک بەرپرسی ئاسایشگا دیاری کرا. شەهید مەلارەسووڵ لەو ئۆرگانەش دا لەگەڵ کەم ئەندامەکان و نەقوستانەکانی حیزب وەک باوکێکی دڵسۆز دەجووڵایەوە و گوێی بۆ دەردو ئازارەکانی ئەوان رادەگرت و ئەرکی خۆی لە مەر ڕاگەیشتنی گارو باری ئەوان زۆر بە باشی بەرێوە دەبرد. بۆ روون بوونەوەی کاری دڵسوزانەی ئەو لەو ئۆرگانە دا رەنگە هەر ئەوەندە بەس بێ کە گوێ لە بیرەوەری کاک محەممەد فەقێ عەلی


یەکێک لە هاوسەنگەرانی ئەو لەو ئۆرگانەدا رابگیرێ کە لە لاپەرەیەکدا بۆ یادی ٢٠ساڵەی شەهید بۆ بنەماڵەی گەردی ناردوە و خۆی بە قوتابی شەهید مەلارەسول گەردی ناساندوە.
مەلارەسووڵ گەردی لە بەرابەر دوژمنانی گەل و حیزبەکەی دا، بێرەحم و لە موقابیل نیشتمانپەروەران و هاوسەنگەرانی دا مرۆڤێکی بەروحم بوو.
ئەو عەلاقەیەکی زۆری بە رادیۆ دەنگی کوردستان هەبوو. کاتێک گوێی بۆ ژیان و بەسەرهاتی پێشمەرگەکان رادەگرت خۆی پێ رانەدەگیراو چاوەکانی پڕ دەبوون لە فرمێسک و بە چاوانی دا دەهاتنە خوار. ئەم رۆڵە دڵسۆزەی دێموکرات بە خەبەری شەهید بوونی هاوسەنگەرانی زۆر تێک دەچوو.
گوێی بۆ هەموو بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستان رادەگرت و دەیگوت دەنگی کوردستان وەک مامۆستایەک وایە کە شتمان فێر دەکا.
شەهید مەلارەسوڵی گەردی رێزی زۆری لە خێزانی و منداڵەکانی دەگرت و هەڵسووکەوتی زۆر دێموکراتانەی بەرامبەر بە هەموویان هەبوو. بە حوکمی ئەوەی خێزانی لەو ماوەیە دا کە هاوژیانی بوو و زۆر تاڵی سوێری ژیانی لە گەڵدا چەشتبوو و لە زۆر بوار دا هاوکارو هاوسەنگەری بوو رێزێکی بێ پایانی بۆ دادەناو هاوفکری لە گەڵدا دەکرد.
بۆ مەلارەسووڵ خیزانی بە تەنیا شەریکی ژیانی نەبوو، بەڵکوو هاوکارو هاوفکرو باوەرپێکراو شەریکی کاری سیاسی ئەو بوو،چونکە خیزانی لە نەبوونی مەلارەسوڵ دا وەک دایکێک ئەرکی خۆی بەرامبەر بە منداڵەکانی بەجێدەگەیاند و لە جیاتی مەلارەسوڵ بۆ منداڵەکانی ئەرکی باوکێکی دڵسۆزیشی بەجێدەهێنا.
دەتوانین بە راشکاوی بڵێین خاتوو ئایشە دەورانی هاوسەرێکی بە وەفا و ماندوویینەناس و ئەمەگناسێکی کەموێنەیە لە ناو ژنی کورد دا کە بەو شێوەیە دەست لە هەموو خۆشی یەکانی ژیان هەڵبگرێ و ٧ منداڵ بەو هەموو دەردەسەری و سەختی‌یەی ٢ رژێمی شاو خومەینی بۆ نەتەوەکەی پێبگەیەنێ. سەرەرای ئەوەش مەلارەسووڵ گەردی باوەری بە مافی ژن هەبوو و لەو سۆنگەیەوەش رێزی زۆری بۆ ژنان دادەنا.
دایکم سەبارەت بە ژیانی دژوار و پڕمەشەقەتی خۆی دەڵێ: بەداخەوە تەنیا دایکی واتە ئامینی مەلاساڵح بە هەموو ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی خۆی پشتیوانی سەرەکی بووە بۆ بەربەرەکانی ئەو ژیانە سەختە و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵەکان و هەروەها هاوکاری مەلارەسووڵ بووە بۆ ئەوەی بێخەم کوردایەتی و حیزبایەتی خۆی بکا.



بۆیە دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم کە هەم دایکم و هەم نەنکم دەورێکی ئەساسی یان لە ژیانی سەربەرزانەی باوکی شەهیدم دا هەبوەو ئەوان پشتیوانی یەکەم ودواتریش هەوڵ و تێکۆشان و ماندوویی نەناسی وبیروباوەرەکەی خۆی لەو خەباتە دا دەوریان بینیوە.
دیارە لە کاتی زیندانی باوکم دا، نە خزمانی خۆمان نە خەڵکی ئاسایی نەیانتوانیوە لە ترسی ساواک بە ئاشکرا هاوکاری دایکم بکەن.
شەهید مەلارەسووڵ گەردی هونەردۆست بوو و رێزی زۆری بۆ هونەرمەندان و گۆرانی بێژەکان دادەنا. هەر کە زانی کورەکانی زەوقی هونەرییان هەیە و کاری هونەری دەکەن پێشی بەو کارەیان نەگرتوو تەنانەت هانی دەدان کە لەسەر کارەکەیان بەردەوام بن. بۆ خۆی گوێی لە گۆرانی و مۆسیقاکەیان رادەگرت. لە کاتێدا کە لە منداڵەکان دوربوو کاسێتی دەنگی ئەوانی لە لابوو و لە کاتی وەڕەزیدا گوێی لێرا دەگرت.
بۆ خۆی گوێ بۆ دەنگی گۆرانی بێژانی وەک: حەسەن زیرەک، ماملێ،خالەقی،تاهیر تۆفیق،علی مەردان و لاوک بێژانی وەک : کاوێس ئاغا،محەمەدعارف جزیری،ئایشەشان و حەیران بێژانی وەک: محەمەد ئۆمەراوەیی،حەسەن رەسوڵ سیساوەیی و خدر دەرزی رادەگرت.
شەهید مەلارەسوڵ ئینسانێکی مەسئول بوو لە بەرابەر هەموو ئەوانەی بە جۆرێک پێوەندی لە گەڵ هەبوون، هەروەها زۆریش بە عەتف بوو. لەکاتی بەتاڵیدا سەردانی خزم و دۆست و ئاشنایانی دەکرد. مەجلیسەکانی بە قسەی خۆشدەڕازاندەوە. ئێواران کە لەکار دەگەرایەوە نەوەکانی لە باوەش دەگرتوو لە گەڵ خۆی قەدەمی پێ‌لێدەدان.
رۆژی ٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی بەرابەر بە ١٩٩١/١٠/٢٩ زایینی کاتژمێر ٨ی سەر لە بەیانی کاتێک خۆر گزینگی دەر کردبوو بە هۆی خۆفرۆشانی سەربە رژێمی ئاخوندی ماشێنێکی مینرێژکراو بە کۆنترۆل لە رێگای دوورەوە لە کاتێکدا تەقێندرایەوە و کە ماشێنی مینی بووسی بنەماڵە و ئەندامان و کادرەکانی حیزبی کە بەرەو نەخۆشخانەو شوێنی کار دەچوون. بە هۆی ئەم جینایەتەوە مەلارەسووڵ گەردی و حەسۆ عەلیپوورو جەلیل مامایی شەهید بوون و بەشێکی زۆر لە سەرنشینەکانی دیکەی بووسەکە بریندار کران. بەم جۆرە لاپەرەیەکی دیکەی تاوان و تیرۆر بە کارنامەی رەشی ئاخوندەکانی ئێرانەوە زیادکرا.

## لە دونیای سەفەرێکی ئەبەدی دەدوێم!؟

رۆژو مانگ وساڵ رابردوون. ئێستاش دەنگی زەنگی دەرگا لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. بڵێین چی بەو سەحەرە قاسید تاوانێکی گەورەی نەکردبوو، تەنیاوتەنیا ویستبووی پەیامی رۆژگاری بێوەفامان پێ راگەیەنێ، کە چۆن بە پێی حەزو ویستی خۆی چ تاکێکی ئەم جیهانەی بوێ بە بەرداشەکانی خۆی دەیهارێ.



چ مناڵێک هەیە حەز نەکا لە ژێر سێبەری چەتری سۆزو خۆشەویستی و موحیبەتی باوکانەدا، لە شەوە دووردورێژەکانی ساڵدا هێدی و هێور لە سەر ئەژنۆی باوکدا خەوی لێنەکەوی و نەچێتە جیهانی خەونە ئاڵتوونیەکان.
کاتێک شەوان لە ژێر تیشکی تریفەی مانگە شەودا لە شەوە ساماڵەکاندا کە ئێمەی مناڵ چاومان دەبریە ئەستێرە درەوشاوەکان و لە رێگا کاکێشەکانی نێو ئاسمانی ساو رادەماین، داپیرەمان خەون و سەربردەی ئەو سوارچاکانەی بۆ دەگێرایەوە کە بۆ بەگژ دا چوونەوەی زوڵم و ستەمی شاهانی ئەفسانەکان، ئەسپەکانیان لە خوێندا دەگەوزی و نوکی شمشێرەکانیان دەشکا، بەڵام ئەوان هەروا لە پەلوپۆ نەدەکەوتن و قارەمانانە دەجەنگان تا ئازایی و سوارچاکی ئەوان لە دەفتەری بیرەوەریداو لە تۆماری جیهانی نەمریەکاندا بمێنێتەوە.

سڵاو لە شەهید مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی و هاورێیانی

لە دوای تەواوبوونی چیرۆکەکان، ئێمەی مناڵ بەدەم خەونووچکەوە پرسیاری باوکمان لە داپیرە دەکرد کە بۆچی نەگەڕاوەتەوە؟ داپیرە لە سەر خۆ و بە ئەسپایی وڵامی دەداینەوەو دەیگوت: ڕۆڵەکانم بخەون! باوکتان چووە بۆ شار کە هاتەوە دیاریتان بۆ دەهێنێ. ئێمەی مناڵیش زۆر بە قەناعەتەوە چاوەکانمان دەخستنە سەر یەک و خەو دەیبردینەوە.

باوکە گیان! زۆر لەو شەو ڕۆژانەش تێپەڕیون کە بەدەم بزەی شیرینی سەر لێوەکانت شاگەشکە دەبووین و لە شەوانیشدا لە دوای شەو باش خۆمان دەکێشایە ناو جێگا.

بەڵێ! ساڵ هاتن و ڕۆیشتن، لە گەڵ یەکەم چەخماخەی شورش و خەباتدا، تۆش لە گەڵ هاوبیرانتدا بووی بە پەیکی شورش، بەجێی مێرگ و مەزرا و دەشتە سەوزەکان و کۆری گەرمی جووتیارە دەست قەڵشیوەکان، ئەمجار خۆت لە ناو ئاپۆرای هاوڕێکانتدا لە چیا بەرزو سەرکەشەکان دیتەوە، بە لە بەر کردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە، بویە وێردی سەر زمانی مناڵانی تینووی ئەوینی ئازادی. منیش لە گەڵ بیستنتی وشەی پیرۆزی پێشمەرگە، گەزگەز بڵیند دەبووم و هەستم بە شانازی دەکرد کە باوکی منیش یارویاوەری کەسانێکە کە قسە لە ژیانی سەربەستانەی گەلەکەی دەکاو دەیهەوێ بە داگیرکەرانی بسەلمێنی کە بەری ڕۆژ بە بێژینگ ناگیرێ و کاتی ئەوە هاتووە، نەتەوەکەی خۆی قسە لە چارەنووسی خۆی بکاو خۆی دیاری بکا.

پێشمەرگە، چیا، بەفر، خوێن، ئەوانە کۆمەڵێک وشەن کە پێناسەی باوکم و هاوڕێکانی بوون لە نێو کۆمەڵی خوازیاری ژیانی سەربەستانە.

باوکەگیان! دیارە ئەو سەفەرە ئەبەدیەی کردت زووبوو، منیش ئێستا لەم ئان و ساتەدا کە لێی دەدوێم، دڵنیام بەرەو دونیای سەروەریەکانی بردووی. هەموو بەهارێک لە گەڵ پشکوتنی گول و گژوگیا و لەگەڵ دەرکەوتنی گوڵاڵە سورەکان کە وەک خوێنی تۆ ئاڵن، پۆل پۆل عاشقانی ڕێگەی پڕ سەوەریت دێنە سەر گڵکوکەت و پەیمانت لەگەڵ نوێ دەکەنەوە.

لێرەدایە من لە دونیای نامۆبوندا و لە نێو ئاپۆرای غەریبیاندا دەکەومە جیهانی بیرەوەریە شیرینەکان و سادە هەناسەیەک هەڵدەکێشم و خوازیاری ئەوەم کە ئیتر چیتر باوکەکان لە ڕۆلەکانیان دانەبڕێن و بێنازیان نەکەن. لەبەر ئەوە سوێند دەخۆم بە جەستەی سووتاوت کە زۆربەی لە ناو ئاگری بێئاماندا بوو بە خۆڵەمێش، وەفاداربم بە ڕێبازت.

دڵنیابە ڕۆژێک دادێ ڕق و قینی شورشگێرانەی خەڵکی وڵاتەکەمان، وەک ئاگرێک داوێنی دەستەڵاتدارانی مێژەر بە سەر دەسووتێنێ بۆ هەمیشە دەیانخاتە زبڵدانی مێژوو.

پێشکەشە بە یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدکرانی باوکم

ئیبراهیم گەردی ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١١

## یادێک لە شەهید مەلارەسووڵ گەردی، ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران




حامید ڕەشیدی زەرزا

شەهید مەلارەسووڵ گەردی ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو تێکۆشەرانە بوو کە لە سەردەمی شا، لە ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی لەگەڵ کۆمەڵێک مەلای زاناو نیشتمانپەروەر و گیان لە سەر دەست و ئاگادار بە دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان، بە دەستی تۆڕی ساواک گیرا.

ئەو مەلایانەی کە ناوم وەبیر ماون بریتی بوون لە:

مامۆستا ئەبووبەکری فەلسەفی، مامۆستا حەسەن شەیدایی، مامۆستا مەلا محەممەد مەزن، مامۆستا مەلا نەجمەدین کەوکەبی‌و مامۆستا مەلا خالید خاکی و هتد.... هەموویان لە پێوەندی لەگەل حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران یانی شۆڕشی چەکدارانەی شەهید سولەیمان موعینی و هاڤاڵانی، کە لە بناری لێڕەواری سەردەشت بەڕێوە بوو، لە لایەن دادگای زەمانی جەنگی جەڵدیان لە ژێر چاوەدێری تیمسار ئەوەیسی کورد کوژ، حوکمی زیندانی دورو درێژیان بەسەر دا سەپاندرا. مامۆستا مەلارەسووڵ گەردی یەکێک لەو مامۆستا چاونەترس و بەغیرەت و کۆڵنەدەر و خەباتگێڕ و ئازایانەی ئەو کات بوو. شەهید ئینسانێکی دەم بە پێکەنین و مدارا و قسە خۆش و دڵپاکو دروستکارو کوردیکی بە هەڵوێست بوو. ئەو کات



بەندیخانەی گۆلی ورمێ لە ئازادیخوازانی کوردستان هەر جمەی دەهات. بە تایبەت لە سەر هەڵدانی شۆڕشی شەهید کاک سولەیمان موعینی کە ئەمن لە کتێبی (کورتە باسێک لە سەر چەند ڕووداوی مێژوویی) ئاماژەکی کورتم پێکردوە کە لەسەر ماڵپەڕی پێشمەرگەکانە، شەهید بە حەق لە ناو زیندانیش مرۆڤێکی کۆڵنەدەرو موکر لە سەر هەڵوێست و بیرو باوەڕی کوردانەی خۆی بوو.

شەهید مەلارەسووڵ گەردی، دوای سەرکەوتنی ئینقلابی گەلانی ئێران هاو هەنگاوی ئەو هەموو مامۆستایانەی خۆشەویست و گەل و نیشتمانپەروەر لە ریزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و سەفی خەباتی گەلی کورد دابوو، بەڵام تێکۆشانی چڕو پڕو توندوتیژی شەهید لە دوایەکاندا گەلێک پەرەی گرت و چالاکیەکانی دوژمن تەزێنانەی گەلێک ئاوازەی دایەوە. بۆیە قین لە دڵان کە ورەی خۆ لە بەر ڕاگرتنیان لە ئولکەی شەڕو پێکدادان نەبوو پەنایان بردە بەر پیلان و بە هۆی سیخوڕ شوێنی پێداهاتووچوونی شەهید مەلارەسووڵ و شۆڕشگێڕانی تریان گرتە بەر چاوەدێری و لە سەر ڕێگای ئێنزی لە سالی ١٩٩١ مینیان بۆ دانابۆوە کە بە داخەوە لەگەڵ حەسۆی کوڕی مرادی گردەسووری کە ئەویش ناوبانگی بە غیرەتی و چاونەترسی دۆڵ و گەڵی پڕ کردبوو و هەر وەها جەلیل حەجەم شەهید بوون. با بە یادکردنەوە لەو کەڵە پیاوانە بیرەوەریەکانیان لە بەر چاو زیندوو کەینەوە، حەیفە ئەو جۆرە پیاوانە لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانەوە یادیان لێ نەکرێتەوە و خەبات و ماندوو نەناسی و کارامە بوون و تێکۆشەری و ڕێبازیان بۆ خەڵک ،بە تایبەت بۆ لاوانی وڵاتەکەمان بە هەراوی شی نەکرێتەوە و ڕۆژێ هەزار ئافەرینیان بۆ نەنێردرێت.

سڵاو لە رووحی پاکی شەهید مەلارەسووڵ و هاوڕێیانی و سەرجەم شەهیدانی گەلی کورد

شاری سیدنی ئوسترالیا - ٢ی ئاگوستی ٢٠٠٨ی زایینی

سڵاو لە شەهید مامۆستا مەلا ڕەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی

## شەهیدی نیشتمان



د.حوسێن خەلیقی

بەرێز کاک خالیدی گەردی، کورتەیەک لە ژیانی نەمر ماموستا مەلارەسووڵی گەردی باوکی تێکۆشەری بۆناردم. بێجگە لە پێوەندی نێوان خۆی وهاوسەرەکەی، لەگەڵ گشت ئەوپەیو و دەربڕینانە دا، ئاشنا بووم کە لە ژیاننامەکەدا هاتبوو. ئاشنابووم، چونکە لە کاتی پێشمەرگایەتیدا و لەدەورەی هەڵوەدابوونی هەردووکمان لەگەڵ ئاپۆرەی هاوسەنگەرانمان، لە زاری خەڵکی ناوچەی پیرانشار و ئەوانەی ساتێک یان کاتێک ماموستایان دیتبوو یان ناوبانگیان بیستبوو، گەلێک لەوە زۆرترم بیستبوو. ماموستای نەمر، لە چوارچێوەی خوێندنی حوجرەی فەقێیاندا و لە دوو توێی پەرتووکە پەرە زەردەکانی شەریعەتی ئیسلامی هەڵهێنجراو لە فەرهەنگی دەورەجاهیلی عەرب و پێشتر، وانەی شۆرشگێریی، فێر ببوو! لە خوێندنەوەی ئەو هەرمەگوڵخارە دا، هەستی بە جیاوازی نێوان چین وتوێژەکانی کۆمەڵ کردبوو وتێگەیشتبوو، کۆمەڵێک تەوەزەل وبێکارەو هەل پەرست وهەل وەچنگ کەوتوو، لە بەروبووی رەنجی شان و ئارەقی نێوچاوانی پاڵەو کرێکارو وەرزێر وجووتیار، دەخۆن و بە سەریانیشدا ستەمگەریی دەکەن! هەربۆیەسەرەرای ئەوەهەلوومەرجی ژیانی لەوچەشنەی ئەو بەگژیدا چووبوو، داوای دەکرد، لە بواری ململانی لەگەڵ دەرەبەگەکانی ناوچەدا، وەک زۆرلەمەلاکان هەندێک نەرمکێش بێ، تاژیانی مەلایەتی بێدەردیسەر بەرێتەسەر، قۆڵی لێهەڵماڵی ولەگەڵ ژیانی سەرفیترەخۆری وملکەچیی سەرفیترەدەران، ماڵئاوایی کرد. چوونکە ئاگای لە هۆنراوەکەی ماموستا مەلاسادقی نگڵ بوو کە فەرمووبووی:



"سەرفیترەخۆرسەری لەنگەدەزانم کەخوێندوومەلە خزمەت ماموستاما"

ماموستای هاوسەنگەری من، لەخزمەت ماموستای ویژدانی هۆشیاری خۆیدا، ئەم وانەی خویندبوو، بۆیە پەنای بردەبەر جووتیاریی وتێکۆشا، دەستی ماندوو لە سەرسکی تیر دابنێ ورێگا بۆ زوانی خۆش بکا وەک دەربری هەستە خاوێنەکەی ، دژ بەستەمکارانی نەتەوەیی وناوچەیی، هەڵوێست بگرێ،و ئاکامی ئەم هەستە خاوێنەش، وەئەستۆ بگرێ.

لە قەندیل بۆ ماوەیەکی درێژ، لەگەڵ ماموستای نەمر، پێکەوە کارمان دەکرد. چ لە بەشی دادوەریی وچ لە کاتی بەرپرسایەتی ئاسایشگای هاوسەنگەرە نیوە شەهیدەکانماندا.

لەو ماوەدا، ماموستای نەمرم ئاوا خوێندەوە: خاوێن و رەفتار رێک وپێک و بە بەرنامەو خۆشرەو، دڵسۆز بۆ سامانی حیزب وهەیی ونەیی هاوسەنگەرەکانی. بە ئاشکرا بیرورا دەربڕین وچالاکانە هەوڵدان بۆ هەڵسووڕانی ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی، بەشێک لە پەسنەکانی ئەوبوون. کاتێک ئاژاوەکەی کونگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکرات هاتەپێشەوە! لە بەندیخانە، هەندێک گیروگرفت بە ئەنقەست، ئافرێندرا! کە چوومە ئەوێ، ماموستام زۆر بە پەرێشانی دیت. پرسیارمکرد، هاورێ! چ قەوماوە؟ گوتی:' دەتەوێ چ بقەومێ؟ دەیان کەس لەدوژمنەکانی ئێمە لە مەیدانی ململانێدا بە دانی چەندین شەهید، بە دیلیی گیراون و ئێستا لە بەر ئەو کێشە پرێیشە، هەندێک لەوانە کە کەمیش نین، نایانخەنە ژێر چاوەدێرییەوەو خۆیان لە پاسەوانییان ئەدزنەوەو خەریکن رێگایان بۆ خۆش بکەن برۆن و ئەوانیش لە دەرفەت دەگەرێن هەڵێن!!" پێمگوت: "نیگەران مەبە، چارەسەری دەکەم". دوای سەرکۆنەکردنی هاورێیانی لەو چەشنەو چارەسەر کردنی گرفتی ئەوانو بەندییەکان، ماموستا بزە لە لێوانیەوەهات و فەرمووی. ئێستا، دەتوانم بڵێم، گیانم ئاسوودەبووە. مەبەستم ئەوەیە، زۆرکەمن ئەوانەی، هەمووهەست وتێرامان و راوراوێژیان، پاراستنی بەرژەوەندیی گەل وشۆرش بێ.

گیانی هەموو شەهیدانی کوردستان شادو گیانی نەمر ماموستا گەردیش بۆ هەمیشە ئاسوودە بێ که ژیانی خۆی بۆ رزگار کردنی خەڵک و خاکەکەی فیداکرد.

٢٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١١ سوید

## قسەکانی خالید گەردی بۆ یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی شەهید مەلا رەسووڵ گەردی



دیارە ئەگەر بمهەوێ لە سەر کەسایەتی شەهید مەلارەسووڵ گەردی بە وردی قسە بکەم رەنگە لە بەرنامەیەکی ئەوتۆ دا نە ئەو دەرەتانە هەبێو نە دەکرێ وا بە وردی بچینە نێو ئەو باسانە کە پێوەندیان بە ژیانی شەهیدەوە هەیە. بەڵام دەمهەوێ بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرینگ لە ژیانی شەهید مەلارەسووڵ گەردی بکەم کە هەر کامەیان بۆ خۆی دەتوانێ دەرسێک بێ بۆ ئەوکەسانەی کە لە خەباتو تێکۆشانی گەلەکەیان دا فیداکاریان کردوە، وە بۆ ئەو کەسانەش کە دەروانن مێژووی تێکۆشەرانی دێموکرات، لەو کارو تێکۆشانو فەعالییەتەی ئەوان دەرس وەرگرن.

شەهید مەلارەسووڵ گەردی ساڵی ١٣١١ی هەتاوی لە گوندی شیناوێی سەر بە ناوچەی پیرانشار لە بنەماڵەیەکی ماماوەندی دا لە دایک دەبێ. ئەو کات دەتوانێ هەتا پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەرس بخوێنێو دواتر درێژە دەدات بە خوێندن لە حوجرەی فەقێیان داو سەرەتا دەبێت بە ماموستای ئایینی.

خاڵێکی گرینگ کە لە ژیانی ئەو مرۆڤە دا زۆر جێگای لێ وردبوونەوەن ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای ژیانیەوە ئەو مرۆڤە هەست بە چەوسانەوەی گەلەکەی دەکات. خۆشەویستیەکی تایبەتی دەبێ لە ناو دڵی هەموو چینو توێژەکانی زەحمەتکێشانی ناوچەی پیرانشار دا.

بە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی پێوەندی دەکا بە حیزبی دێموکراتی کوردستانو دواتر دەبێتە ئەندامێکی تێکۆشەری ئەو حیزبە. لە درێژەی فەعالییەتی خۆی دا لە کاری سیاسی بە هۆی کارو چالاکی و تێکۆشانی ناوبراو لە بواری سیاسی دا سێ جار زیندانی دەکرێ کە ماوەی نزیک بە چوار ساڵ دەبێ. لە زیندانی رێژیم دا تووشی ئەشکەنجەو ئەزییەت و ئازارێکی زۆر دەبێت، بەڵام هیچ کام لەو ئەزیەت و ئازارانە کۆڵی پێ نادەن و ناتوانن لە خەبات و تێکۆشان بی وەستێنن.

چەند خاڵێکی گرینگی دیکە کە پێوەندی بە ژیانی ئەو مرۆڤەوە هەیە، لە باری سیاسیەوە کەسایەتی‌یەکی پێگەیشتوو تێگەیشتو بوو. دەیتوانی زۆر بە ئاسانی جێگای خۆی لە ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا بکاتەوە. زۆر تێدەکۆشا ڕۆژ بە ڕۆژ زانیاریەکانی خۆی بباتە سەرێ. عەلاقەیەکی زۆری هەبوو بە گوێ ڕاگرتن لە رادیۆو تەلەفزیۆن و هەر وەها عەلاقەیەکی زۆری بە خوێندنەوە هەبوو. ڕۆژ بە ڕۆژ زانیاریەکانی خۆی لەو ڕێگایەوە دەبردە سەرێ.

لە پێوەندی لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵک داو لە کاری کۆمەڵایەتی دا کەسایەتی یەک بوو کە توانیبووی سرنجی زۆربەی زۆری ڕووناکبیران و مامۆستایان و زەحمەتکێشانی ناوچە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ بە مەرجێک وای لێهاتبوو کە زۆربەی خەڵکی ناوچە ئەگەر کێشەیەکیان بۆ دروست بووبایە یان موشکیلەیەکیان هەبا موراجەعەیان بەو دەکردو کێشەکانی خۆیان لەسەر دەستی ئەو چارەسەر دەکرد. مامۆستایەکی ئایینی بوو کە بیرو باوەڕێکی زۆر پتەوی ئایینی هەبوو بەڵام زۆر لە گەڵ ئەو لایەنە توندڕەوە لە دین دا نەبوو. زۆر موخالیفی ئەو خورافاتانە بوو کە هاتبوونە نێو دینی پیرۆزی ئیسلام.

لە گوندی خۆمان لە جەڕان بۆ خەڵکەکەی پێشنوێژی دەکرد بەڵام نەک وەک ئەو کەسەی کە لە سەر حیسابی خەڵکەکە بژی. زیاتر کاری کشاوەرزی دەکرد. زەوی‌و زاری هەبوو. خەڵکەکە لە ڕێگای ئەو خۆشەویستی یە و موحیبەتەی کە ئەو هەیبوو توانیان زۆر زوو هەست بە گەورەیی ئەو مرۆڤە بکەن. لە هەموو کارێک دا کاری هەرەوەزیان بۆ دەکردو هاوکاریان دەکرد.

لە باری پێوەندی عاتفی بە ماڵ و عایلە و کوڕو کچی دا ئینسانێک بوو زۆر کراوە. هیچ کاتێک نەیدەویست کە نەزەراتو بیرو بۆچوونی خۆی بە سەر ئێمە دا بسەپێنێ. زیاتر وەکو ڕەفیق بوو لە گەڵمان هەتا وەک باوکێک. هەر گرفتێکمان هەبایە دەمانتوانی بە ڕاشکاوی قسەکانی خۆمانی لە گەڵ بکەین و ئەویش قودرەتێکی ئیقناعی زۆری هەبوو بەو هەموو تەجروبەیەی کە لە ژیانی دا هەی بوو ئێمەی ڕێنوێنی دەکرد کە مەسیرێکی درووست لە ژیانی خۆمان دا بگرینە بەر. هەر ئەو نزیکایەتی و تێکەڵاویە بوو بە هۆی ئەوە کە لە ڕاپرینی پڕشکۆی گەلانی ئێران دا منیش ساڵی ١٣٥٧ای هەتاوی لە گەل باوکم بکەوم و بە کردوە بێمە نێو کارو باری سیاسی و لە گەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هاوکاری بکەم‌و ببم بە ئەندام.

شەهید مەلارەسووڵ گەردی جێگایەکی تایبەتی لە ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵک دا هەبوو. لە هەر جێگایەک کە کۆبوونەوەی کردبا و قسەی کردبا خەڵکەکە پێشوازیەکی زۆر باشیان لێ دەکرد. لەو کاتە دا کە تەشکیلاتی حیزب دەستی بە بوژاندنەوە کرد بۆ جارێکی دیکە تێکۆشەرانی دێموکڕات دەستیان کرد بە سازمان دانەوەی حیزب. شەهید مەلارەسووڵ گەردی لە گەڵ باقی تێکۆشەرانی ناوچە و مامۆستایانی ئایینی و ئەو تێکۆشەرانەی کە لەگەڵ حیزبی دێموکڕات بوون دەورێکی ئەساسیان هەبوو لە بەرەو پێش بردنی کاروباری حیزبی لە ناوچەی پیرانشار.

ئەو مرۆڤێک بوو کە بە توندی بە گژ ئەو ئینسانانە دا دەهاتەوە کە بە بێ بەهانە و بە بێ دەلیل حیزبی دێموکڕاتی کودستانیان دەبوغزاندو دوژمنایەتیان دەکرد. لەو پێوەندیە دا دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە لە گەڵ ڕەحمان کەریمی و جەماعەتەکەی بەربەرەکانی‌یەکی یەکجار توندی کرد. بۆ ئاشکرا کردن و لە قاو دانی ئەوان ماندوو بوونێکی زۆری چێشت و لەو ڕێگایە دا لە هەر چی توانای کە هەیبوو کەڵکی وەر گرت بۆ ئەوەی ئەوانە لە قاو بدا، سەرەڕای ئەوەی کە بە داخەوە ئەو کەسانەی کە لایەنگری ڕەحمان کەریمی بوون زۆر پیلانیان بۆ نایەوە، ویستیان لە ڕێگای خەوشدار کردنی کەسایەتی ئەو ئینسانە، کە ئەوە ئینسانێکی کۆنەپەرستەو دژی ڕووناکبیرانە، لەو ڕێگایەوە دەیانویست لە مەیدانی ببنە دەر، بەڵام بە هەوڵو تێکۆشانی خۆی و بەشێکی زۆر لەو ئینسانە ڕووناکبیرو تێکۆشەرانەی ناوچەی پیرانشار ئەو موبارەزەیان درێژە پێداو سەر ئەنجام ڕوی دزێوی ئەو نەفەراتانەیان بۆ ڕێبەری حیزب بە دیار خست.

خاڵێکی گرینگی دیکە کە لە ژیانی ئەو نەمرە دا بەر چاو بوو ئەوە بوو کە تێکۆشەرانی دێموکڕاتی زۆر خۆش دەویست. رادیۆ دەنگی کوردستان یەکێک لەو خۆشەویستانە بوو بۆ باوکم کە هەمیشە گوێی لێ ڕادەگرت و زۆر جار دەیگوت کە ڕادیۆ دەنگی کوردستان بۆ من وەک مامۆستایەک وایە کە هەموو ڕۆژێ شتێکی زیاتری لێ فیر دەبم. لە نێو بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان دا ئەهەمییەتێکی یەکجار تایبەتی دەدا بە بەرنامەی کاروانی شەهیدان. کە گوێی لە ژیان و بەسەر هاتی تێکۆشەرانی دێموکڕات دەبوو ئێمە هەمووومان دەمان دیت کە هەر جارێک کە ئەو بەرنامەیە بڵاو دەبۆوە، فرمیسک بە چاوەکانی دا دەهاتە خوارێ.



مەلارەسووڵ گەردی لە باری عاتفی‌یەوە ئینسانێکی بە عاتفە بوو. مرۆڤێکی بوێرو ئازا بوو کە لە جەریانی چەندین شەڕی نابەرابەریش دا کە لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم لە ناوچەی پیرانشار دا دەرگیر دەبوون، قارەمانەتی‌یەکی بێ وێنەی لە خۆی نیشان دەداو لەو بارەش دا زۆر ئازاو نەترس بوو. ئەوەی من زۆر جار لێم دیتبوو تەنانەت جارێکیان لە ناوچەی سونێ سنووری نێوان باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تۆپبارانێکی قورس کراین، لەو کاتی دا باوکم نوێژی دەکردو گوتمان بابە تۆپبارانە بۆ نوێژەکەت نابڕی، ئەو ئەوەندە بە بیرو باوەڕ بوو، ئەوەندە نەترس و ئازا بوو، هەم مەسەلەی بیرو باوەڕە ئایینەکەی و هەم نەترسیەکەی دوو شتی تێکەڵاو بوون کە دەیتوانی ئەو مرۆڤە بە هیچ جۆر لە سەر ئەو شتە کە باوەڕی پێی هەبوو، نە ترس دەیتوانی زەفەری پێ بباو نە ئەوە کە بیرو باوەڕەکەی لەق بکا.

بە هەر حاڵ زۆر خسوسیاتی بەرزو بەرجەستە لە ژیانی ئەو مرۆڤە دا هەبوون کە هەموویان دەتوانن دەرس بن بۆ تێکۆشەرانی دێموکڕات بۆ هەموو ئەوانەی کە خەبات دەکەن لە پێناوی ئازادی و بەرژەوەندی گەلەکەماندا.

شەهید دکتۆر سادق شەرەفکەندی لە ساڵۆنی دەفتەری سیاسی لەسەر شەهید بوونی باوکم و شەهید حەسۆ عەلیپورو شەهید جەلیل مامایی قسەی کرد. شەهید دکتۆر سەعید لەوێ

سڵاو لە شەهید مامۆستا مەلا ڕەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی





ئاماژەی بەوە دا کە شەهید مەلا ڕەسووڵ گەردی ٣٥ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە پێناوی ئازادی و بەختەوەریی گەلەکەی بردە سەر. هەر وەها شەهید دکتۆر سەعید ئاماژەی بەوە کرد کە مەلا ڕەسووڵ گەردی یەکێک لە کۆڵەکە هەرە ئەساسیەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بووە، لە هەر جێگایەک کە ناحەزان بە گژ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا چووبنەوە شەهید مەلا ڕەسووڵ گەردی یەکێک لەو تێکۆشەرانە بووە کە بەرپەرچی تەواوی ئەو کەسانەی داوەتەوە کە ویستوویانە حیزبی دێموکڕات بەدناو بکەن وە یان بە دژی شت بڵێن. هەر لەو پێوەندیە دا شەهید شەرەفکەندی ئاماژەی بەوە کرد کە لە جەریانی مەسەلەی ڕەحمان کەریمی دا شەهید مەلا ڕەسووڵ یەکێک لەو تێکۆشەرانە بووە کە بوێرانەو ئازایانە بە گژ ئەوان دا چووبۆوە و پیلانی ڕەحمان کەریمی و دارو دەستەکەی ئاشکرا کرد وە هیچ ڕۆژێکیش ئینتزاری ئەوەی نەبوو کە بە هۆی ئەو کردوە مەسئولانەی خۆی جارێک لە لایەن حیزبەوە ئافەرینی پێ بگوترێ. یانی یەکێک لەو کەسانە نەبوو کە کارێک بکا بۆ ئافەرینێک.

## قسەکانی ڕەحیم محەممەدزادە لە یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی مەلارەسووڵی گەردی



ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ باس لە شەهیدێکی شۆڕشگێڕ، قارەمانێکی نیشتمانپەروەری گەلەکەمان واتە شەهید مەلارەسووڵ گەردی بکاو لە باسەکەی بە ئاکامێکی دڵخواز بگا، حەق وایە بگەڕێتەوە ئەو دەورانو قۆناغە کە خەباتکارانی وەک مەلارەسووڵ تێکۆشانی تێدا کردوە، هەلو مەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتی نەتەوەیی ئەو کاتەی کە مەلارەسووڵ گەردی خەباتی تێدا دەست پێکردوە چ قۆناغێک بوو کە لەو کاتدا دیکتاتۆریەکی ڕەش بە سەر ئێران بە تایبەتی بە سەر کوردستان دا زاڵ بوو. ئەو کاتە ساواکی ئێران کە سازمانی ئەمنیەتی ئێران بوو قوولەی بە خەباتکارانی ئێران و بە تایبەتی خەباتکارانی کورد دەکرد. زۆربەی زیندانەکانی ئێران لە شۆڕشگێرانی کورد ئاخنرابوون.

ئەگەر ئێمە بمانهەوێ دەقیقتر مەلارەسووڵ گەردی بناسین، حەق وایە سەرنج بدەینە ئەو ئەسنادو بەڵگانەی کە خودی دوژمن لە سەر ئەوی بڵاو کردۆتەوە و باسی دەکا. ئەگەر ئێمە چاو لە کتێبی چەپ لە ئێران بە ڕەوایەتی ئەسنادەکانی ساواک بکەین لە زۆر جێگای ئەو کتێبە دا باس لە شۆڕشگێڕی و نەترسی و نیشتمانپەروەری مەلارەسووڵ گەردی دەکرێ. ئەوان وەکوو مرۆڤێکی نەسرەوتوو، وەکوو ئەندامێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسی دەکەن. وەکوو کەسێک باسی دەکەن کە بۆ وەدەست هێنانی ئامانجی گەلەکەی واتە ڕزگاری، نەسرەوتوانەو نەترسانە خەباتی کردوە.

لەو زەمانی دا مەلارەسووڵی گەردی سێ جار کەوتۆتە زیندانەکانی ڕێژیمی شا. جارێکیان چوار ساڵ و دە مانگ لە زیندان دا دەمێنێتەوە. هەموو جارێک کە مەلارەسووڵ لە زیندان دێتە دەرێ لە جاری پێشتر شۆڕشگێڕانەترو شێلگیرانەتر دەست بە خەباتو تێکۆشانی خۆی دەکا.



خەباتگێڕی و تێکۆشانی مەلارەسووڵ گەردی لە واقیعدا بۆ ساواک، بۆ دامو دەزگاکانی ئەمنیەتی حکوومەتی حەمەرەزا شا بە تەواوی ڕوونو ئاشکرا بوو، بۆیە دائیم ئەوان لە ژێر کۆنترۆڵیان دەگرت ولە ژێر چاوەدێری ئەوان دابوو. هەموو هەڵسو کەوتو حەرەکەتەکانی ئەویان کۆنترۆڵ دەکرد.

لەو ساڵانەی ئاخر دا کە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی حکوومەتی حەمەرەزا شا پەرەی گرتبوو، کەم مزگەوتی ناوچەی پیرانشار و ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو کە مەلارەسووڵ قسەیان لێ نەکا. کەم کۆڕو کۆمەڵ هەبوو کە مەلارەسووڵ دژی حکوومەتی شا قسەی لێ نەکا و دروشم نەداو پشتیوانی و دیفاع لە ئامانجی گەلەکەی واتە ڕزگاری میللەتەکەی نەکا. هەر بۆیە کە حکوومەتی شا ڕووخا هەر لە ڕۆژانی ئەوەڵ دا مەلارەسووڵ وەکوو پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، وەکوو ئەندامێکی بە وەفای ئەو حیزبە هاتە مەیدان و لە کۆمیتەی شارستانی پیرانشار دا دەستی بە کار کرد.

مەلارەسووڵ گەردی هەتا ئاخرین نەفەسی ژیانی، هەتا ئەو دەمەی کە شەهید بوو کەسێک بوو کە زۆر بە جەسارەتەوە داوای مافی گەلەکەی دەکرد.

مەلارەسووڵ گەردی سەرەڕای ئەوەی کە مامۆستایەکی ئایینی بوو، ئینسانێکی ڕوناکبیرو نیشتمانپەروەر بوو. ئەو لە هەموو کۆڕو کۆمەڵەکان لە هەر جێگایەک کە کۆمەڵێک خەڵکی بۆ قسە کردن وە دەست کەوتبایە، باسی ئازادی گەلەکەی دەکردو دژی خورافات، دژی کۆنەپەرەستی مەوزەعی دەگرتو لە قاوی دەدا.

مەلارەسووڵی گەردی شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینەی گەلی کورد بوو. ئەو لەو ماوەیەی کە زۆر کەس یان هێندێک جەریان دەیانهەویست خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد بە لارێ دابەرن، مەلا ڕەسووڵ زۆر لێبڕاوانە دژی ئەوان مەوزەعی دەگرتو سیاسەتەکانی ئەوانی لە قاو دەدا.

مەلارەسووڵ گەردی هەتا ئاخرین لەحزەی ژیانی، هەتا ئەو کاتەی کە لە پیلانێکی شوومی دوژمن دا گیانی لە دەست دا، وەکوو شۆڕشگێڕێکی نەسرەوتووی گەلەکەی، وەکوو کەسێک کە هەڵسووڕاوی وەدیهێنانی ئاواتو ئامانجی گەلەکەی بوو خەباتی کرد.

روحی شاد بێ، ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت.

## قسەکانی شەهید دکتۆر سادق شەڕەفکەندی لە پرسەی شەهیدان مەلارەسووڵ گەردی، حەسۆ عەلیپورو جەلیل مامایی



هاوڕێیانی خۆشەویست هەر وەک دەزانن ئەم کۆبوونەوەیەمان بۆ رێز گرتن لە مەقامی بەرزی سێ هاوڕێی تازە شەهید بوومان کاک مەلارەسووڵ گەردی، کاک حەسۆ عەلیپور و کاک جەلیل مامایی یە. سڵاوێکی گشتی و دەستەجەمعی لە گیانی پاکی ئەو ئازیزانەمان.

شێوەی بەڕێوە چوونی ئەو پیلانەی رێژیمی دژی گەل و جنایەتکاری ئاخوندی کە بوو بە هۆی شەهید بوونی ئەو هاوڕێیانەمان. ئەو خۆشەویستانەمان تازەترین نەفەراتن کە لەگەڵ کاروانی شەهیدانی سەربەرزی رێگای رزگاری گەلەکەمان و کوردستان کەوتن، هەمووتان دەزانن و ئاگادارن، بۆیە پێویست ناکا کە لێرە لە سەر جوزئیاتەکەی بدوێن. هەر وەها زۆربەی ئێوە کە لێرە حزورتان هەیە هەموومان کەمو زۆر لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە ئاشنایەتی مان هەیە و دەیاناسین و سابیقەی ژیان و تێکۆشانیان دەزانین. رادیۆ دەنگی کوردستانیش دوێنێ تا ئەندازەیەک لە باری سابیقەی وان دواوە. هەر لە بەر ئەوە پێویست ناکا ئەمن ئێستا لە سەرڕا دووپاتی بکەمەوە. بۆ خۆم شەخسەن ئاشنایەتی و شناسایی شەخسیم لەگەڵ دوو لەو هاوڕێ شەهیدانە هەیە، وەک نموونە عەرزتان دەکەم.

دیارە شەهید مەلارەسووڵ گەردی هاوڕێیەکی قەدیمی و تێکۆشەری حیزبە کە زۆریش پێش لەوەی ئەمن بێمە نێو حیزبی دێموکڕات و تێکۆشان دەست پێبکەم ئەو تێکۆشانی هەبۆوە. بەو پێ یە یەکێک لە کۆڵەکان و پایەکانی حیزبی دێموکڕاتە. سابیقەی زیندان، دەربە دەری، تێکۆشان لە شەرایەتی سەخت دا. من بۆ خۆم تازە کە لە ساڵی ٥٩ لە شارەکان وە دەر کەوتبووین، ئاشنایەتیم دەگەڵ ناوی ئەو شەهیدە، شەهید مەلارەسووڵ گەردی و دەگەڵ شێوەی رەفتاری هەبوو. لە بیرمە کە زۆر بە شێوەیەکی باش نەبوو. دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی مەنفی بوو. چونکە ئەو دەم عیدەیەکی کە دوایە دەگەڵ جەریانی بە ئیستلاح تاقمی ٧ کەسی کەوتن کە لە پیرانشار رەحمانی کەریمی بەو ناوە مەعروفە، کەوتنبوون و دوایی دەر کەوت کە چ نێوەرۆکێکیان هەیە. یەکێک لە خەتەکانیان کوتانو لە مەیدان بە دەر کردنی ئەو کەسانە بوو کە دێموکڕاتی ئەسڵن و بناخە و رەگ و ریشەی حیزبن لە نێو کۆمەڵی کوردەواری دا. خۆیان بە شێوەیەک نیشان دەدا، عەوامفەریبانەو ریاکارانە کە بەڵێ پێشکەوتنخوازو موتەرەقین. زۆرتر ئەو هاوڕێیانەمانیان هەڵدەبژاردو ئەنواعی ئیتهامو تاوانیان بۆ هەڵدەبەستن، وەکوو کۆنەپەرەست و دژی پێشکەوتنخوازو ناسیۆنالیستی بەر چاو تەنگ و ئەو جۆرە شتانە. فەزاکەش بۆخۆتان دەزانن ئەو دەمی جۆرێک بوو کە بە گشتی برێک ئەوەی دەویست یا قەبووڵی دەکرد. بۆیە یەکێک لەو کەسانەی کە قسەی زۆر لە سەر بوو، وە زۆر بە توندی لە لایەن ئەوانەوە قسەی بە دژی دەکراو یەکێک لە عەوامیلی ئەوەی عەدەمی پێشڕەفتی کاری حیزبیو بە شێوەی پێشکەوتنخوازانە و موتەرەقیانە لە مەڵبەندی پیرانشار، ئیتهامیان دەخستە سەرو ئەنواعی شتیان بۆ هەڵدەبەست، ئەو کاک مەلا رەسووڵ گەردی یە بوو. کە وابوو عەرزم کردن من خۆم وەکوو کەسێکی کە تازە بە عەمەل پێی نابۆوە مەیدانی تێکۆشانی رۆژانەی نێو حیزبی، خۆی لە من دا ئیحساسێکی کەمێک مەنفی پێک هێنابوو. بەڵام زۆری پێ نەچوو، وردە وردە جەریانات دەری خست کە کێ ڕاست دەکا. وە چۆن ئەفرادی وەکو من کە لە تێگەیشتنەکە و قەزاوەتەکەیان دا بە هەڵە دا چووبوون. بە سەراحەت ئەرزو بکەم کە رێبەرایەتی حیزب لە ڕاستی دا لایەنی دارو دەستەی رەحمان کەریمی دەگرت. بۆیە کاک مەلا رەسووڵ گەردی وەکو نموونەو سومبولی ئەو جەریانە و ئەو فکرە لەسەر بنجو بناوانە ئەسڵیەکانی حیزبی دێموکڕات پێی دادەگرت تا ئەندازەیەکی لە جەریانی حیزبی وەکو تەرد تەرد کرابوو. بەڵام ئەوە یەکێکی دیکە لە خسووسیاتی گەورەی ئەو شەهیدەمان بوو کە کۆڵی نەدا. ئەگەر چی دەیدیت کە نە لە بەڕێوەبەرایەتی حیزبو نە لە دەفتەری سیاسی پێشوازێکی وای لێ ناکرێ و تەنانەت فشاری بۆ دێ و نە لەو کۆمیتەیەش کە عەمەلەن لە پیرانشار بە دەست وانەوە بوو، دیارە فشاری بۆ دێ، بێلوتفی پێ دەکرێ، بەڵام ئەو دێ بە دێ، بنکە بە بنکە کارو پیشەی ئەوە بوو دەگەڕاو فەعالییەتی دەکرد. یانی لە راستی دا شتەکەی وەکو حاڵەتێکی تەنانەت وەک موبارزە دەگەڵ دەفتەری سیاسیش دەر هاتبوو، بەڵام کۆلی نەدەدا و قسەی دەکرد. ئەوە دووهەمین خسوسیاتی تایبەتی کە ئەگەر ئیمانەکەی سەرەڕای ئەوەی قایم بوو کە لە مەیدانی عەمەڵ دا نیشانی دا تا چ ئەندازە شێلگیرە. هێندەی پێ نەچوو، هەر وا ساڵێک، ساڵ و نیوێک کە تەواوی بۆچوونەکانی کاک مەلا رەسووڵ و هاوڕێیانی کە وەک ئەرزم کردن کاک مەلا رەسووڵ گەردی نموونەی هەرە هەرە بەرچاوو هەرە تێکۆشەریان بوو، بە دروستی دەر کەوت. پێم وایە ئەوە بەسە کە نیشان بدا ئەو هاوڕێیەمان تا چ ئەندازە بە ئیمان، تا چ ئەندازە فەعال و تێکۆشەر، وە تا چ ئەندازە لە شەرایەتی سەخت دا ئەو لە رێگای ئەسڵی شێلگیر بووە لەسەر درێژە دانی رێگای حیزب و تەنانەت دەتوانم ئەوەی پێوە ئیزافە بکەم شایەد ئەگەر زۆر کەسی دیکە بووبانایە لە جیاتی وی کە پاش ئەوەی ئەو جەریانەی ئەرزم کردن، گوزەراو دروستی نەزەری وی دەرکەوت، هاتبا و هەزاران منەتی کردبا، هەزاران داوای کردبا کە دیتتان من حەقم بوو، دیتتان ئەو هەڵوێستەی نیسبەت بە من و هاوڕێیانی منو دەگرت زوڵم بوو، ناحەق بوو؟ بەڵام من بۆخۆم شەخسەن تەنانەت یەک جاریشم ئەوە نەدی. تیبقی مەعموول هاتەوە سەر کارو باری خۆیو درێژەی دا وە لەو دەم را هەتا رۆژی شەهید بوونی کە هەموو دەیناسن بە چ دڵسۆزیەکەوە هەر بەردەوام بوو. دیارە پاش ئەو جەریانەش بوحرانمان هاتە پێش بەڵام دیارە ئیدی نەفەری وا هەر وەک عەرزم کردن بۆخۆی کۆڵەکەیەکە و بنج و بناوانەو ریشەکانی حیزبە کە دای کوتاوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا قایم و موحکەم هەمیشە درێژەی دا، بە بێ تەزاهورێکی زۆر. دەتوانم بڵێم هەمووشتان دەزانن نەک هەر ژیانی خۆی بەڵکو تەواوی ژیانی بنەماڵەی بەرێزیشی هەموو گرێ داوە بە ژیانی حیزبی.



هەر وەک دەبینین ئەو پیلانە بۆ ئێمە زەبرێکی چکۆڵە نی یە. هاوڕێیانی ئاوا بەنرخمان لە دەست داوە. دیارە چونکە جار جار برادەران موقایسە دەکەن بە ئەوەی کە دەیتوانی بگاو نەگەیشتووە، بۆ وێنە ئەوە لە زاریان دەردێ کە چاکمان نەجاتی بوو. لە سەتحێکی گشتی حیزب دا، دیارە ئەوە راستە. ئەگەر هەر ٢٧ نەفەرەکەی ناو ئوتوبووسەکە لەبین چووبان زەربەکە زۆر زۆر گەورەتر دەبوو، بەڵام بە هەر حاڵ لە سەتحی خۆی دا وەک دەبینن ئەوە زەبرێکی کەم نیەو جێگای داخێکی زۆرە. بەڵام چ دەتوانین بکەین لە واقیع دا؟ ئێمە شۆڕشگێڕین، پێمان لە رێی خەبات ناوە، رێگای عەمەلی خەبات، بە کردەوەش خەبات دەکەین، نەک دانیشتبین و لە جێگایەکی دوور لە مەیدانی خەبات و بە قسەو بە دروشم.


سلاو لە شەهید مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی

خەباتگێڕی بە کردەوەین. دەڵێن کوڕی مەیدانین. لە مەیدانی خەباتیش دا، لە مەیدانی عەمەلی دا ئەوەیە، یانی ئێمە بە هیچ وەج نە ئاشقی شەهادەتینو نە بە خاتری شەهادەت و ئەو شتانە هاتووینە مەیدان. ئێمە بە بیرو باوەڕێک هاتووینە مەیدان. وەک ئەرزم کردن ئەو برادەرانە موختەسەرێک لە شناسایی شەخسیەتی، بۆخۆیان نموونەی ئیمان بە بیرو باوەڕ بوون. لە ڕێگای بیرو باوەڕیش دا دەکوژرێی، دەکوژی وە لازمەی مەیدانی خەباتی بە کردەو ئەوە شتێکی تەبیعییە. لە مەیدانی خەبات و موبارەزە دا نوقڵ و نەبات بڵاو ناکەنەوە. تۆ بە هەر وەسیلەو ئیمکانێک کە دێتە دەستت دەتهەوێ دوژمن بە چۆک دابێنی، زەبری لێ بوەشێنی، ئەویش دیارە بە هەموو ئیمکانێکی کە لە دەستی بێ دەیهەوێ زەبر بوەشێنێ و سەدەمەمان لێبدا. بەڵام دیارە واقعییەت ئەوەیە کە لە مەیدانی عەمەلی دا ئەوەی قارەمانەتی و رووحییەی بەرز دەگەیەنێ قەت ڕێژیم بە پێشمەرگەی ئێمە نەوێراوە. هەمیشە دەبینن کە دەگاتە مەیدانی رووبە روو بوون دەگەڵ پێشمەرگە، چەند بێورەو زەبوونە با وجوودی تەواوی ئەو ئیماکانات و شتەی کە هەیەتی. ئەو پەنا دەبا بۆ ئەو جۆرە کارانە کە مومکینە لە باری ماددی هێزێکی گەورەتری بوێ، بەڵام لە باری رووحییەو بیرو باوەڕەوە زەعیفتر. پەنا بۆ ئەو جۆرە ڕێگایانە دەبا هەر بۆیەیە کە ئێمە دەبێ کە ئێستا لە مەیدانی خەبات داین لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵک وەربگرین. موبارزە کردن تەنیا ئەوە نیە کە بە تفەنگو ئەسلەحە رووبە رووی دوژمن راوەستین کە لەو جەهەتە دا هەموومان دەزانین کە بەزاندوومانە. بەڵکو لە مەیدان و لەو جەهەتانەش دا کە ئەنواعی پیلان و تەوتەعەو شتی وا، فێڵو تەڵەکە و نەیرەنگ و ئەوانە، شتی دژی ئینسانی، لەوەش دا دەبێ خۆمان موجەهەز بکەین. وە بتوانین بەربەرەکانی بکەین و نەهێڵین ئێستا کە لە مەیدانی رووبە روو دا ناتوانێ زەبرمان لێ بدا، لە وێش وێمان کەوێ یا تەنانەت کەمترمان وێ کەوێ.

بۆ پیلانێکی ئاوا هەموو بۆخۆتان دەزانن کە ئەوە شتێک نیە کە بە یەک رۆژ و یەک سەعات بکرێ. شتێکی وا بەرنامەیەکی دوورو درێژی دەوێ. لە راستی دا ئێمە ئەوە چوار ساڵە کە لێرەین. دەتوانین بڵێین ئەوەی کە ئێستا کردویەتی نەتیجەی چوار ساڵ بەرنامەرێژی بووە کە ئێستا بەو شێوەیەی بۆ دەرکەوتووە. خۆی ئەوە نیشان دەدا کە بۆ ڕێژیمیش زۆر ئاسان نیە کە لەو ڕێگایەش دا زۆرمان زەربە لێبدا، دەنا لەو چوار ساڵە دا بۆ نموونە بە دەیان پیلانی دیکەی کە خەریکیان بۆوە و هێندێکیشی پووچەڵ کراوەتەوە. بۆ نموونە هەر عەینی ئەو پیلانەی ئێستا لە سەرەتای ساڵی ٦٩ هەر بۆ ئوتوبووسەکان دانرابۆوە کە کەشف کرا وە ئاکامی کەشفی ئەو پیلانی بوو کە ئێمە ڕێگاکانمان ئیسفالت کرد.

بە هەر حاڵ لە دەیان پیلان مومکینە یەکیان سەر کەوێ، بەڵام وەک عەرزم کردن بۆ شتێکی ئاوا هەم بەرنامەریزی دەوێ وهەم ئەنواعی تەمرینی دەوێ. حەددی ئەقەل بۆ ئەو لەحزەیەی کە نەخشەکەی دەکێشرێ و تا دێتە سەر ئیجرا چەند جار تەمرینی دەوێ. بەو پێیە واقیعەتەکەی ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە وشیارتر بین، کەمتر خەمی نەکەین، زیاتر بەو جەنبانەی خەبات و پیلانی دوژمن دیقەت بکەین دەتوانین ئەوانە کەشف بکەین. هەر لەو مەوریدە دا ئەگەر هاوڕێیان دیقەتی زیاترمان کردبا مومکین بوو ئەوەش وەک ئەوانەی دیکە پووچەڵ کەینەوە و پێشی بگرین. دیتنی شتێکی مەشکووک لە قەراخ جادە، راوەستانی کەسانێکی مەشکووک لە ساعەتهایەکی ناموشەخەس و مەشکووک دا لە دەوروبەرمان، موراجیعە کردن بە ئێرە، هاتنی نەفەراتی مەشکووک بۆ ماڵەکان بە عینوانی دیدار، هەمووی ئەوانە دەبێ نەزەرەی ئێمە جەلب کا. وەزعەکە ئێستا بە جۆرێکە کە دەبێ بە چاوێکی دەقیق و موشکافانە لە خەڵکی بکۆڵینەوە. هەر شتێک کە بە نەزەرمان غەیرە عادی هات ئیقدام بکەینو شەخسەن بە عینوانی یەکەمین قەدەم بە ئۆرگانەکانی رابگەیەنین. ئێمە ئێستا لە وەزعێک داین کە بە راستی دەوروبەرمان زۆری عەوامیلی دوژمن تێدایە. زۆری فەرق هەیە لەگەڵ پارەکە کە دەورەمان چووڵ بوو. دیارە ئەگەر دەوروبەر چووڵ بوو پاراستنی ئەمنیەتیش ئاسانترە. لە راستی دا مەعلوومە کە ئەسلی پیلانەکە لە کوێوە بەڕێوە چووە. ڕاستە پیلانەکە هی ڕێژیمی ئێرانە، بەڵام نەفەراتی بوومی بە ئەنجامیان گەیاندوە.

دەزانم چونکە روداوەکە تاڵو ناخۆش بوو رەنگە هاوڕێیان لە نارەحەتی دا هێندیک بۆچوون یان ئەسڵەن هەڵوێستی عەمەلیان هەبێ، یان لە دڵیان دا هێندێک شت هەبێ کە تووڕە بن، نیفرەت پەیدا بکەن لەو کەسانەی کە ئاوا هەموو شەرافەتی خۆیانو گەلەکەیان دەفرۆشن بە پووڵو پارە وە حازر دەبن بۆ جینایەتێکی ئاوا سەبارەت بە برایان، بە هاوخوێنیان و هاورەگەزیان، بە هاوخەباتیان. بەڵام شتەکە روون ببینین، وەک و ئینسانی سیاسی و خەباتگێڕ. هەر چی لەو جەهەتە دا رقو قینمان هەبێ حەقە. بەڵام کینە نابێ ببێ بە شتە



فەرعەکە. بە پێچەوانەوە دەبێ رقو قین و بوغزەکەمان بچێتە سەر شتێکی کە بۆتە عامیلی وەی، کە کەسێک وای لێ بێت.

بەشەر بۆخۆی فیترەتەن خەراپ نی یە. موحیتی ژیان یەکێک باش پەروەردە دەکاو یەکێک خەراپ. هیچ کەس کە لە دایک دەبێ بە خەراپی و بە فاسیدی لە دایک نابێ. چ شتێک بۆتە سەبەبی ئەوەی کە برایەکی کورد ئاوا حازر بێ تا ئەو ئەندازەیە لە خۆی بێگانە بێو ببێتە عاملی جینایەتیکی ئاوا نیسبەت بەو کەسانەی کە هەموو ژیانیان لە ڕێگای ئازادی گەلەکەیان و براکان و خوشکەکانیان داناوە؟

دیارە ئەگەر جوابەکە لە یەک کەلیمە دا خولاسە کەمەوە دەڵێم پاشکەوتوویی، بەڵام ئەو پاشکەوتوویە کێ بۆ گەلی کوردی پێک هێناوە؟ مەعلوومە دوژمنانی گەلی کورد. ڕێژیمی دیکتاتوڕی، ئەوانەی کە گەلی کوردیان لە چەوساوەیی و ژێر دەستی دا ڕاگرتوە. نەیان هێشتۆوە گەشە بکەین. تەواوی ئەو زەحمەتە کە دەیکێشین، ئەو خوێنە پاکانە کە دەیدەین، ئەو هەموو فیداکاریانە کە دەیکەین بۆ چی دەیکەین؟ بۆ ئەوەی لەو پاشکەوتوویە رزگارمان بێت.

ئێمە دەبێ رق و قینەکانمان بچێتە سەر ئەو نیزامە، ئەو هێزە کە ئێمەی وەک میللەتی کورد بەو هەموو هەستە پاک و بێ خەوشەوە گەیاندۆتە ئەو پایە نزمەی ئەخلاقی. دەنا هەر ئەو شەخسەی ئەو کارەی کردوە ئەگەر دە کۆمەڵێکی پێشکەوتوو دا بایە، لە کۆمەڵێک دا بایە کە تایبەتمەندیەکانی بەرزی ئینسانی ڕێزی لێگێرابا کێ دەڵێ کە نەدەبوو بە ئینسانێکی زۆر بە نرخ بۆ سەربەرزی بنەماڵەکەی؟ بەڵام نیزامەکە، موحتاجی، هەموو هونەرێک بۆ پاراستنی گیان و ژیانی شەخسی لە راستی دا کۆمەڵ تەبدیل دەکا بە جەنگەڵ. یانی ئەفرادی ئینسانی وەکو حەیوانیان لێدێ کە لە جەنگەڵ دا هەر کەس دڕندەترە و هێزی زیاترە غاڵب دەبێ بەسەر ئەوەی دا کە زەعیفترە.

ئێمەیان وا لێکردوە وەک عەرزم کردن رِق و کینەمان دەبێ بچێتە سەر عامیلی وەی کە ئێمەی وا لێ کردوە. بۆیە نابێ بە هیچ وەج ئەوە لە ئێحترامی ئێمە و ڕێزی ئێمە، لە هاودەردیی ئێمە، لە یەکگرتوویی ئێمە بە نیسبەت برادەرانی کوردی کوردستانی عێراق کەم بکاتەوە. بە پێچەوانەوە دەبێ زیاتر دەردی وان بە دەردی خۆمان بزانین، خەباتی وان بە خەباتی خۆمان بزانین، لە گەڵیان ئیحساسی هاودەردیی و نزیکایەتی و برایەتی بکەین.

سڵاو لە شەهید مامۆستا مەلا ڕەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی

هەر وەها باسی ئەوەم کرد، تەبعەن باشترە ئیشارەیەکیش بە بۆچوونمان نیسبەت بە ڕێکخراوەکانی سیاسی کوردستان بکەین، هەمووبمان بە تایبەتی لەو چەند ڕۆژە دا ناراحەت بووین. ڕەنگە قسەشمان کردبێت، بەڵام واقعیەت ئەوەیە بیلافاسیلە ئەوێ ڕۆژێ کە کارەساتەکە رووی دا بە گەرمی و سەمیمیەتەوە هەموو ڕێکخراوەکانی بەرەی کوردستانی هاودەردیان لەگەڵ کردووین. چ بە ناردنی پەیامو هەر وەها هەیئەتێکی بەشدار لە هەموو ڕێکخراوەکانی بەرەی کوردستانی تەنانەت لە ڕێکخراوەی چکۆڵەی ئاسۆریەکانی کوردستان، هاتوونو پێمان دەڵێن کە ئێمە ئامادەین لە هەر ئیمکانێکی کە هەمانە کەڵک وەرگرین بۆ دۆستایەتی و هاوکاری، پێمان بڵێن چی بکەین. بەو پێیە ئەلحەق و وەلئینساف کۆتایی یان نەکردوە بەڵکوو بەو پەڕی برایەتی و هاوکاری و هاودەردیان نیسبەت بە ئێمە دەربڕیوە. بەڵام ئێمە دیسان گلەیی خۆمان هەر دەکەین، زۆرتر پێیان دەڵێن، زۆرتر فشار دێنین کە زیاتر لە ڕووداوی لەو چەشنە دا هەڵوێستی قایم بگرن، ئیحساسی مەسئولیەت بکەن. ئەوانیش لەو بارەوە دەریغیان نییە. ئیجازە بدەن لە جیاتی هەمووتان سپاسیان لێ بکەین لەو هاودەردیی یەیان کە نیشانیان داوە.

لە کۆتایی دا من جارێکی دیکە ئیجازەم بدەن بە نوێنەرایەتی لە تەرەف ئێوە کە حزورتان هەیەو هەموو هاوڕێیانی حیزبیو بنەماڵەکانی سەر بە حیزب، کە نەیانتوانیوە لێرە حازر بن، سەرەخۆشی تایبەتی عەرزی بنەماڵەی بەڕێزی ئەو شەهیدانە بکەم کە نوێنەریان لێرە تەشریفیان هەیە. وە عەرزیان بکەم ئێمە کە ئەو سەرەخۆشیە تایبەتیە دەکەین لە ڕاستیدا وەکوو ڕەسمێکو سوننەتێکە، دەنا هەموومان دەزانین کە سەرەخۆشی‌یەکە لە پێشدا لە خۆمان یانی لە حیزبە. دیارە مەسئوولیەتی ڕاستەوخۆی پاراستن و پەروەردەی منداڵی سەغیر لە پلەی یەکەم دا دەکەوێتە سەر شانی ئەو کەسانەی کە لەو شەهیدانە بە جێ ماون و سەرپەرستی خانەوادەکەیان دەکەوێتە سەر شان، بۆیە ئێمە لەو جەهەتە دا چاوەڕوانیمان لێیان هەیە کە ئەو ئەرکە بە دڵسۆزی و لێوەشاوەیی ئەنجام بدەن وە تێشیان ڕادەبینین. چونکە شوکور تا ئێستا ئەفرادی وەکو کاک مەلارەسووڵ وەک نموونە کە عەرزم کردن نەک بۆ خۆی بە تەنیا بەڵکوو ژیانی هەموو خانەوادەی بەوە داوە. خۆشحاڵین لەو جهەتێکەوە کە دەبینین کاک مەلارەسووڵ ژنی، منداڵی، کوڕو کچی زۆر دڵسۆزو بە شەخسیەت هەم لە کاری حیزب داو هەم لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا پەروەردە کردوە. بۆیە لەو جەهەتە دا من شەخسەن نیگەرانیەکم نیە. پێم وایە کە ئەو ئەرکو مەسئولیەتەی دەکەوێتە سەر شانیان، با تەوەجوو بە هەموو شتێکی کە لە شەخسیەتیان و دڵسۆزیان دەزانین بەرێوەی دەبەن. بەڵام دەمهەوێ دیسان ئەوەیان عەرز بکەم کە ئەمن ئەو سەرەخۆشی یەی کە لە وانی دەکەم بە تایبەتی بە خاتری ئەوەیە کە نزیکترین کەس خانەوادەیە و ئەرکێکی کەمێک زیاتریان دەکەوێتە سەر. ئەگینا سەرەخۆشیەکە لە هەموومانە وەک ئەوەی کە ئەوێ ڕۆژێ لە سەر قەبران عەرزی هەموو بنەماڵەی شەهیدەکانم کرد.

حیزبی دێموکڕات بنەماڵەیەکی گەوریە، ئێمە هەموومان بە نیسبەت باب و براو خوشکی ئەو شەهیدانە و بازماندەگانی ئەو شەهیدانە مەسئوولین.

تەربیەت و پارێزگاری لە وانەی کە ماون ئەرکێکی گشتی یە لەسەر ئەو بنەماڵە گەورەیە. وە دڵنیاین کە لە سەتحێکی گشتی‌تر دا ئەو ئەرکە هەموو کۆمەڵی کوردەواری هەستی پێ دەکاو لە جێی خۆیدا نیشانی دەدا. بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان ئەگەر هەموو ڕۆژێ بە شێوەی ئاشکرا نامەیان بۆ نەیەت، لە بیرمە ئەمن لێرە کە بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک هەژار وەک تەجروبەی شەخسی عەرزم کردن لە راستی دا عەزیزانی هەموو کۆمەڵی کوردستانن. ئەوە شتێکە لە دڵ و دەروونی خەڵکی بەئەمەگی کوردستان دا هەیە. بەو پێیە لەو جەهەتەی دا دڵنیام خاریج لەو دوو چوارچێوە چوکترەی کە خودی بنەماڵە و بنەماڵەی گەورەی حیزب بێ، گەلی بە هەستی کورد وەکوو بنەماڵەیەکی گەورەتر هەست بەو مەسئوولیەتە دەکا.

بە هەر حاڵ داوای سەبووری بۆ ئەو هاوڕێ خۆشەویستانە دەکەم کە لێرە تەشریفتان هەیەو ئەرک و مەسئولیەیەتی بێجگە لە شەخسی خۆیان کە تائێستا هەیانبووە، هی ئەو شەهیدانەشیان لێرە بە دوا دەکەوێتە سەر شان. زۆر زیاتر لە ئێمە، چونکە ئەوان ڕاستەوخۆ لەگەڵ شتەکە تەرەفن.

سەربەزیی بۆ شەهیدانی ڕێگای رزگاری گەلەکەمان!

سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی ماف و ئازادیەکانی گەلی کورد بە تایبەتی ڕێژیمی ئینسان کوژی ئاخوندی ئێران

## قسەکانی سەعید بەگزادە بۆ یادی ٢٠ ساڵەی شەهید مەلاڕەسووڵ گەردی



ئاشنایەتی و پەیوەندی من لەگەڵ مامۆستا مەلارەسووڵی گەردی دەگەڕێتەوە بۆ نزیک بیست وچوارپێنج ساڵ بەر لەئێستا. دەگەڵ مامۆستا ئەمن لە دوو لایەنەوە پەیوەندیم هەبوو، یەکەم ئەوەی کە مامۆستا وەک یەکێک لە ئەندامانی ناسراوو قەدیمی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا و یەکێک لە چالاکانی ناسراوی ئەو سەردەمە بوو. منیش کە لە ساڵی ١٣٥٧ پەیوەندیم بە حیزبی دێموکراتەوە هەبوو، چەند ساڵ دواتری ناوی مامۆستا مەلارەسووڵم بیستبوو وەکوو یەکێک لە تێکۆشەرانی ناوچەکانی پیرانشار.

دوای ئەوە ئەو پەیوەندیە و ناسیاویە بوو بە پەیوەندی‌یەکی نزیک کە من لە نزیکەوە لە شۆرشدا بە خزمەت مامۆستا گەیشتم. مامۆستا ئینسانێکی کراوە، مەلایەکی ڕووناکبیر، ڕووناکبیرێکی مەلا، مامۆستایەک بوو کە پیاو لە دانیشتن لە گەڵ ئەودا لەزەتی دەبردو شت فێر دەبوو، رابردووی میللەتەکەی لێ فێر دەبوو، رابردووی خەبات و زەحمەت و تێکۆشانی ئەو کەسانەی کە تا ئەو کات، قورسایی و گرانایی شۆرش و بزووتنەوەیان لە سەر شان بوو لە زمان مامۆستاوە دەبیسترا. مامۆستا لە راستیدا، قوتابخانەیەک بوو بۆ ئەو کەسانەی کە تازە دەهاتن دە ڕێگاو ڕێبازی ئەوانەوە.

ناسیاوی دوایی من لە گەڵ مامۆستا و بنەماڵەکەی بە هۆی ئەوەوە بوو کە من لە گەڵ کچی مامۆستا پەیوەندیمان پەیدا کرد و من شانازی ئەوەم پەیدا کرد کە لە گەڵ ئەو خانەوادە ببم بە ئەندامێکی بنەماڵە و من بووم بە زاوای مامۆستا مەلارەسووڵ.

لایەنێکی دیکەی کەسایەتی مامۆستا لەو سەروبەندەدا کە دەکرێ بڵێین لە نێو کەلتوروو فەرهەنگی ئێمەدا ئەو کات بە دەگمەن دەبینرا، لە مەجلیسێکدا کە خوازبێنی کچی مامۆستای دەکرا بۆ من، مامۆستا بۆ خۆی گووتی کە من بۆ خۆم بڕیارم داوە و بەو نەتیجە گەیشتووم کە هەر وەک چۆن پێم خۆشە کە کورەکانم ژیانی خۆیان بە دڵی خۆیان و بە کەیفی خۆیان دامەزرێنن، بۆ کچەکانیشم هەرئاوام پێ باشە، بەڵام بەو فەرقەی کە پێم خۆشە کە کچەکانم، ئەگەر مێردیان بە هەرکەس کرد، مادام بە دڵی خۆیان بێ بۆ خۆم لێیان مارە بکەم، بۆیە مامۆستا بۆ خۆی من و کچەکەی لێک مارە کرد. من

ئەو کردەوە و وشە جوانانەی مامۆستام لە بیر ناچێتەوە. مامۆستا لە خەبات و تێکۆشانی دا وەک باسم کرد یەکێک لە چێهرەو سیما ناسراوەکانی بەشێکی زۆرلە ناوەندی کوردستان بوو.

مامۆستا لە گەڵ ئەوەی کە تەمەنێکی زۆری نەبردەسەر، بەڵام ئەو تەمەنەی کە هەیبوو لەو کاتەوە کە دەرک و شعووری ئەوەی پەیداکرد کە کۆمەڵ دەبێ چۆن بژی و دەبێ ژیانی چۆن بێ، ژیانی خۆی بەختی ئازادی و رزگاریی نەتەوەکەی کرد. مامۆستا لە گەڵ دوو سیستەمی حکوومەتی کە بەسەر ئێران و کوردستاندا دەسەڵاتدار بوون خەباتی کرد.

مامۆستا زیندانەکانی شا، شاهیدی بۆ قارەمانەتی ئەو دەدەن. حکوومەتی شاهەنشایی ئێران و ساواکی بە زیپک و زاکوون، لە کوردستان بە چەندین جار مامۆستایان لە زیندان هاویشت و ئەشکەنجەیان کرد و ویستیان بە چۆکی دابێنن، غافڵ لەوەی کە مامۆستا کەسێک نەبوو، خاوەنی ئەو بیرووڕایە نەبوو، ئەو کەسە نەبوو، کە ساواکی ئێران پێی وابوو بتووانێ بە چۆکی دابێنێ. مامۆستا پۆڵایەک بوو کە قەت نەچەمی.

ئەسنادی ساواک کە ئێستا رادەیەکی کەمی بەدەستەوەن، شاهیدی بۆ ئەو قسانە دەدەن، شاهیدی ئەوە دەدەن کە مامۆستا لە زیندانەکانیشدا، یەکێک لەو کەسانە بوو کە بڕوای قایمی، ئیمانی پتەوی، ورەو غیرەتی بەرزی، رێی بەوەنەدا کە دەگەڵ ئەوەی مامۆستا شارەزاییەکی زۆری لەسەر تەشکیلات و رێکخراوەکانی حیزبی هەبوو، هیچ شتێکی لێ بدرکێ.

لە سیستەمی حکوومەتی ئەو دوایەشدا کە بە دەست سیستمی مەلاکان و دەستەڵات بە مەلاکانە، مامۆستا لە سەرەتای دەسپێکی شۆڕشی ئێرانەوە، یەکێک لەو کەسانە بوو کە رێکخەری ئەو حەرەکەت و بزووتنەوانە بوو کە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و بە هیوای ئەوەی کە ئاوات و ئامانجەکانی کە ئەو خەباتی بۆ کردبوو وەدی بێ، خەڵکی رێکدەخست، بەڵام بەداخەوە لەو حکوومەتەشدا چاوەروانی و ئاوات و ئامانجەکانی مامۆستا بەدی نەهاتن، لەبەرئەوە مامۆستا بۆ جارێکی دیکەش و قورس و قایمتریش لە جاران رێی خەباتێکی توندوو تیژتر لە جارانی گرتە بەر.

مامۆستا کەوتە شاخەکانی کوردستان و لە گەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەندەناوبەندەن، گوند گوند و شاخە وشاخ، دیفاعی لە بست بە بستی خاکی وڵاتەکەی کرد. خەڵکی رێک دەخست. قسەکانی مامۆستای لە مزگەوت و لە کۆرو کۆبوونەوەکاندا، ئێستاش زبان زەدو جێی باسی جیلەکانە، ئێستاش باس دەکرێ لەو ناوچانەی کە شوێنی تێکۆشانی مامۆستا مەلا رەسوڵی گەردی بووە.



ئەو حکوومەتەش هەر وەک حکوومەتەکەی پێشوو زۆری هەوڵ دا کە مامۆستا بێدەنگ کاو مامۆستا بە چۆک دابێنێ و مامۆستا وەزاڵە بێنێ و بیکشێنێتەوە لە خەبات یان لە بەینی بەرێ. لەوەدا کە مامۆستا بە چۆک دابێنێ و بیکشێنێتەوە، سەرکەوتوو نەبوو. لە چەندین پیلان و بەرنامەشدا کە بۆ لە بەین بردنی مامۆستا دارێژرا، بە غیرەتی و وشیاریی مامۆستا، بەرنامەکانیکۆماری ئیسلامی پووچەڵ کردنەوە. سوپای پاسداران مووەفەق نەبوو کە بەرنامەکانی بەرێوە بەرێ. تا ئاخری لە بەرنامەیەکی گشتی تردا و لە پیلانێکی گشتی تردا کە سوپای پاسداران بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دایرشت، مامۆستا لە گەڵ چەند کەسێکی تردا لە رێگای ئامانج و هیواکانی خۆیاندا فیدا بوون و، بوون بەشێک لە تاریخ و مێژووی خەبات و تێکۆشان و فیداکاری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و میللەتەکەیان.

گومان لەوەدا نیە کەمێژووی خەبات و تێکۆشانی ئەو میللەتە و فیداکاری رۆڵەکانی دەنووسرێتەوە. مەلا رەسووڵی گەردی، یەکێک لەو سیماو چیهرە ناسراو و لەو ئەستێرە پڕ غروورانەیە لە ناوچەی پیرانشار کە بەدیهێنەری بەشێکی بەرزو زێڕینی ئەو مێژوەیە.

مەلا رەسووڵی گەردی سەفحەی زۆر زێڕین و پڕ بایەخی مێژووی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان و رۆڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ناوچەیە دا لە خۆ دەگرێ.

مەلا رەسووڵی گەردی لە ماڵی خۆشی دا قوتابخانەیەکی درووست کرد بۆ منداڵەکانی. لەگەڵ ئەوەی کە خەبات و تێکۆشان ودڵسۆزی و فیداکاری بۆ میللەتەکەی، کەمی ماوە بۆ هێشتبۆوە کە بەو جۆرەی بابەکان ژیانی خۆیان هەموو بۆ منداڵەکانی خۆیان تەرخان دەکەن، تەرخان بکا، چونکە ئەو بە تەنیا خاوەنی منداڵەکانی خۆی و باب بۆ منداڵەکانی خۆی نەبوو، ئەو دە خەمی هەموو منداڵەکانی کوردا بوو و دە خەمی هەموو نەتەوەکەی خۆی دابوو و بۆ هەموو منداڵەکانی ئەو سەردەمە باب بوو، بەڵام لە دەوروبەری خۆی لە خانەوادەکەی خۆیدا قوتابخانەیەکی درووست کرد کە ئێستاشی لە گەڵ بێ منداڵەکانی بە گەورەو چووکەوە، رێبواری ئەو رێگایەن کە مەلا رەسووڵ پێی دا رۆیی، هەموویان خاوەنی ئەو بیرو بۆچوون و فکرو هەست و کورد خۆشەویستیەن کە بابیان لە رێگای دا خۆی فیدا کرد. هەر بەرزو پیرۆز بێ و پڕ رێبوار بێ و بە ئامانج بگا ئاواتەکانی مەلا رەسووڵی گەردی.

## یادێک لە شەهیدی نەمر مامۆستا مەلاڕەسووڵ گەردی



شەهیدی هەمیشە زیندو مامۆستا مەلارەسووڵی گەردی مامۆستای ئایینی ئاوایی جەڕانی ناوچەی بەری پیرانان بوو. ناوبراو بە پیاوێکی دروستکارو کوردێکی نیشتمانپەروەر ناسرابوو. دوهەمین ساڵی شۆرشی ئەیلوول بوو، واتە ساڵی ١٩٦٤ زاینی. بە گیرانی بەڕێوە بەرانی حیزبی دێموکڕات، بەڕێوەبەری ناوەندی نەمابوو. چەند هاوڕێیەک پێکەوە دانیشتین بەڕێوەبەرایەتیەکی کاتیمان پێکەوەناو دەست بەکار بووین. لە دابەشکردنی کاردا هێندێک ناوچە دەبوایە من کاریان تێدا بکەم . بەو هۆیەوە من ماڵەکەم هێنا زینوێ شێخی و پەیوەندیم لەگەڵ ناوچەکانی لاجان و سندوس و شنۆو دەشتەبێل و مەرگەوەڕ و تەرگەوەر گرت. ڕۆژێک مەلاقادری لاچینی کە کەسێک بوو حیسابی کادری لەسەر دەکراو نامەکانی شەهید ئەحمەد تۆفیقی لەباری کارو پەیوەندیەوە ڕادەپەڕاندو پەیکێکی کاری و گورج و گۆڵی کاک ئەحمەد تۆفیق بوو، دەهاتە لام ڕۆژێ دەماوەو دوایی بەرەو مەهاباد و بۆکان تێیدەقولاند. لە گەڕانەوەشدا هەروا ڕۆژێک دووڕۆژ دەماوەو زانیبای کاک ئەحمەد لە کوێیە وەڵامی نامەکانی بۆ دەبردەوە. ناوبراو مەلا ڕەسووڵ گەردی وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر پێ پێشنیارکردم . مانگێک پێشتر شەخسێک بەونێوە میوانی من بوو، ئامادەگی خۆیشی بۆ کاری حیزبی دەربڕی، بەڵام ئێمە کە یەک دوو ساڵێک بوو لە ڕۆژهەڵات دوورکەوتبووینەوەو بەبگرەو بەردەو فرۆفێڵی ساواک مێشکیان ئاخنی بووین لە سێبەری خۆمان دەڕەوینەوە، قەولی هاوکاریم پێنەدا. لەلایەکی دیکەشەوە بەری پیران و بەری مێرگان لە لیستی کاری مندا نەبوو. بەدوای پێشنیاری مەلاقادرلاچینی دا سنووری لاجان و پیرانیشم تێکدا و ناردم بە دوای مامۆستا مەلاڕەسووڵدا.

ماوەی دووڕۆژو شەوێک لە زینوێ لەماڵێکم دانا، نێوە نێوە دەچومە لای و پێکەوە دادەنیشتین. ئەوەی لەسەر کاری ڕێکخستن و شانەو کۆمیتە و نەهێنیکاری و پێوەندی تەشکیلاتی

دەمزانی باسمان دەکرد و ماموٚستاش یادداشتی لێهەڵدەگرت. هەروەها قەرارمان دانا بۆخۆی پەیکێک دیاری بکاتو مانگێ جارێک راپۆرتی کارو تێکۆشانی خۆی بنێرێتە زینوێ. پتر لە ساڵ و نیوێک پەیوەندی نەپساوەمان پێکە بوو، دوایی بە هۆی نێوان ناخۆشی من و ئەحمەد تۆفیق، ناوچەی باڵەکایەتیم بە جێهێشت و پەیوەندیەکەمان بۆ هەمیشە پچڕا. دوایی لەدوورەوە زانیمەوە بە هۆی دیاریکردنی سوارەسەکر وەک بەرپرس هەروەها ناکۆکی ناوچەیی لەگەڵ عەوڵای مەلاعوسمان، نەهێنی کاری هەمووی تێکدەچێ و شەهید مەلاڕەسووڵ بۆساواک ئاشکرا دەبێ . لە ئەسەری ئەوناکۆکی و ئاشکرابوونەدا، عەوڵای مەلا عوسمان هەڵدی بۆ گەرمین و ماموٚستا مەلاڕەسووڵ گەردی و چەند کەسی تر لە داوی ساواک دەکەون و دەگیرێن. پاش ئازارو ئەشکنجە ماوەی چوار ساڵ زیندانی بەسەر دا دەسەپێنن و لە زینـدانی ورمێ دەمێنێتەوە . تەنانەت دوای ئازادیش نێوەنێوە مانگێک دوومانگی دەیگرنەوە و خەڵکی دیکەی پێچاوترسێن دەکەن.

دوای شۆرشی گەلانی ئێران جارێکی دیکەش پەیوەندی خۆی لەگەڵ حیزب و سەرکردایەتی شۆرش گرێ دەداتەوە و ماندوو نەناسانە کاروباری تەشکیلاتی حیزبی بەڕێوە بردووە. من لەسوئێد بووم هەواڵم وەرگرت کە کەسانی ناکەس و بەکرێ گیراوی کۆماری ئیسلامی مینی بۆ دادەنێن و لەگەڵ چەند هاورێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید دەکرێن .

ئەوەندەی من شەهید ماموٚستا مەلارەسووڵ گەردیم لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا ناسیوە، هەمیشە لە کۆمەڵگادا وەک مرۆڤێکی ئازادیخوازو نیشتمان پەروەرو شۆرشگێر و نەترس و ماندوو نەناس یادی لێکراوە.

*یادی بەخێرو روحی هەرشادبێ .*

سەعیدکاوە (کوێستانی) ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١١

## یادی شەهید مەڵارەسووڵ گەردی لە زمانی کاک عەبدوڵا ئیبراهیمی



هەر چەندێکی لە بارەی رێزو پلەی ئەو شەهیدە لە شۆڕشی گەلی کورد دا بدوێین بە راستی کەمە. نموونەی ئینسانێکی دێموکڕات، مەلایەکی رووناکبیرو تێکۆشەر و بابێکی زۆر باش و مێهرەبان و دێموکڕات بۆ منداڵەکانی، خۆشەویستی گەل و ئینسانێکی رەزا سووکو بە راستی لە بەر دڵان بوو. کەسێک بوو هەرگیز ناحەقی قەبووڵ نەدەکرد. یەکێک لە سفەتە هەرە بەرزەکانی ماموٚستا مەلارەسووڵ گەردی ئەوە بوو کە سەری لە بەرابەر زۆر دا قەت دانەدەنواند، دوژمنی چەوسێنەران و دۆستی هەژاران بوو. لەگەڵ ئەوە دا کە مەلایەکی ئایینی بوو دژی هەمووخورافاتێک بوو کە بە مەزهەبەوە لکێنرابوو زۆر بە توندی بەربەرەکانی خورافاتی دەکرد. مەلای ئایینی بوو، پێش‌نوێژی گوندەکەی خۆیان بوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا لە سەر ڕسقی خەڵک نەدەژیا بەڵکو بۆ خۆی ڕسقی ماڵ و منداڵی پەیدا دەکرد. وەک هیچ مەلایەکی بەرات و زەکاتی وەرنەدەگرت.

لە مێژ بوو لە ریزی خەباتکارانی حیزبی دێموکڕآتی کوردستان دابوو. لە سەر ئەو خەباتەش تووشی زیندانو شکەنجە و لێدان هاتبوو. لە زەمانی شا دا بە دەستی ساواک تەنانەت تانەی کەوتبۆە سەر چاوێکی، وەختێک بە شەلاق لێیان دابوو، شەلاقێک وە چاوی کەوتبوو. ئەو چاوەی باشی نەدەدی، لەگەڵ ئەوەی دا ئەو ئاسەوارەی لە شکەنجەی رێژیمی پێشووی پێوە بوو دیسانیش کۆڵی نەدا هەر بەردەوام بوو لە خەباتدا.



ئەمن وەختێک کە دەمدی ماموٚستا سەرەڕای ئەوەی کە ئینسانێکی زۆر بە دینو ئیمان بوو و خەڵکی رێنوێنی دەکرد بۆ مەسائیلی شەرعیش و لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو ماڵێ خۆیدا ئازادیی تەواوی دابوو بە منداڵەکانی. هەر وەها کە دەمدی ماموٚستا چ کەیفێک دەکا کە منداڵەکانی کۆڕی سرود ساز دەکەن و گۆرانی دەڵێن و مۆسیقا لێدەدەن بەراستی پێم سەیر بوو، چونکە شتی ئاوام زۆر لە مەلایەکی رێبەری ئایینی چاوەڕوان نەدەکرد.

ئینسانێکی زۆر نەترس و ئازا بوو، بەربەرەکانی هەموو نادروستی و بێ نەزمی و خەراپیەکانی تەشکیلاتی نێوخۆی حیزبی دەکرد. لە جەریانی خەیانەتی رەحمان کەریمی دا کە ئەو دەم ئەمن لە سەرەتای دەست پێکردنی خەیانەتەکانی دا بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانم لە ئەستۆ بوو. ئەو دەم ماموٚستا ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار بوو. بە خەیانەتەکانی رەحمان کەریمیان زانیبوو، لەگەڵ من دا پێ بە پێ رێچکەی دەفتەر و پیرانشارمان دەگرت و دەرۆیشتین و دەهاتینەوە، بە هەموو شێوەیەک هەوڵماندا کە دەفتەری سیاسی ئەو کاتی حیزبی دێموکڕات لەو کارەساتە تێبگەیەنین کە بە داخەوە ئەوان زۆر درەنگ تێگەیشتن و نەیارانی ماموٚستا و لایەنگرانی کەریمی تەبلیغاتیان دەکرد کە ئەوانە تەبلیغاتی مەزهەبی دەکەن لە دژی رەحمان کەریمی، نازانم چ دەکەن و چ دەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوانە ماموٚستا هەر نەبەزی، بۆیە کاک دکتۆر سەعیدی رەحمەتی لە کاتی شەهید بوونی ماموٚستا دا گوتی: ماموٚستا بە راستی کەسێک بوو کە لە بەرابەری دەستەی خائین لە پیرانشار دا قەت نەبەزی و هەر خەباتی کرد.

ئەمن دۆستایەتی‌یەکی زۆر نزیکم لەگەڵ ماموٚستا دا هەبوو، ئینسانێکی زۆر قسە خۆش بوو. زۆر بە داخەوە تەنانەت لە موحیتی دەفتەریش دا برادەرانی سەرەوە خەراپ تێگەیاندرابوون بە نیسبەت ئەو شەخسە، بەڵام نەک هەر کۆڵی نەدا بەڵکو هیچ شێوەیەک نەچۆە ژێر باری ئەوەی کە ئیجازە بدا خەیانەت لە پێش چاوی بکرێت و دەنگ نەکاو هەتا رۆژی شەهید بوونیش ماموٚستا لەو خەسلەتە و لەو تەبیعەتەی هەر بەردەوام بوو و لەحزەیەکیش بیری تەسلیم بوونی بە مێشکی دانەهات.

ئەمن بە ڕاستی لە بەر ئەوەی کە لە ناکاو را تووشی ئەو باسە بووم خۆم بۆ ئامادە نەکردبوو، بەڵام دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم کە ماموٚستا نەک هەر شەهیدی حیزبی دێموکڕاتی

کوردستانە، بەڵکوو شەهیدی هەموو گەلی کوردە. قەت هەتا دوایین رۆژەکان و دوایین ساتەکانی ژیانیش تەسلیمی هیچ زۆرداریەک، هیچ نا رێک و پێکی یەک و هیچ بێ نەزمی یەک لە نێو حیزب دا نەبوو.

*روحی شادوو رێگای بەردەوام بێت.*

## قسەکانی کاک سەید عەلی هاشمی بۆ یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی مەلارەسووڵ گەردی



ئەمن پێم خۆشە ئەورۆ لە بیرەوەری رەفیقێکی زۆر نزیک و خۆشەویستم کە لە هەموو ژیانی حیزبایەتیم دا پێکەوە کارمان کرد یادی بکەمەوە. لە ساڵی ١٣٥٩ کە لە پیرانشار حیزبی دێموکراتی ئیعلامی مەوجوودیەتی کردو کاری ئاشکرای دەست پێکرد، ئەمن لەو ساڵەوە لە گەڵ مامۆستا مەلارەسووڵ گەردی یەوە تا ئەو کاتەی کە بریندار بووم، پێکەوە ئەندامی یەک کۆمیتە بووین. مامۆستا وەک بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی پیرانان بوو ئێمەش لە خزمەتی دا کارمان دەکردو پێکەوە کارەکانی حیزبیمان رادەپەڕاند.

مامۆستا پێش ساڵی ٥٩ کە تازە حیزب ئیعلامی مەوجوودیەتی کردبوو، دەوڵەتی شا رووخابوو، لە مەرزەبانی خانێ دەفتەری دانابوو. جەوانەکان پۆل پۆل دەهاتن خۆیان لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات دا ناونووسی دەکرد. بەڵام لێرە پرسیارێک دێتە پێش، بۆ چی لە مەڵبەندی پیرانشار، ببوو بە کانگای دێموکرات؟ دیارە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە هەموو چینو توێژەکان دا، لە چینی فەرهەنگی دا بۆ نموونە ئاموزش و پەروەرشی پیرانشار هەمووی بە مەسئولەوە لەگەڵ حیزبی دێموکرات کەوتن. بەشی مامۆستایانی ئایینی کە بە دەیان مامۆستای شۆڕشگێڕ وەکوو مەلارەسووڵ گەردی، مەلا محمد پوریا، مەلا رەسووی مەنعاوی کە نیوەی عومری جەوانی لە زیندانەکانی شا دا بەسەر برد، لەو تەبەقەی دا کاریان دەکرد. چینێکی دیکەمان هەبوو وەکو چینی وردە مالیک، وەک کاک حەمەدی سەروکانی و تایفەی زێڕنێ لەو چینەوە بگرە بەدەیان بنەماڵەی گەورە هەموویان پشتیوانی حیزبەکەمان بوون.

لە سەتحی سەرێی حیزبیش دا، مەسەلەن ئەو کات سەید رەسووڵی بابی گەورە وەکو فەرماندەری هێزو مەسئولی یەکەمی حیزبی دێموکرات کە بە حەقیقەت خۆشەویستی خەڵک بووو شوێنی تایبەتی هەبوو کە بە بێ فەرق و جیاوازی دەگەڵ خەڵکەکەی و سەفی حیزبەکەی کاریان دەکرد. ئەوانە هەموو بوونە هۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکرات لە پیرانشار وەکو حیزبێکی خۆشەویست تەرەقیەکی گەورەی کرد. ئەمن وەبیرم دێ بەڵام نەک بە دەرسەدی تەواو، کە بۆ مەجلیسی خیبرەگان رێفراندۆم کرا، حیزبی دێموکرات زیاتر لە سەدا نەوەدی دەنگەکانی هەبوو. کە وایە حیزبێک بوو کە رەقیبی نەبوو لە پیرانشار. جا هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ ئەو چینو تەبەقانە، هەم لە رووناکبیر، هەم کەشاوەرز، هەم چینی سەرەوەتر وەکو بەرپرسانی حیزب کە ئەو هەموو زیندانو ئەشکەنجەیان کێشابوو. ئەمن لێرە دا بە پێویستی دەزانم کە سپاس لە زەحمەتی هەموو ئەو کادرە بە هێزانە بکەم کە لە زەمانی شای دا لە بەر ئەشکەنجە و چاڵە رەشەکانی دوژمن دا خۆیان راگرت و ئەو رۆژەیان بۆ گەلەکەیان پێک هێنا. کە بە راست ئەو قەولەی کە دابوویان گەیاندیانە سەر.

ماوەی کاری من لەگەڵ مامۆستا مەلارەسووڵی گەردی دا، کە ماوەیەکی دوورو درێژ بوو، مەگەر بۆ مەعمووریەتێکی حیزبی لێکهەڵبڕابایین، دەنا هەڵنەدەبڕاین و هەمیشە بە یەکەوە کارمان دەکرد. من یەک شتی مامۆستام بۆ جالب بوو، ئەو ئینسانێک بوو دەست پاک و داوێن پاک. تا ئێستا ئینسانی وام نەدیوە کە هێندە سادق و راستگۆ بێت. دەگەڵ ئەوەی کە



مەسئولی کۆمیتەی ناوچەی پیرانان بوو و منداڵێکی زۆری بە ئەستۆوە بوو و هەمیشە دەربەدەر بوون بۆ یەک جاریش نەبوو کە داوا لە حیزب بکا کە یارمەتی ماڵی بدەن. یانی ئینسانێکی ئەوەندە دڵ گەورە بوو. دەشیتوانی مەسەلەن داوا لە کۆمیتەی حیزب بکا یان بۆ خۆی بەرپرسی کۆمیتە بوو دەیتوانی زۆر شت بکا. بەڵام ئەو ماوەیە کە لەگەڵی بووم ئەوەم هیچ لێ نەدی. جا هەر لە بەر ئەوانەش بوو کە مامۆستا لە نێو دڵی ئێمە دا جێگای خۆی کردبۆوە. وە هەر وەها ئێمەش لە نێو دڵی ئەو دا جێگای خۆمان کردبۆوە.

وەبیرم دێ جارێکی کە لە مەعمووریەت دابووین، بەرێیان دەکردین بۆ قەندیل کە دەبوایە ٤٠ رۆژ لە موعموریەت بین لە گەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی چوار. ئێمە کە هاتینە پیرانان دەمانهەویست بپەڕینەوە کە هەواڵێکی تایبەتی تەشکیلاتیان پێ داین لەسەر وەزعی مامۆستای. من و کاک عوسمان پەرگورد ئەو رۆژە مەعموریەتەکەمان هەڵوەشاندەوە و گەڕاینەوە. داوامان لە مامۆستای کرد کە مەرەخەسی یەکت دەدەینێ ماوەیەکی برۆ بۆ مەرەخەسی. حازر نەبوو کە بڕوا بۆ مەرەخەسی لە بەر کاری حیزبی. دیارە ئەویش ئینسانێکی مەعقوول بوو و باوەڕی سەد لەسەدی بە ئێمە هەبوو. وە دەیزانی کە حەتمەن ئێمە شتێکمان زانیوەو بۆیە داوای لێ دەکەین کە بڕوا. لە نەهایەت دا رازی بوو، مانگێک و نیو چۆوە لای ماڵ و منداڵەکانی. دیارە ئەوە خۆشەویستی ئێمە و مامۆستای بە نیسبەت یەکتری بوو.

قەت بۆ جارێکیش نەبوو کە ئێمە چ لەسەر کاری حیزبی و چ لەسەر مەسائیلی شەخسی بە دڵ ئێشاوی لە کۆبوونەوە بچینە دەرێ. هەمیشە تەوافووقی نەزەرمان هەبوو. چونکە باوەڕمان بە سەداقەت و راستگۆیی یەکتر هەبوو.

خەسڵەتێکی دیکەی مامۆستای ئەوە بوو کە بوێر بوو لە کاری حیزبی دا، جا چ بە زەرەری با چ بە قازانج. چونکە ئەو قازانجی شەخسی حیساب نەدەکرد، لەسەر بەرژەوەندیی گەلی کورد بوو بە تایبەتی بۆ بەرە و پێش بردنی کاری حیزب کاری دەکرد.

ئێمە لە ناوچەی پیرانشار موقەدەرێکمان بەسەر هات. رەحمانی کەریمی کە دەستی تودەییەکانی لە پشت بوو. کۆمیتەی ئێمە بە تایبەتی لە سەروی هەموومان مامۆستا لە دێهاتەکان

تەبلیغاتمان دەکرد کە تەرحیک بە دژی ئێمە لە گۆڕێ دایە. چەندین جاریش نامە و شتمان بۆ دەفتەری سیاسی نارد، بەڵام بە داخەوە ئەوان هیچ نەهاتنە پێش. تا ڕۆژێک سەرگورد عەلیاری شەهید وەکو نوێنەری کۆمیسیۆن هات. لە کۆمیتەی پیرانان ئەمن و کاک مەلارەسووڵ یان هەڵگرت و لە بەشی نیزامیش قادر لاجانی شەهیدو عەبدوڵا ئێرانی شەهید بەشدار بوون. کە کاک سەرگورد لە دێی دێلزێ کە مەسەلەی سەرگردەی لە گۆڕێ دابوو، دیارە ناچمە سەر ئەو مەسەلەیە چونکە ئەویش بۆخۆی مەسەلەیەکی دیکەیە. بەڵام قەرار نەبوو دوژمن وا بە ئاسانی بچێ سەرگردەی بگرێتەوە. کە سەرگورد هات لە وێ کە تانگەکان وەسەر دەکەوتن بۆ سەرگردەی بە دووربین چاوی لێ دەکردن روی لە رەحمانی کەریمی کردو گوتی: کاک رەحمان ئەو تانگانە بە کوێ دا دەڕۆن؟ رەحمان کەریمی لە جواب دا گوتی: سەرگورد ئەوە دیارە بەو ڕێگایە دا وەسەر دەکەون. سەرگورد گوتی: نا ئەو تانگانە بە سەر جەرگی من دا وەسەر دەکەون بۆ سەر گردەو بۆ سەنگەری پێشمەرگەکان، کە وا بوو ئەوەی کە دەیڵێین ڕاستە. ئەو ماستە موویەکی تێدایە. مامۆستا بێ چون و چرا لەوێ هەڵوێستی گرت، فەوری جوابی داوەو گوتی: سەرگورد ئەوە ئەندامی حیزبی توودەیە و حیزبی تودەش غەرەزێکی تایبەتیان لە حیزبی دێموکڕات هەیە و لە سەرەوەی هەمووشیان غەرەزێکی گەورەیان لە شەخسی دکتۆر قاسملوو هەیە کە ئیستقلال و بیرو باوەڕو لەسەر پێی خۆ ڕاوەستانی حیزبی دێموکڕاتی لە دەست تودەی دەر هێنا. ئێستاش ئەوە مۆرەکانی خۆیان خزاندۆتە نێو ئێمەو دەیانهەوێ لەو ڕێگا جۆراوجۆرانە دا حیزبی دێموکڕات لەکەدار بکەن. ئەو وەختی سەرگورد سواری ماشێنەکەی بووو رەحمان کەریمی بە جێ هێشت و گەڕایەوە بۆ دەفتەری سیاسی.

وا بوو دوایە موشکیلەی رەحمان کەریمی حەل بوو. هەر چەند زەرەرێکی گەورەشمان ویکەوت. یانی مامۆستا بوێرێک بوو کە دەیتوانی لە موقابیلی مورەی سەرەکی حیزب دا کە ئەو وەختی رەحمان کەریمی فەرماندە هێز بوو و دەسەڵاتی سێ مەڵبەندی لە دەست دابوو، بەڵام مامۆستا توانی رووبەڕوو ئاوا بە نوێنەری دەفتەری بڵێ. ئەو بە راستی دەیوێرا لە جێی خۆی دا شت بڵێ.


لە سەر کاری کۆمەڵایەتی مامۆستا یەکێک بوو لەو ئینسانانە کە دەیزانی بە زمانی خەڵک قسە بکا. دەیزانی موشکیلەکانی خەڵک نەک وەک مەسئولێک بەڵکو وەک دوو رەفیق حەل بکا.

دوژمن لە ناوچەی بەری مێرگان خەڵکێکی زۆری چەکدار کردبوو. شەوێک پێشمەرگەکانی هێزی ئاوارە چووبوون نزیک بە ٦٢ کەسیان هێنابوو بە ٥٦ تفەنگەوە. ٥٦ تفەنگەکەیان هێناو هەر چەند ئەوە مەربوت بە کۆمیتەی بەری مێرگان بوو کە مام عەبدوڵای رەحمەتی بەرپرسی بوو، بەڵام داوای هاوکاریان لە ئیمە کردبوو و مامۆستا یەکێک بوو لە هەرە کۆڵەکە بە کەڵکەکان کە ئەو وەختە من لە کۆبوونەوەکان بەشدار بووم. بۆ ئەوەی کە چۆن گیانی ئەو خەڵکە بپارێزین و چەکەکانیشیان لێ وەرگرین. ئەو خەڵکە میوانی ئێمە بوون لە میشەدێی خوارێ. ماوەیەکی زۆر لەوێ مانەوە تا دوایی توانیمان هەر ٦٢ کەسەکە حەوالە کەینەوەو هەر یەکەو بە جۆرێکو بە شێوەیەک.

مامۆستا یەکێک بوو لەو کەسانە کە لە بەرنامەی دا لەگەڵ کۆمیتەی بەری مێرگان بۆ رێکو پێک کردنی ئەو کارە کۆمەڵایەتیانە کە گیانی خەڵکەکەش نەجات بدرێ نەخشێکی زۆر بە کەڵکی هەبوو. ئەوە خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی بوو کە خەڵک دەیتوانی رازی دڵی خۆی لە لای ئەو باس بکەن.

لە سەر مەسائیلی ئیختلافی نێو خۆمان، مامۆستا قەت پێی خۆش نەبوو ئیختلاف هەبێ. ئێمە لە هیزو کۆمیتەی شارستانی پیرانشار ئیختلافێکمان هەبوو کە گەیشتبۆ شێوەیەک کە زۆری نەمابوو بە زەرەری حیزبەکەمان تەواو بێ‌و خەڵک لێمان وەرەز بێت. خەڵکەکە داوایان لێکردین کە بە تایبەتی ئەندامانی نەهێنی- تەشکیلاتی، کە خەڵکێکی زۆر شارەزایان لەگەڵ بوو و خۆراکیان دەدا بە ئێمە. ئێمە پێشنیارمان کرد کە سێ نەفەر یانی منو کاک عوسمان پرگورد لە خزمەت مامۆستای دا بچینە دەفتەری سیاسی بە بێ ئەوەی کۆمیتەی شارستان ئاگادر بێت. ئەو وەختیش پلۆنۆم بوو، رێکەوتی ١٣٦١/٣/١٢ تەسمیممان گرت کە لەگەڵ شەخسی دکتۆر قاسملوو قسە بکەین. کە چووین میرزا عەبدوڵا بە رەحمەت بێ لە مەقەرێکی دەفتەری سیاسی بوو کە نەیاندەهێشت کەس بچێتە سەرێ. بە تەلەفۆن لەگەڵ کاک دکتۆر قسەی کردو گوتی: سێ نەفەر هاتوون، ناوەکانی داین بە کاک دکتۆر، و گوتیشی دەیانهەوێ شتێکی تایبەتی لەگەڵ تۆ باس بکەن. کاک دکتۆر کاک فەتاح کاویانی ناردو گوتی: ئەمن میوانم هەیەو خەڵکی بێگانەم لە لایە، بەڵام من قەولتان پێدەدەم کە ئەوەی کاک فەتاح دەیڵێ زمانی منو قسەی منە. دیار بوو ئێمە هەموو شتەکانمان لەسەر هێزو کۆمیتەی شارستانی پیرانشار لە گەڵ کاک فەتاح باس کردو ئەویش بە بێ ئەولاو ئەولا تەحویلی کاک دکتۆری دابوو، چونکە عەمەلی لەسەر کرا. بە خۆشیەوە تا حەددێک ئێمە سەرکەوتین.

کە وا بوو مامۆستا یەکێک بوو لەو کەسانە کە پێی وابوو ئیختلاف لە نێو خۆی حیزب دا بە زەرەری حیزبو گەلەکەمانە. هەر بۆیە ئەو کۆمیتەیەی ئێمەش ئەو ماوەیەی کە مامۆستا بەرپرسی بوو بە بێ ئیختلاف ئیدامەی کاری خۆی دا وە شەهامەتی زۆری دەگەڕیتە بۆ شەخسی مامۆستای.




لەسەر بوێری مامۆستا ئینسانێکی بوێر بوو لە رۆژی تەنگانە دا. ئەو ماوەیە کە ئێمە کارمان لەگەڵ دەکرد بوێری مامۆستای وەکو هەر پێشمەرگەیەک بەڵام بە تەسمیم گیر لە وەختی خۆی دا. ئیمە وەختێک لە بەهاری ٦٢ دا کە دەرمانداو کراین مامۆستا لە مەرەخەسی بوو. لە رادیۆ دەنگی کوردستانی بیستبوو کە کۆمیتەی پیرانان لە میشەدێی خوارێ دەرمانداو کراوەو هەر ١٦ نەفەر گیانیان لە خەتەر دایە. هەر ئەو وەختە دەگەڕێتەوە لەگەڵ حوسێن نمەکی و عەلی گەردی. کە دەگەڕیتەوە بێتەوە بۆ کۆمیتە، لە گوندی دەشتی گەنمان دەورەیان دەدرێ. تەنانەت سەربانەکەشیان لێ دەگیرێ. ئەو ماڵەی کە تێدا بوون جاش‌و پاسدار هەموویان گرتبوو. مامۆستا داوا لە دوو نەفەرەکە دەکا دەڵێ: ئەمن بە هیچ شێوەیەک ناتوانم خۆم تەحویل بدەم، ئەگەر ئێوە پێتان وایە ناتوانن ئەو مەرگە قەبووڵ بکەن کە میوانمان بوە فیشەکەکانتان تەحویلی من بدەن و خواتان لەگەڵ بێت. دیارە حوسێن نمەکی ئینکاری وەی دەبێ و کاک عەلی گەردیش دەڵێ: جا تۆ برای منی وەختێک ئەتۆ کوژرای ئەمن بۆ چی بمێنم. مامۆستا لەو وەختە حەساسە دا کە چوار تەڕەفی دێی گیراوە بە رەگبار کردن ئەوەڵ کەس دێتە دەرێ‌و بە سەریان دا دەگوڕێنێ و شەڕ دەکا بە شەڕ کردن لە دێی دێتە دەرێ. تەنیا باڵتۆیەکی لێ بە جێ دەمێنێ‌و ئەویش جاشەکان دەیبەنەوە و دەڵێن ئەوە مەیتی مەلارەسووڵە کە واش نەبوو.یانی بە دەیان جاریش ئێمە تووشی هەل و مەرجی ئاوا حەساس دەهاتین کە پیاو ناتوانێ جارێ لەسەر مێدیاکان باسیان لێوە بکا، چوون حەدی ئەقەل دەبی ٥٠ ساڵ بەسەر دا بچێ. بەڵام مامۆستا ئەلحەق دەیتوانی بوێرانە تەسمیم بگرێ و ئیبتکار بکاو لە مەرگیش نەدەترسا.

سڵاو لە شەهید مامۆستا مەلا ڕەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی

ماموٚستا لە بەشی تەبلیغات دا بوٚ کاری حیزب، بوٚ گرێ پووچکەی نەتەوەکەمان ئینسانێکی ئاگاو رووناکبیر بوو. هەر وەک ئەرزم کردن بە زمانی سادەی کوردەواری لە مزگەوتەکان قسەی دەکرد. قسە کردنەکەی بە شێوەیەک بوو کە هەموو کەس لە ناخی دڵەوە قسەکانی وەردەگرت.. چونکە لەسەر موشکیلەی بێسەوادی و بێ مافی و زوڵمو زوٚر کە قسەی دەکرد زوٚر سادە قسەی دەکرد. لە هەموو شوێنێک پێشوازی لێ دەکرا. زوٚربەی ماموٚستا ئایینی کانیش بە حەق لە ناوچەی پیرانان کە بەشێک لە لاجانیش خرابوە سەر ئەو ناوچەیە هاوکاریان دەکرد. بوٚ نموونە ئیمە جارێک مەلا عەزیز بێمرادمان شەهید ببوو. لە بە خاکسپاریەکەی دا هەزاران کەس بەشدار بوون. چونکە ئینسانێکی خوٚشەویست بوو لە حیزب دا بە تایبەتی لە مەڵبەندی پیرانشار. مەلای دێی کە لەسەر مەلا عەزیزی قسەی کرد گوتی: پێویست ناکا مەلا عەزیزی نە بشوٚن و نە لیباسی پێشمەرگایەتی لەبەر داکەنن. مەلا عەزیز پایە و پلەی لە ئاستی پایەو پلەی ئەو ئەسحابانەیە کە لەسەر بیرو باوەڕ گیانی خوٚیان لە دەست داوە. دیارە مەلای دێی دەیزانی کە سبەی موشکیلەی بوٚ دێتە پێش، ئیدارەی ئەوقافی ئیسلامی سزای دەدا، بەڵام مەلا عەزیز و کادرەکانی دیکەی ئێمە ئەوەندە خوٚشەویست بوون کە خەڵکەکە گیانی بوٚ لە خەتر دەخستن. ئەوەش هەر دەگەڕێتەوە سەر مەلارەسووڵی گەردی کە بە راستی لەگەڵ ماموٚستایانی ئایینی دێهاتەکان تەماسی تایبەتی هەبووو جێگای باوەڕی هەموو چینەکان بوو.

لێرە دا پێم غەدرە ئەگەر باسی شتێک نەکەین، ئەویش خزمەتی ئەو ژنە پێشمەرگانە کە بە راستی وەکو شێرەژن دەبێ حیسابیان لەسەر بکەین. وەختێک کە ئێمە باسی خەباتی ماموٚستاو ئەمسالی ماموٚستا دەکەین دەبێ سپاسی ئەو شێرەژنانە بکەین کە توانیان منداڵەکانی ئێمە ئاوا بەسەر بڵێندی سەروبەر بکەن. دەبێ لێرە دا سپاسی خێزانی شەهید مەلارەسووڵی گەردی و خێزانی هەموو شەهیدەکان بکەین و سەری تەعزیمیان بوٚ دانوێنین کە توانیان ئەو کارە بکەن کە ئێمە بە ئازادی و بە دڵێکی بێ موشکیلە بتوانین لە رێبازی حیزبەکەمان دا خەبات بکەین. ئەوە دەستی وان بوو، جێگا پەنجەی وان بوو، شەهامەتی وان بوو کە ئێمە دەمانتوانی ئەو خەباتە ئیدامە بدەین. بە تایبەتی ماموٚستا مەلارەسووڵ کە تەنانەت لە ساڵێکیش دا حازر نەبوو مانگێک بڕواتەوە سەری ماڵ و منداڵەکانی بدا. چونکە ئەوەندە یان لی دڵنیا بوو و دەیزانی کەسێک هەیە کە منداڵەکانی سەروبەر دەکا.

لە کوٚتایی قسەکانم دا دەمهەوێ وەکوو بیرەوەرێکی زوٚر تاڵی ژیانی حیزبیم کە دەبێ لە روٚژێکی وا پیروٚز دا، لە بیرەوەری ساڵروٚژی شەهید بوونی ماموٚستا دا بیڵێم. ئێمە بە سەدان سەربازی ونمان هەیە کە دیار نینە، بەڵام خوٚراک و کوٚڵەکەی حیزبی دێموکڕات و میللەتی کورد بوون. کاک عەلی خزری لە کاناڵی تیشک بەرنامەیەکی هەبوو بە ناوی خوٚمانە. جارێک خوشکێک بە ناوی خوشکی شەهید جەماڵ تەلەفوٚنی کرد بوٚ کاک عەلی. نزگەرەکانی ئەو خوشکە کە منی هێنایەوە بیری پێشمەرگەیەک کە لە دێیەکەی ئێمە شەهید بوو. پێشمەرگەکانی دیکە بە منیان گوت بە دەلیلی وەی کە ئەتوٚ هەم خەڵکی ئەو دێیەی و هەم ئەندامی کوٚمیتەی دەبێ بچی باوکی ئەو شەهیدە ئاگادار کەی. منیش مەجبور بووم. چووم لە دەرگام دا، دەرگا دانەخرابوو. کە چوومە ژوورێ بابی شەهیدەکە قەدەمی لێدەدا. سڵاوم کرد جوابی نەدامەوەو تەنیا روی تێکردم گوتی عەبدوڵات پێیە؟ گوتم بەڵێ. گوتی لە کوێیە؟ گوتم ئەوە لەسەر تراکتوٚریە. بە لەرزە لەرز وەسەر تراکتوٚرمان خست. کە لە نێو جەنازەکان دا کوڕەکەی خوٚی ناسیەوە لە ئامێزی گرتو گوتی چی پێیە؟ گیرفانەکانی گەڕاین هیچی پێ نەبوو.



تەنیا سەعاتێکی لە دەستی دابوو، سەعاتەکەمان دەر هێناو دامان بە بابیو ئەویش دیار بوو لە بەر دەستە لەرزوٚکەکانی سەعاتەکەشی لێ کەوتبوو، بەیانی کە دیتمان لە تراکتوٚرەکەی دا پێیان لێنابووو شکابوو.جا کە ئەو خوشکە تەلەفوٚنی کرد بوٚ بەرنامەی خوٚمانەو باسی جەماڵی برای کرد کە ئەو هەناسە راستگوٚیانەی کە بە حەقیقەت راستگوٚیانە بوو، کەوتمە بیری ئەو شەهیدە کە ئێمە سەدان سەربازی ونمان هەیە کە نە دایکیان هەیە شینیان بوٚ بگێرێ، نە خوشکێکیان هەیە ئاوا بە هەناسەکانی پڕ لە داخ و حەسرەتو راستگوٚیانە یادیان بکاتەوە. کەوتمە بیری ئەوەی کە بوٚ دەبێ ئیمە فکر لەوە نەکەینەوە یەکبوونو یەکدەستی مەحەکی سەرکەوتنە؟ دەبێ لە بیرەوەری شەهیدەکانمان دا دیسان ئێمە داوا بکەینەوە لە هەر دوو بەشی دێموکڕات کە ئەگەر دەیانهەوێ برینەکانی ئێمە سارێژ کەن مەرهەمی ئەو برینانە تەنیا یەکگرتنو هاوکاری کردنی یەکترە.

کاتێک کە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیو پارتی دێموکڕات بوٚ یەکەم جار کوٚ بوونەوە، کاک مەسعود قسەیەکی زوٚر جوانی کرد، فەرمووی: ئێستا کە لێرە کوٚ بووینەتەوە من خوٚم بە قەرزداری ئەو کەسانە دەزانم کە لە شەڕی براکوژی دا لە بەین چوونە، دەبێ جوبرانی بکەینەوە.

کە وابوو سەر دانواندن بوٚ یەکتر لە موقابیل یەکتری دا سەربەرزیە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ماوەی ٦٣ ساڵ تەمەنی دا بوٚ یەک جاریش سەری بوٚ دوژمن دانەنواندوە، بەڵام کە یەک جار سەر بوٚ یەکتری دابنوێنن هیچ کەس پێی ناڵێ حیزبێکی ترسنوٚکە. ئەوە سەربەرزیە. ئەو کەسەی کە پێش قەدەم دەبێ بوٚ سەر دانواندن و بوٚ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕات ئەوە ئەو کەسە بە غیرەتو بە شەهامەتە. هیوادارم ئێمە کە جەمعێکی زوٚر، بە دەیانی وەک منو کاک عوسمان پەرگورد کە دوای لەت بوونی حیزبی دێموکڕات زەحمەت بە خەسار هاتینە دەرێ، چونکە وەکو بیروو بوٚچوونەکەی ماموٚستا مەلارەسووڵی گەردی ئیختلافەکە گەیشتوٚتە شوێنێک کە بە داخەوە بە دەیان کەس زەحمەت بە خەسار هاتنە دەرێ.

جا ئەو کەسەی بیهەوێ پێش قەدەم بێ و مەرهەمێک بوٚ ئەو برینە ببینێتەوە، جا برین کوٚن بێت یان نوێ ژانەکەی هەر هەیە. ئەو مەرهەمە لێک نزیک بوونەوەو سەرکەوتنە. یەکگرتنو سەرکەوتن حەددی ئەقەل لە سەتحی سەرکردایەتی دا ئاواتی خەڵکی کوردە، ئاواتی هەموو بنەماڵەی شەهیدانە.

## بوٚ پیاوە دەسرە سپیەکە



علی مهرپرور

زوٚرجار دەسرەیەکی سپی بێگەردی کافووری بەدەستەوە بوٚ پاک کردنەوە وسڕینەوەی دڵوٚپ، دڵوٚپ ئارەقەی نێو چاوانی پانی تانیوە داپوٚشراو بە جامەدانە ڕەشوسپیەکەی کە بەفورمەشێو ەیەکی تایبەت بەخوٚی دەپێچرایەوە و هەمووروٚژێک خاوێنتر لە ڕوٚژی پێشووتربوو، قامەتێکی نەزوٚر بەرز ونەزوٚرکورتی مەیلەو قەڵەوی پتەو خاراوی ژیانی پرلەکارەسات ولێواو لێو لەرەنج، چوارشانە یەکی نەخشێنراو بە دەموچاوێکی تەختی سووروسپی بەروە گەنمرەنگ و هەمووروٚژ لەریش خاوێنکراوی سیوسیوە

دراو و سمێڵێکی ماشوبرینجی مەیلەوسپی. کەوا وپانتۆڵێکی نە نوێ بەڵکوو لەنوێ خاوێنتری بەرەنگی هاوشانی تەمەن، ڕاست هەروەک لەئوتوو درابێت، هەردەڵیی بانگهێشتی زەماوەند وشادی کراوە، جووتێک پێڵاوی هەمووکات وڕیشەداری تازەواکس وگۆرەویەکانی هاوتای خاوێنی سەراپای. هەنگاونانێکی نە بە پەلە ونە خاو وخلیچ، بەڵکوو قورس و قایم و ئیرادەی پۆڵایی لە پشت.

کە لەگەڵی دادەنیشتی لەگەڵ ئاخاوتنێکی بەنەزاکەت وپڕاوپڕلە ئەزموون وهیوا وبروا، تێکهەڵکێش لە قسەی نەستەق وشادی خوڵقین بەرەو روو دەبوویت. هەموو ئەو تایبەتمەندیانە کە زۆر بەکورتی ئاماژەی پێکرا مشتێک لەخەرواری تایبەتمەندیە بەرزەکانی مرۆڤێکی دڵ بەشۆڕش خۆش و چاو پرلەهیوا بۆ دوارۆژی گەلێکی بەشخوراو و ماف پێشێلکراو بەکۆڵەبارێکی خەبات و تێکۆشان لە پشت سەر، مرۆڤێک کە تایبەتمەندیە تاقانەکانی لەنێو سەدان کەس دا جیای دەکردەوە. ئەو مرۆڤە تێکۆشەرێکی رێگای ئازادی، پێشمەرگەیەکی بە بیرو باوەڕی حیزبێکی گرانقەدەر وەک حیزبی دیموکرات و ناوی مەلارەسووڵی گەردی بوو. زۆرجار کە لەسەرەوژوورەکەی رێگەی ئاسایشگای کەم ئەندامەکانی حیزب بەکۆمەڵێک پێشنیاری بەکەڵکەوە بەرەو کۆمیسوونەکانی حیزب لە " گوندی بۆڵێی بناری قەندیڵ" سەردەکەوت و بە بەرماڵەکەمدا بە هەنگاوە قورس و قایمەکانیەوە تێدەپەڕی و بەدەسرە سپیە کەی جار جار ئارەقەی لامل یان نێو چاوانی دەسرییەوە وپێش زارکردنەوەی بۆ وەڵامی سڵاوەکەم بزەیەکی پڕ لە خۆشەویستی و هەستی هاوپشتی و هاوخەتی بو ئەناردم، وەهاسیمایەکی لەو مرۆڤە شۆڕشگێڕە لەزەین ومێشکمدا نەخشاندوە کە هەرکات بیری دەکەمەوە دەڵیی هەر ئەو رۆژانەیە کە بۆ داکۆکی کردن لە مافی هاورێیانی هاوسەنگەری ئاسایشگا نشینی، لە کۆمیسیۆنی ماڵیدا دەی خستمە ژێر گوشار تاکوو سەرنجێکی زۆرتر بدەینە سەر ژیانی مادی ومەعنەوی کەم ئەندامەکانی سەنگەری ئەو کات.

بەداخەوە زۆرمان بایەخ و بەهای هاورێیانی خۆمان، هاورێیان و هاوسەنگەرانی رۆژانی سەختی خەبات و تێکۆشان، هاورێیانی رۆژانی لەشەوتاریکتر وشەوانی بەرڕەبەی تۆپ و خۆمپارەی دوژمن ئاژن ئاژن کراو، تا ئەو کاتەی لە لامانن و شانبەشان و پشتوپەنامانن، نازانین و نایان ناسین. کە نەشمان و ماڵئاوایان لێ کردین، لەباشترین حاڵەتدا فرمێسکێکیان بۆ دەڕێژین. کاک مەلارەسووڵی گەردی لەو تێکۆشەرانەی حیزب بوو کە شەهیدکرانەکەی زیانیکی مەزنی بەحیزبە خۆشەیستەکەی وخەڵکی ئەمەگناسی کورد گەیاند. ئەوکات بۆ حیزب و گەلەکەی بەکەڵک و بەنرخ بوو، پاش شەهید بوونیشی تاجی سەری نەهەر من بەتەنێ بەڵکوو هەمووکوردێکی مافخوازە.




شەهیدی سەربەرز کاک مەلارەسووڵی گەردی زۆر ئازیزم !

ئێستا کە بیست ساڵ بەسەر کارەساتی شەهیدکرانی بەرێزت و هاورێیانت بەدەست خۆ فرۆشان و نیشتمانفرۆشانێک کە خوێنی شۆڕشگێران ونیشتمانپەروەرانیان بەوادەی" سر خرمن" دەرشت، تێدەپەرێت. ئێستا کە بیستەمین ساڵوەگەری شەهید کرانتە هەرچەند دەکەم ناتوانم خۆم لەقەرەی نووسینێک بدەم کە پڕاوپڕ وەسفی شەهیدێکی سەربەرز وەک شەهید مەلارەسووڵی گەردی بێت. ئەوکەسەی کەبەخوێ و خاوخێزانیەوە بەگژ زوڵم و زۆر و نارەوایی لەهەر بەرگ و ڕەنگ و شێوە و شێوازێکدا بووبێت، چووبێتەوە.

من جگە لەوەی کە وەک هاوسەنگەرو هاورێ و هاوبیروباوەرت لێت نزیک بووم، لەلایەکی دیکەشەوە هەست بە نزیکایەتی لە رووحی پاک وبێگەردت دەکەم . ئەویش ئەوەیە کە گڵکۆ هەمیشەیەکەت دراوسێی گڵکۆی خێزانی جوانەمەرگ و خۆشی نەدیوو هەڵهاتووی دەستی زوڵم و زۆری رێژیم و دایکی منداڵە نازلێ شێواەکانمی لە قەندیل ئەو قەندیلەی کە دەڵێی هەر لە رۆژی ئەزەلەوە بۆ داڵدەدانی شۆڕشگێران سەری بەرز کردۆتەوە. من ئێستا نەلە قەندیلی سەربەرزەوە بەڵکوو بەهەزاران کیلومیتر دوورتر، بەهەزاران هەزار سڵاو دەنێرم بۆ رووحی پاک و بێ گەردت ، شەهیدی سەربەرز کاک مەلارەسووڵی گەردی و هەروەها هەزاران سڵاو بۆ رووحی پاکی خێزانی بەوەفام و دراوسێی هەتا هەتایت[سۆییبەی کۆنەپۆشی] و هەموو شەهیدانی سەربەرزی رێگای ڕزگاری کوردستان.

٢٢ ی ئۆکتۆبری ٢٠١١

## قسەکانی عایشە دەورانی هاوسەری شەهید مەلارەسووڵی گەردی





من لەو ژیانەی کە لە گەڵ مەلا رەسووڵ بردوومەتە سەرێ، هەرچی بیگێرمەوە جگە لە دەردەسەری و نارەحەتی و کوێرەوەری نەبێ هیچی تێدا نی‌یە،بەڵام من دەبێ وەک هاوسەری ئەو شتێک بڵێم بۆ مەلارەسووڵ.

لەو رۆژانەی کە من لەگەڵ ئەو ژیانم پێک هێناوە، کاری ئەو هەر حیزبایەتی و کوردایەتی بوو. ئەو کاروکاسبی خۆی وەلانابوو، هیچ ژیانێکی وای بۆ من نەبوو جگە لە کوێرەوەری و نارەحەتی بەدەر.

ئەو کاتەی کە ئەو چوار ساڵ لە زیندانی حەمە رەزا شای پێشوودابوو، من ئەو حەوت منداڵانەم گەورە کردوە و هیچ کەس نەبوو کە یارمەتیەکی من بداو ئاورم وێبدا، تەنیا جگە لە خۆم بەدەر.

بەڵام من ئەوەم دەزانی کە ئەو وەدوای کارێکی واکەوتبوو، واتە ئازادی میللەتەکەی و نەتەوەکەی دەمگووت قەیدی ناکا، ئەگینا پێم خۆشبوو وەک هەموو بنەماڵەیەک، پیاوەکەم هەمیشە لە ماڵێ باو بە ماڵ و منداڵی خۆی راگەیشتبا.


سڵاو لە شەهید مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی و هاورێیانی

ئەو عادەتی وابوو بۆ راگەیشتن بە کاروباری حیزبی ،جاری وابوو یازدە مانگ دەرۆیشت و جاری وابوو شەش مانگ دەرویشت. من قەت گلەییم لێ نەدەکرد، دەمزانی کە ئەو پیاوەی من، ماڵ و منداڵی خۆی وژیانی خۆی وەلا ناوە بۆ ئازادی خۆی و میللەتەکەی.
بۆ نموونە ئەو ماوەی کە ئەو بۆ ماوەی چوار ساڵ و دە مانگ کە لە زیندان بوو، ئێمەش رزق وماڵمان هەبوو کە دەبوایە لە بازار ساغی کەمەوە و بۆ ژیانی خۆم و منداڵەکان بیفرۆشم، من دەبوایە بۆ خۆم بچمە بازار و شتەکان بەرمە دووکانی حەجەمێک و نەمدەوێرا بچمە دووکانی کوردەکان لە شاری خانێ، ئەو دەم یەکێک لە رەفیقەکانی مەلا رەسووڵ بەدزیەوە دەهات و شتەکانی بۆساغ دەکردمەوە. منیش بە لامەوە سەیر بوو کە بۆچی ئەو خەڵکە لە من لادە دا و هیچ کەس ناوێرێ ئاورم وێبدا و کەس نامدوێنێ. رۆژێک لە رەفیقێکی ئەوم پرسی کە بۆچی ئەو خەڵکە لە من لادەدا؟ ئەویش وتی: راستی خوشکی بەرێزم لە بەر ئەوەی مەلا رەسووڵ
لە زیندان دایە، خەڵکەکە ناوێرن بە ئاشکرا یارمەتیت بدەن.
دەبێ لە ئاخری قسەکانم دا بڵێم ، ئەوەی راستی بی من حەزم نەدەکرد و پێم خۆش نەبوو قەت لە کوردستان وەدەرکەوم، چوونکە مەلا رەسووڵ خۆشەویستی خەڵکی بوو و ئەوەندە بە کاروباری خەڵکەوە بوو، لەگەڵ فەقیرو هەژاران بوو، دووری لە خەڵکی نەدەکرد.
هەرچەندە بەداخم بۆ ئەو ژیانە پڕ چەرمەسەریە، بەڵام مادام لە رێی کوردایەتی دابووە لێی پەشیمان نیم بۆ ئەو لایەنە لە گەڵ شەهید مەلا رەسووڵ هاو نەزەرو هاوڕا بووم.

## قسەکانی محەممەد عەبدوڵاپور بۆ یادی ٢٠ ساڵەی شەهید مەلاڕەسووڵ گەردی



من خۆم ئەو ماوەیە کە لە ئاسایشگا لە خزمەت ماموٚستای شەهید دابووم ، رەوابیتێکی باب و کوڕانەمان هەبوو بە یەکەوە.
تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کە ماموٚستا بێجگە لەوەی کە مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ خزمەتکارێکی بەوەفای نەتەوەکەی بوو، مرۆڤێکی قسە خۆش هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو.
ماموٚستا لەو ماوەیەدا کە بەرپرسایەتی ئاسایشگای لە ئەستۆ بوو، دەتوانم بڵێم نەزم و پرنسیبێکی جوان دەستی بە سەر ئەم ئۆرگانە دا کێشابوو.
بە هۆی ئەوەی لە ئاسایشگا، پێشمەرگە کەم ئەندام و بریندار و نەخۆش و پەککەوتەکان سەرپەرستی دەکران، زۆربەی ئەوانەش لە باری روحیەوە ئازاریان دەچێشت لەو وەزعەی کە بەسەریان هاتوە، ماموٚستا زۆر حەکیمانە و بە هەست بە مەسئولیەتەوە بەرخوردی لە گەڵ تاک تاکی ئەم هاوڕێیانە دەکرد.
ماموٚستا لە گەڵ پیرەکان پیر بوو لە گەڵ لاوەکان لاو بوو.
ئەوە ماموٚستای کردبۆ خۆشەویستی تێکڕای کەم ئەندامەکانی ئاسایشگا و دەوروو بەری.
ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ئاسایشگای ساڵانی پێش ماموٚستاو سەردەمی ماموٚستا دا بکەین ئەو لێزانی و دڵسۆزیەی ماموٚستامان زۆر باشتر بۆ دەردەکەوێت.
من زۆر باشم لە بیرە کە هاوڕێیانی ئاسایشگای گەورە دێ کە پێش ماموٚستا بوو، ببوو بە ناوەندێکی بێ نەزمی بێ عورمەتی کردن بە ئەندامانی رێبەری .
بەڵام ماموٚستا لە ئاسایشگای بۆڵێ کارێکی وایکردبوو کە بەڕاستی تەنیا لە خۆی دەوەشاوە.
من گەورەیی و دڵسۆزی ماموٚستام کاتێک زیاتر بۆ دەرکەوت، کە لە بەشی ماڵی و تداروکات یەک دووجار میوەیان بۆ ئاسایشگا هێنابوو، بەڵام میوەکە تازە نەبوو، ماموٚستا جاری ئەوەڵ دەنگی نەکرد بەڵام ئەگەر شتەکە دوبارە بۆوە چەند کەسی لە کەم ئەندامەکان ئامادەکرد و زۆر باشم لە بیرە میوەکەی دەتەشتێک کردوە فەرموی جا وەرن بیبەن بۆ کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بۆ خزمەت کاک سەید سەلامی عەزیزی کە ئەوکات بەرپرسی کۆمیسیۆن بوو.



ماموٚستا بەم کارەی نیشانی دا کە چەندە لە خەمی ئەو ئۆرگانەی دایە و چەندە باشی و خۆشی ئەوانی دەوێت.
شەهیدی مەزن دوکتۆر قاسملوو یەکێک لەورێبەرانە بوو کە زۆر جاران دەیفەرموو ئاسایشگا بنکەیەکی هەرە گرینگە، ئاسایشگا شوێنی گوڵە پەڕپەڕبوەکانی سەنگەری خەباتە، هەربۆیەش دوای گەڕانەوەم لە سەفەرەکانم دا پێم خۆشە پێش لە هەموو شوێنێک سەردانی ئەم بنکەیە بکەم، کە خودا هەڵناگرێ هەموو کاتیش ئەم کارەی دەکرد.
لە کۆتایی دا ئەوەندەشی پێوە زیاد دەکەم کە ماموٚستا بوو لە دانیشتنێکدا لە گەڵ شەهیدی مەزن دوکتۆر قاسملوودا داوای کرد کە کتێبخانەی ناوەندی بێنێتە ئاسایشگا تا کەم ئەندام و پەککەوتەکان ئیمکاناتی باشتری سەرگەرمیان هەبێت.
هەر ماموٚستا بوو کە لە ئاسایشگادا یەکەم مەیدانی واڵیباڵی داوا کردو جوابیشی درایەوە و لە کۆڵانی ئاسایشگا مەیدانی واڵیباڵیان بۆ کەم ئەندامەکان دروست کرد کە زۆربەی پێشمەرگەکانی دەوروو بەریش خێریان لێ دەدیت.
هەر ماموٚستا بوو کە لە سەرتای درووست کردنی ئاسایشگا دا گوتی دەبێ خواردنی ئاسایشگا و نەخۆشخانە یەک بێت بە دەلیلی ئەوەی ئەو کەسانەی کە لە ئاسایشگا دادەنیشن، پێویستیان بە خواردنی باشتر هەیە.
ماۆستا هەم لە باری روحیەوە و هەم لە رووی عاتفیەوە و هەمیش وەک بەرپرسێکی شارەزا توانیبووی، تەئسیری باشی لە سەر کەم ئەندامەکان هەبێ. ئەوان بە تایبەتی جەوانەکان زیاتر وەک باوکێک سەیریان دەکرد و ئەویش ئەوانی بە کوڕی خۆی دەزانی.

سڵاو لە شەهید ماموٚستا مەلا رەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی

زۆر جار هەبوو گلەیی لێمان دەکرد، دەیفەرموو ئێوە سەرم نادەن، واتا نایەن بۆ ماڵێ بۆ ئێنزێ، هەرچەند چەندین جاریش برادەران چوبون، بەڵام روحی مامۆستا ئەوەندە گەورە بوو، بەو چەند جارە لێمان ڕازی نەدەبوو، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی.

*لە گەڵ ڕێزم محەممەدی فەقێ عەلی, قوتابییەکی مامۆستای شەهید.*

## برای خۆشەویست وهەردەم زیندوومان مەلا رەسووڵ

لە کاتێک دا یادو بیرەوەری ٢٠ ساڵەی تۆ دەکەینەوە کە پێمان وایە هەرئێستا لەگەڵت لە کۆبوونەوە دانیشتووین و باسی دابەشکردنی کارەکان دەکەین کە چۆن بچینەوە بۆ ناوچە و بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی حیزبی، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە هەرگیز تۆ لە بیر ناکەین، هەر دەم و هەر بەیادی ئەو کاتانەی کە ماوەینزیک بە هەموو ژیانی سیاسیمان بە یەکەوە بووین، هەر بەو بۆنەیەوە زۆر یادو بیرەوەی زۆر خۆش و ناخۆش دێتەوە بیرمان، پێمان وایە ئیشارە بە هێندێکیان بکەین وەک یادی بەرێزت.

١ ئەو کاتانەی کە لە کۆبوونەوەکاندا کە چۆن گوێت ڕادەگرت بۆ نەزەرو بۆ چونەکانی ئێمە، هەمیشە وەک رەفیقێکی سەمیمی وابووی نەک وەک بەر پرس، لە گەڵ ئەوەشدا کە مەسئولێکی خاوەن نەزەر و بە بڕیار بووی و لەکاتی خۆیدا بڕیارەکانت دەدان.

٢ - لە بیرمانە کە چۆن لە سەر دیفاع لە خەڵکی ناوچەی پیرانان لە بەرانبەر کۆمیتەی شارستان و هێز هەڵوێستت دەگرت.

٣ لەبیرمان ناچێ کە چۆن بە یەکەوە دەچووینەوە بۆ ناوچە بە شەو یان بە رۆژ، هەرگیز نەتدەزانی ماندوو بوون چۆنە، قەتیش ماندوبوون و تووڕەیی و یان نارەحەتی بە نێوچاوانتەوە دیار نەبوو، دەگەڵ ئەوەشدا تەمەنت لە ئێمە لەسەر تر بوو، بەڵام باوەڕ بکە لەکاتی بەهاراندا کە بە شەو بەیەکەوە دەچووینەوە بۆ ناوچە ، ئێمە و پێشمەرگەکان دەبوو خەریکی دەلینگ شوردنەوە باین، بەڵام تۆ نەت دەهێشت کەوشەکانیشت پیس بن تا دەگاتە دەلینگت، ئەوەندە جوان بە ڕێگادا دەرۆیشتی.

٤ - ئەو کاتانەی کە لە مەقەری کۆمیتەدا دادەنیشتی قەت قەڵەمت لە کار نەدەکەوت، بەدائیم خەریکی شت نووسین بوی، کە ئێمە بە غیلیمان بەو خەتە جوانەی تۆ دەبرد.

٥ - هەر ئێمە دەمانزانی کە تۆ قەت ترس بە نێوچاوانی تۆدا دیار نەبوو، لە کاتی هێرشەکاندا یان کەوتنە کەمینی دوژمن، بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەمان کاتێک کە هەواڵی دەرمانداو کرانی(کۆمیتەی ناوچەی پیران) و ئێمەت زانی دەتویست بە پەلە خۆت بگەیەنیەوە لای ئێمە، بۆ لای بەیانی خۆت گەیاندە گوندی" دەشتی گەنمان" لە ناوچەی نەڵێن بۆ ئەوەی پشوو بدەی، بەڵام بەیانی کە زانیت هەرچوارلات لێ گیراوە و دوژمن دەورەی داون، بە بێ ئەوەی هیچ بپۆشەکێی یان بخەجڵێی بە ئەسپایی بە هاورێیانت (عەلی گەردی و وسێن شێخە) ت وتو داوات لێ کردن کە ئێمە تازە ڕێگای دەربازبوونمان نیە، بەڵام ئێوە دەتوانن خۆتان تەسلیم بکەن(هەروەک دوژمن داوای تەسلیم بوونی لێ دەکردن لە سەربانیرا) منیش ڕێگای خۆم کە بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنە درێژە دەدەم، کاتێک ڕەفیقانت ئەو شەهامەتوو قارەمانەتیەی تۆیان زانی، ئاو بە چاوانیاندا هاتەخوارێ وبڕیاریاندا کە بەجێت نەهێڵن، هەر بۆیە بڕیاری تێکشکاندنی گەمارۆکەتاندا، وەک شێر نەڕاندتان و خۆت هاویشتە حەساری ومۆڵەتی دەس کردنەوەتان بە دوژمن نەدا، خۆتوو هاورێکانت لەو گەمارۆیەی دوژمن نەجاتدا، بێ ئەوەی زیان تان بەر کەوێ.



بەرێز، تۆ کە لە گوندی" دەشتی گەنمان" هەوڵی ئەوەت دەدا کە چۆن خۆت لە گەمارۆی دوژمن نەجات دەی، ئێمەش لە گوندی میشەدێ چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە چۆن لە دەس ژەهر خواردن نەجاتمان بێ، لە ناکاو هەواڵمان بۆ هات کە تۆ شەهیدکراوی، باڵتۆیەکەی تۆ کە لەوێ لێت جێمابوو لە ناو شاری پیرانشار دەیان گێڕا ودەیان گوت کە مەلا رەسووڵی گەردیمان کوشتوە، هەرچەندە ئێمە لە مانی خۆمان زۆر دڵنیا نەبووین بەڵام هەواڵی مەرگی تۆ هێندەی دیکە ئێمەی نارەحەت کرد، لە ناکاو خۆت بە ژووری مەقەرێ داکردو یەکترمان لە باوەش کرد، نە تۆ گەمارۆت لەبیرما و نە ئێمەش دەرمانداوکردن.

کاکەگیان شت زۆرە قسەمان زۆرە کە وەبیرت بێنینەوە، یان لە گەڵت باسی بکەین، مامۆستا گیان ئێمە زۆرمان گوێ بۆ تۆ ڕاگرت و زۆر شتت لێ فێر بووین، بەڵام تکایە بزانە ئێمە لە کوێن وچی دەکەین، هەر وەکوو جاران کە ڕاپۆرتی کۆمیتەی پیرانانن بۆ دەخوێندیەوە. ئەگەر تۆ و هاورێیانت لە ناو بڵێسەی ئاگردا هاوارتان دەکرد کە کەسێک بێ ڕەزگارتان بکا، بەداخەوە کەس نەبوو بێ بە هاوارتان، بەجێتان هێشتین.

کاتێک تۆ وحەسۆ لە دەس ئاگری دوژمن هاوارتان دەکرد، بەڵام ئێمەش ئەندامانی بەوەفای حیزبەکەمان وهاوڕێیانی پێشووی تۆ لە دەس دووبەرەکی ئەندامانی حیزبی دێموکرات، باوەر پێک نەبوونو لەت بوونی حیزبەکەمان دەناڵێنین، جا هەر بۆیە وەبیرت دێنینەوە، ساڵێکی لە پیرانشار ناکۆکیەکی زۆر قووڵلە نێوان کۆمیتەی شارستان و هێز هەبوو، بۆ چارەسەری وەزعەکە ئێمە (مەلا رەسووڵ، سەید عەلی و عوسمان) خۆمان گەیاندە دەفتەری سیاسی بۆ چاو پێکەوتنی شەخسی دوکتۆرقاسملوو کە چاومان پێی کەوت و ئەو وەزعەمان پێ ڕاگەیاند، هەر بۆیە تکات لێدەکەین کە بچوو بۆ لای پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندی و هەموو شەهیدانی حیزبی دێموکرات و پێیان بڵێ کە وەزعی حیزبەکەمان زۆر شپرزەیە و لەت لەت بوونە و بێ باوەریە بە یەکتر.

هەر بۆیە وەک زیندوو قسەت لەگەڵ دەکەین چونکە تۆ قەت لە لای ئێمە نامری،، بەڵگەشن ئەوەیە کە لە هەموو ژیانی کاری سیاسیدا لەو ماوە دوروو درێژەدا کە کاری حیزبین پێکەوە کرد، بۆ یەکجاریش دڵمان لێک نەیەشا، نە تۆ دڵت شکاندین ونە ئێمەش دڵی تۆمان شکاند. یادت بەخێر و ڕووحت شاد بێ .

*ئەوانەی قەت لەبیرت ناکەن،*

*ئەندامانی بە وەفای دێموکرات: سەید عەلی هاشمی، عوسمان پورگوردو عومەر ئاریخ*

٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١١

## ژنانی نێو کۆڕی خەبات. دیمانە: شوعلە قادری

وتووێژ لەگەڵ خاتوو حاجی ئایشە دەورانی هاوسەری شەهیدی هەرگیز نەمر، کادری لێوەشاوەی حیزب کاک مەلا ڕەسووڵ گەردی لە نێو جەرگەی لاپەرە زێرینەکانی مێژووی نەتەوەی کورددا، بە سانایی دەردەکەوێ کە لە خەبات و تێکۆشان و بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد دا، کچان و ژنانی ئەو نەتەوەیە، دەورێکی یەکجار سەرەکی و کاریگەریان لە هەموو کات و سەردەمێکدا گێراوە. یەکێک لە تایبەتمەندیە هەرە گرینگەکانی ژنانی نەتەوەی کورد ئەوەیە کە زور ژیرانەو هۆشیارانە لە گەڵ کات و سەردەم و هەستان و کەوتن رۆیشتوون و بۆ ئاڵوگۆرو پێشکەوتوویی کۆمەڵگا لە هیچ شتێک نەپرینگاونەوە.

ژنانی کورد لە هەموو کات و ساتێکدا، پشتیوانی سەرەکی پیاوانی شەرکەر بوون و یان لە بەرەکانی شەڕدا، دژی دوژمنان جەنگاون و بە گوڕو تین و هێزێکی مەزنی نیشتیمان پەروەری لە بەرابەر بێگانەدا، بەرەنگاریان کردوە و یان زور فیداکارانە بە تەنیا سەرپەرشتی ماڵو منداڵیان خستۆتە سەر شانی خۆیان، بۆ ئەوەی کە هاوژیانەکانیان بە خەیاڵی ئاسودە لە مەیدانی بەربەرەکانی لە گەڵ دوژمندا برۆنە پێش.

یەکێک لەو ژنە فیداکارانە، حاجی ئایشە دەورانی خێزانی شەهید مەلا رەسوڵ گەردیە کە لاپەرەی ژیانی ژنان بۆ ئەو جارە، دەچێتە لای ئەم دایکە دڵسۆزەو بۆ ساتێک، سەرنجی خوێنەرەکانی بۆ بەسەرهات ودەردی دڵەکانی رادەکێشێ:

**پرسیار:** سەرەتا داوات لێدەکەم خۆت بە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بناسێنە.



**وەڵام:** ناوم ئایشەو، نازناوم دەورانی یە، لە یەکێک لە رۆژەکانی پاییزی ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە گوندی شێخ ئاودەلانی نزیک بە شاری قەڵادزێ لە دایکبووم، دیارە ماڵی باوکم ئەو کات لەوێ ژیاون و دواتر روویان کردۆتە کوردستانی رۆژهەڵات.

**پرسیار:** چۆن لە گەڵ شەهید مەلا رەسوڵ ئاشنابووی و پەیمانی هاوسەریتان دا؟

**وەڵام:** ناسیاویم لە گەڵ مەلارەسوڵدا دەگەرێتەوە بۆ یەکێک لە رۆژەکانی بەهار کە ئەو کات ماڵمان لە گوندی دێلزێی ناوچەی پیرانانی پیرانشار بوو. لەگەڵ دەستە خوشکەکانم چوبووین بۆ کوێستان بۆ کردنی کارگ و رێواس. لە نەکاو دای دایە رێژنەی بارانە. ئێمەش بۆ ئەوەی خۆمان لە تەڕبوون بپارێزین چووینە بن تاشە بەردان، لە هەمان کاتدا دەستەیەک فەقێ بە لاماندا رەد دەبوون. ئەوانیش لایاندا لای ئێمە. یەکێک لەو فەقێیانە مەلا رەسوڵ گەردی بوو کە ناسیاویم لە گەڵ پەیداکرد و دواتر پەیمانی هاوسەریمان دا بە یەک.

**پرسیار:** کاری سیاسی هاوسەری شەهیدت لە کەیەوە دەستی پێکرد؟

**وەڵام:** کاری سیاسی ئەو هەر ئەو کاتە دەستی پێکردبوو کە فەقێ بووە لە حوجرەی فەقێ یاندا. دیارە پێش دەست پێکردنی ژیانی هاوسەری لە گەڵ مندا.

**پرسیار:** کاتیک شەهید مەلا رەسوڵ دەستی دایە کاری سیاسی، چ ئاڵ و گۆرێک لە ژیانی تۆدا وەک هاوسەری ئەو هاتە پێش؟

**وەڵام:** هەر لەو کاتەدا کە ئەو داوای لە من کرد کە ژیانی هاوسەری لە گەڵ پێک بێنم، گۆڕان لەژیانی منڵدا دروست بوو کە دەبوایە خۆم لە گەڵ ژیانی ئەو تەتبیق بدەم، یانی نەهێنی پارێز بم و زار بەدەرەوە نەبم، بۆ ئەوەی تووشی موشکیلەو دەردەسەری نەکەم و هاوکارێکی بە وەفای ئەو بم و لە کاتی تەنگانەدا بە تەنیا بەجێی نەهێڵم.

**پرسیار:** چ گۆڕان کاریەک بە سەر پەیوەندی خەڵک یان تەنانەت خزمان هاتە پێش، کاتێک زانیان هاوسەرەکەت سیاسی یە؟ چوونکە زەمانی پاشایەتی کاری سیاسی زور قاچاغ بوو.

**وەڵام:** نووختە گۆڕانی جیددی لە ژیانی ئێمەدا، ئەو کاتە دەستی پێکرد کە شەهید مەلا رەسووڵ لە درێژەی تێکۆشانی سیاسی خۆیدا، بە نەهێنی سەفەرێکی بۆ کوردستانی گەرمێن واتە عێراق کرد، لە گەرانەوەیدا هەندێک لە ئاغاکانی ناوچە کە نەیاری ئەو بوون، راپۆرتیان لێدا و بە هۆی ئەوانەوە رۆژێکیان لە نەکاو ژاندرمە و مەئموورانی ساواک دەوری ماڵی ئێمەیاندا و مەلا رەسووڵ بۆ یەکەمجار گیرا، دوای ئەوەی حوکم درا پێنج ساڵی زیندانی بۆ برایەوە. ئەوکات من چوار منداڵم هەبووکە هەموویان چووکە بوون، ئەوەش بۆ من زور سەخت بوو کە ئەرکی پەروەردەکردن و بە خێوکردنی منداڵەکانم بە تەنیا کەوتە سەرشانم، وە تەنانەت براکانی هاوسەرەکەشم نەیاندەویرا یارمەتیم بدەن. ئێمەش پەیداکردنی بژیوی ژیانمان لە رێی وەرزێریەوە بوو، دیارە ئەوکات لە دێ دەژیاین. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە براکانی شەهید مەلارەسووڵ لە ترسی فشاری زۆری رژێمی ئێستای ئێرانش بە داخەوە نەیان توانیوە هاوکاریمان بکەن، بەلام خوشکی مەلا رەسوڵ بە نێوی ئایشە گەردی زۆر جاران ئاوڕی لێدەداینەوە و سەردانی دەکردین، کە بەداخەوە ئەویش لە ژیاندا نەماوە.

**پرسیار:** هەر وەک ئیشارەت پێکرد، ئێوە لە دێ دەژیان و هەموومان دەزانین کە ژیانی لادێ سەختە. تۆش سەرەرای ژیانی سەختی لادێ منداڵیشت هەبووە و کەس و کاری هاوسەرەکەت نەیان وێراوە ئەو کاتانەی کە براکەیان لە زیندان بووە هاوکاریتان بکەن، چ کەسانێکی دیکە هەبوون کە هاوکاریان کردبی تا ئەو ژیانە سەختە بەرییە پێش؟

سلاو لە شەهید ماموستا مەلا رەسووڵ گەردی و هاورێیانی

**وەڵام:** هەر وەک باسم کرد پەیداکردنی بژێوی ژیانمان لە رێی وەرزێرییەوە بووە. دیارە ئەو بۆ خۆی مەلا بوو، بەڵام پیشەکەی خۆی لە ژیانیدا وەلا نابوو. ئەو پێی وابوو کە دەبێ بۆ خۆی، خۆی بژیەنێت نەک لە رێی مەلایەتیەوە بژی. کارەکەی وەرزێری بوو. خەڵکی ئاوایی جەران کە تا ئینقلابیش دەستی پێ کرد، ئێمە هەر لەوێ دەژیاین، زۆر یارمەتیدەری بوون و کارەکانیان بە هەرەوەزی بۆ رادەپەراند، بەڵام کاتێک کەوتە زیندان، خەڵکەکەش دەترسان کە لە رێی ساواکەوە تووشی موشکیلە ببن و دەردەسەرییان بۆ درووست بکرێ. لە بەرئەوە تەنانەت دراوسێکانیش بە ئاشکرا نەیاندەوێرا هاوکاریمان بکەن، منیش مەجبوور بووم هێندێک زەویە کشت وکاڵیەکانمان بە نرخێکی زۆر کەم بە ئیجارە بدەم کە لەویشدا زۆریان زوڵم لێدەکردین. دەتوانم بڵیم تەنها هاودەم و هاوکاریشم لەو ژیانە سەختە دا چوار منداڵەکانم و دایکم بوون.


بەڵام وەک شتێکی راستەقینە کە دەبێ ئیشارەی پێ بکەم ئەوەیە کە ئەو کەسانەی سەریان لە سیاسەت دەردەچوو وەک قارەمانێک سەیری مەلا رەسووڵیان دەکرد وەک رێزلێنانێک بۆ کاری سیاسی ئەو.

**پرسیار: بەرهەمی ژیانی هاوبەشتان چی یە؟**

**وەڵام:** بەرهەمی ژیانی هاوبەشم لەگەڵ شەهید مەلا رەسووڵ سێ کچو چوار کوڕە کە ئێستا هەموویان بە ژیانی خۆیانەوە خەریکن.

**پرسیار: لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی ژیانت بە تەنیا ئەو هەموو زەحمەتەت لە سەر شان بۆوە بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانت، هەڵسوکەوتی کوڕو کچەکانت بە نیسبەت جەنابت وەک دایکێکی فیداکار چۆن بۆوە، لێیان رازی؟**

**وەڵام:** من وەک دایک کە زۆرتر بۆخۆم پەروەردەی منداڵەکانم وەئەستۆ گرتوە و پێم گەیاندوون، زۆر لێیان رازیم، چونکە لە هەموو ژیانم دا ئەوان هاوڕێ و هاوکارم بوونە. هەر لە بەر ئەوەش کە بە هۆی سیاسی بوونی باوکیانەوە تووشی ژیانی ئاوارەیی بوون و دەربەدەر بوون و هەمیشە میللەتی خۆیان خۆش ویستووە، بۆ من پیرۆزو موقەدەسە. بە تایبەتی لەو لایەنەوە کە دوو لە کوڕەکانم رێبازی باوکیان گرتە بەر و ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵ لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دابوون. بەڵام بە هۆی درێژ بوونەوەی مەودای خەبات، بۆ پێڕاگەیشتن و پەروەردە کردنی منداڵەکانیان، ئەوانیش پەڕیوەی هەندەران بوون.



**پرسیار: حاجی ئایشە چۆن یان بڵێین کەی بەو قەناعەتە گەیشتی کە پەڕیوەی هەندەران بیت؟**

**وەڵام:** کاتێک کە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی، بە هۆی کردەوەیەکی تێرۆریستی مەلا رەسووڵ لە گەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی حەسوو عەلیپور و جەلیل مامایی شەهید بوو، دەرەتانی ژیان بۆمان سەختتر بوو. ئەو کات بڕیارم دا بۆ ئەوەی باشتر بە منداڵەکانم رابگەم ئەو رێگایە بگرمە بەر. پەیوەندیم بە بەشی پەنابەری( یوو ئێن) لە شاری هەولێر گرت و دوای پێنج ساڵ چاوەڕوانی، لە وڵاتی سوئێد مافی پەنابەریمان پێدرا و ئێستا لە شاری ئۆرێبرووی سوئێد لەگەڵ هەموو کوڕو کچەکانم دەژیم.

**پرسیار: بێشک هەموو ئینسانەکان ئاوات و ئارەزوویان زۆرن، بەڵام بۆ جەنابت چ ئاواتێک سەرووی هەموو ئاواتەکانە؟**

**وەڵام:** ئاواتی سەرەکی من ئەوەیە کە وڵاتەکەمان لە دەست دیکتاتۆری ئاخۆندی رزگاری بێت و بە ئازادی و سەربەرزی بگەڕێمەوە زێدی خۆمان و سەردانی گۆڕی دایکم بکەم کە بە وەفاترین هاورێی رۆژە سەختەکانی ژیانم بوو.

**پرسیار: دوا وتەت بۆ خوێنەرانمان چی یە؟**

**وەڵام:** دوا وتەی من ئەوەیە کە زۆرن کەسانی فیداکار وەک شەهید مەلا رەسووڵ کە ژیانی خۆیان فیدای رزگاری میللەتەکەیان کردوە، بەڵام ئێستا وەک سەربازی ون وانە و ئاوڕیان لێنەدراوەتەوەو پشت گوێ خروان. هیوادارم گرینگی بە لایەنە شاراوەکانی ژیانی ئەو رۆڵە گیان بەخت کردوانە بدرێ بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بتوانن دەرس لە فیداکاری ژیانی وان وەربگرن.

**دیمانە: شوعلە قادری**

سەرچاوە: گۆڤاری ژمارە ٢۴ ی ژنان

ماڵپەری گیارەنگ

ماڵپەری مەلا رەسووڵ گەردی



## لە یادی٢٠ ساڵەی شەهید مەلا ڕەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی دا.



وتەکانی سیاسەتمەدارو نووسەر و وەرگێری ناسراوی کورد بەرێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە بەرنامەی کاروانی شەهیدان دا بۆ یادی ٢٠ ساڵەی تاوانی تیرۆر کردنی کاک مەلا ڕەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی کە بە دەستی پیاوانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نزیک گوندی خوێبیان لە بناری قەندیل ڕوویدا و شەهید کران .

ئەوەی خوارەوە دەقی وتەکانی بەرێز مامۆستا حەسەنزادەیە کە لە کاروانی شەهیدان دا بڵاو کراوەتەوە:

شەهید مەلا ڕەسووڵ گەردی لە لایێکەوە شەخسیەتێکی کۆمەڵایەتی بوو، کەسایەتیێکی بەرزی ئایینی بوو، بۆ خۆی پێشەوایەکی ئایینی بوو، تێکۆشەرێکی سیاسیش بوو، لە ساڵەکانی سەرەتای ١٣٤٠وە ببوو بە ئەندامی حیزب. ئەوەی ئەمن بزانم لە ساڵەکانی ١٣٤٧ و ١٣٤٦ دا کە بزووتنەوەی چەکدارانە لە بەشێکی کوردستاندا لە ئارا دابوو، کاک مەلا ڕەسووڵ هاوکارییێکی نزیکی هەبوو لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە نەتیجەشدا گیرا و پێم وایە بۆ ماوەی ٣ یا ٤ ساڵ حوکمی زیندانی بە سەردا سەپا. بەڵام ئەوەش بە هیچ جۆر لە ئیرادەی کاک مەلا ڕەسووڵی کەم نەکردەوە، بۆیە وەختێکی لە ساڵی ١٣٥٨ و ١٣٥٧ دا ڕاپەرینی خەڵکی ئێران بە دژی رژێمی پاشایەتی دەستی پێکرد، لە ئەوەڵین کەسانێک بوو کە هاتە مەیدان و تێکۆشان و فەعالیەتێکی زۆر بەرچاوی دەست پێکرد .

ئەمن ئەگەر بمهەوێ لە سەر شەخسیەتی کاک مەلا ڕەسووڵ قسان بکەم، هێندێک شتی زۆر بەرچاوم تێدا دی، ئەوەڵەن ئینسانێکی گورجوگۆڵ، ئینسانێکی بە زیپک و زاکون، هەمیشە ئامادە، هەمیشە دەتگووت خەدەنگە، پوختو خاوێن، ڕێکو پێک، زۆر لەگەڵ خەڵکی سەرو ڕووخۆش بوو. لە پاشان ئەمن شەخسیەتی ئەو ئینسانەم بەو جۆرە دەدی، کە ئاشقی دوو شتی ئەساسیە، یەکێکیان بەراستی موسڵمانێکی موئمین بوو، یەکێکیشیان ئاشقی میللەتی خۆی و لە نێو میللەتەکەشی دا ئاشقی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. هێمن شێعرێکی هەیە کە دەڵێ:



لە کاتێکا کە گێژو وێژو مەستم
لە کاتێکا کە نوێژێ دا دەبەستم
کە هەڵدێنم لە بۆ نیییەت دوو دەستم
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە

پێم وایە لەو وەختەدا کە نوێژیشی دەکرد، تاعەتیشی دەکرد، نیشتمانەکەی و قەزیەی میللەتەکەی هەر لە بیر بوو، لە عەینی کاتدا لەو وەختەدا لە حاڵتی خەباتێکی توندو تیژی بەرەنگاری دابوو، دەگەڵ هجوومی رژێمی جەمهووری ئیسلامی، لە هیچ وەختێکی دا غافڵ نەبوو لە یادی خودای و لە فەرایزی دینی لە نوێژ لە ڕۆژوو. لە پاشان ئەوەندە ئاشقی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، کە بەراستی جاری وابوو پیاو دەیگووت موبالغە دەکا، ئەوەندە لە سەر حیزبەکەی بەجوابە لە مقابل هەر شتێکدا کە بە دژی حیزبەکەی دابایە، خۆی پێرانەدەگیراو زۆر بە توندی ئەوەی پێی دەڵێن عکس‌العمل یا دژکردەوە لە خۆی نیشان دەدا. جگە لەوە شەخسیەتی کاک مەلا ڕەسووڵ خسووسیەتێکی دیکەشی تێدا بوو، کە بە حوکمی ئەوەی بۆ خۆی پەروەردەی دێهات و نێو چینی جووتیار و زەحمەتکێش بوو، زۆریش تەرەفداری هەژاران و زەحمەتکێشان بوو، لەو پەیوەندیەش دا ڕەنگە دووچاری هێندێک بەربەرەکانی ببێ لە تەرەف ئەوانەوە کە موخالیفی ئەو خەت و ڕێبازە بوون.

بەداخەوە لە نەتیجەی کردەوەیەکی تیرۆریستی دا کە دیارە بە دەسیسەی جەمهووری ئیسلامی ڕێکخرابوو، ئەو ئینسانە لە عومرێکی بەراستی کەم دا چوونکە عومری دەوری ٦٠ ساڵێک دەبوو، لە باری سەلامەتیشەوە زۆر باش بوو، دەیتوانی زۆرتر بژی زۆرتر خزمەت بکا، ئەومان لە دەستچوو. لێرەدا نابێ لە دەستم بچێ و لەبیرم بچێ کە سڵاو لە یادی کاک مەلا ڕەسووڵی گەردی، هەروەها دوو نەفەر لە هاوڕێبازەکانی، هاوچارەنووسەکانی، شەهید حەسۆ عەلیپوور و شەهید جەلیل مامایی بکەم کە ئەوانیش هەر لەو حادسەیە دا بە دەستی تیرۆریسەکانی جەمهووری ئیسلامی شەهید بوون، یادیان بەخێر بێ و ڕێگایان پڕ ڕێبوا بێ.

ماڵپەری گیارەنگ

## ٢٠ساڵەی تاوانێکی تێرۆریستیی



قادر وریا

بەرەبەیانیی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠ ، ڕێگای ڕۆژانەی نێوان بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات (لە دێی بۆڵێی بناری قەندیل) و شوێنی بنەماڵەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی (گوندی ئێندزێ)، شایەدی تاوانێکی دڵتەزێن بوو. تاوان لە دژی سەرنشینانی مینی بووسێک کە زیاتر لە ٢٠ کەس دەبوون. ئەوان پێرسۆنێلی کۆمیسیۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی و ئەندامانی بنەماڵەکانی حیزب بوون کە دەچوونە سەر کاری ڕۆژانەیان، چەند کەسێکیشیان لە میوانی و شایی ڕۆژی رابردوو دەگەڕانەوە کە بوون بە ئامانجی پیلانێکی تێرۆریستی.

تێرۆریستەکانی سەر بە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی وانێتێکی بۆمبڕێژکراویان کە چەند بۆشکە سووتەمەنیشی لەسەر بوو، بە بیانووی لەکار کەوتن، لە تەنیشت ڕێگای سەرەکیی هاتوچۆی تێکۆشەرانی حیزب، ڕاگرتبوو. کاتێک مینی بووسەکە لە »ئێندزێ»وە دەگاتە راستی وانێتە بە رواڵەت لەکار کەوتووەکە، تێرۆریستەکان لە دوورەوە بە کۆنترۆڵ وانێتەکە دەتەقێننەوە و بەمجۆرە مینیبووسەکە بە سەرنشینەکانییەوە دەبێتە تێشووی تەقینەوە و گڕ و دووکەڵ. بەهۆی ئەم تاوانە سێ تێکۆشەری بەوەجی حیزبی دێموکرات شەهید بوون. زۆربەی سەرنشینەکانی دیکەش بە توندی بریندار بوون کە ئەگەرچی بە خۆشییەوە لە مردن رزگاریان بوو، بەڵام هەتا ئێستاش شوێنەواری

تەقینەوە و زەبر رووداویان لەسەر جەستەیان ماوە.

سێ شەهیدی تاوانی تیرۆریستی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠ بریتی بوون لە مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی، حەسۆ عەلیپوور و جەلیل مامایی. هەرسێک لەم تێکۆشەرانە لە چەشنی خۆیان دا نموونە بوون:

مەلا رەسووڵ گەردی، مامۆستایەکی ئایینی نیشتمانپەروەر بوو. ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەبات لە پێناوی رزگاریی نەتەوەیی، ساڵانێکی زۆر پێش هاتنە سەر کاری رێژیمی ئاخوندی، دەست پێ کردبوو. لەسەر کوردایەتی و تێکۆشان لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، چوار ساڵ لە تەمەنی لە بەندیخانەی رێژیمی شایەتی دا تێپەڕ کردبوو. کاتێک رێژیمی کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کار، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی مەلا و زانای ئایینی، ئەگەر پشتیوانی لەو رێژیمە بکەن دەبنە خاوەنی پلە و پایە و سامان و ئیمتیازی جۆراوجۆر، ئامادە نەبوو روو لەو رێژیمە و پشت لە نەتەوەکەی بکا. چەکی بەرگری لە خەڵکی کوردستانی کردە شان و لە ریزی حیزبی دێموکرات دا ئەرکی جۆراوجۆری گرتە ئەستۆ و هەر خزمەتێکی لە دەستی هات، درێغی لێ نەکرد. ئەو هەر بە تەنیا بۆخۆی لە خزمەت حیزبی دێموکرات و خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەکەی دا نەبوو، سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەی لە سۆنگەی رێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی مامۆستا مەلا رەسووڵ دا، خۆیان بۆ خزمەتی حیزب و جووڵانەوە تەرخان کرد و هەر یەک لە سەنگەرێک دا قۆڵیان لە تێکۆشان هەڵماڵی.

حەسۆ عەلیپوور کە ئەویش وەک مەلا رەسووڵ خەڵکی ناوچەی پیرانشار بوو، یەکێک لە فەرماندە لێوەشاوەکانی هێزی پێشمەرگە بوو. کاک حەسۆ، کوڕی «مرادی گردە سوور» بوو. باوکی بەهۆی پێگەی خێڵەکی و نفووزی عەشیرەییەوە، کەوتبووە بەر سەرنجی رێژیمی شایەتییەوە و هەوڵی دابوو لە دژی بزووتنەوەی کورد بە کاری بێنێ. «حەسۆ» بە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکرات و نیشاندانی ئەوپەڕی لێهاتوویی نەک هەروەک «پێشمەرگەیەکی قارەمان، بەڵکوو وەک فەرماندە و کادرێکی نیزامی و وەک بەرپرسێکی دڵسۆز و کارامە، لاپەڕەیەکی پڕ شانازیی ختە سەر مێژووی بنەماڵەکەیان. لەو کادر و فەرماندانەی حیزبی دێموکرات بوو کە خەڵکی پیرانشار، ئەو پەڕی متمانەیان پێ بوو و بە دیتنی و بە بیستنی ناوی، خۆشحاڵ و هیوادار دەبوون.

جەلیل مامایی، رۆڵەیەکی ئازەری زمان بوو کە بە پێچەوانەی زۆر لە هاوزمانەکانی کە چەکی رێژیمیان هەڵگرتبوو و دانیشتووانی کوردستانیان قەلاچۆ دەکرد، ببورە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی خزمەتی بزووتنەوەی کوردستان و خەڵکی کوردستان بکا. باوەڕیشی وابوو کە بە هاتنەدیی ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی گەلی کورد، گەلانی دیکەی ئێران و یەک لەوان ئازەربایجانییەکانیش، لە مافەکانیان نزیک دەبنەوە. جەلیل مامایی، ماوەی چەند ساڵ بوو لە بەشەکانی تەداروکات و خەدەمات کاری دەکرد، دڵسۆزی، دەستپاکی و ماندوویی نەناسیی خۆی بۆ بەرپرسان و هاوکارانی سەلماندبوو. بەهۆی تایبەتمەندییە بەرزەکانی، لە لای رێبەریی حیزب، لە نێو هاوڕێیانی کادر و پێشمەرگە و لە نێو بنەماڵەکاندا، خۆشەویست و جێگای رێز بوو. جەلیل شۆفیری ئەو مینی بووسە بوو کە کرا بە ئامانجی پیلانی تێرۆریستیی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠ .

تاوانی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠ ، سەرەتای ئەو پیلان و کردەوە تێرۆریستیانە بوو کە کۆماری ئیسلامی لە سەر خاکی کوردستانی رزگاربوو لە دەسەڵاتی بەعس، لە دژی تێکۆسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانیان بەڕیوەی بردن. لە ساڵانی دواتر و بەهۆی پیلانەکانی دیکەی ئەو رێژیمە و بەکرێگیراوەکانی، بە دەیان کادر و پێشمەرگە و ئاوارە و پەنابەری کوردی رۆژهەڵات بە ناجوانمێرانەترین شێوە، گیانیان لێ ئەستێندرا، یا تەحویلی رێژیمی کۆماری ئیسلامی درانەوە، ژمارەیەکی زیاتریش نەقوستان و بریندار کران. ئەم تاوانانە کە وەک پەڵەیەکی رەش نە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانییەوە، دەمێننەوە، نابێ لەبیر بکرێن.

لە ٢٠ ساڵەی ئەم تاوانە تێرۆریستییەدا، سڵاو بۆ یادی سێ شەهیدی ئەو جینایەتە: مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی، حەسۆ عەلیپوور و جەلیل مامایی دەنێرین و دڵنیایان دەکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد، خوێنی بە ناحەق رژاوو خزمەتەکانیان لەبیر ناکا و بە خەبات تا بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەوان، پاداشیان دەداتەوە.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە ٥٧٠ی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

ماڵپەری کوردستان و کورد

٨ / ١١ / ٢٠١١



سڵاو لە شەهید مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی

## گێڕانەوەی کارەساتی ۷ی خەزەڵوەری ۱۳۷۰لە زمانی کاک مستەفا مەولوودی




رووداوی تەقینەوەی مینیبووسێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لە لایەن عەوامیلی ئێرانییەوە، راستیەکەی ئەو ساڵەکانێ دوو سێ شتیان وە بیر هێنامەوە. یەکێکیان، من ئەو وەختە یەکێک لەو کەسانە بووم لەو مینیبووسە دابووم لەگەڵ زیاتر لە ۳۰ کەس لە هاوڕێیانی کادرو پێشمەرگەو ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کودرستان، ئاسیبم دیت، ئەو ساڵ جارێکی دیکە موراجەعەی دکتۆرم کردوە. مەجبور بووم هەر ئەو ئاسیبەی ئەو وەختی تووشم ببوو ، جارێکی دیکە عەمەلیاتی چاو بکەمەوە. ئەوە وەبیری هێنامەوە کە بەڵێ حادیسەیەکی وا ناخۆش رووی داوەو منیش لەو حادیسەیە دا لەگەڵ جەمعێک هاوڕێی حیزبی بووم.

حەوتوویەک ۱۰ رۆژ پێش ئێستا چووم بۆ سەر یەکێک لە سایتەکان، کاک هەیاس کاردۆ یەکێک لە کادرە بەرجەستەو دیارەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە وەک کەسێکی کە ئەویش لەو قەزیەدا بوو، بەداخەوە ئاسیبی زۆر توندوو شەدیدی دیت. ئەو شتێکی لە سەر ئەو حادیسەیە نووسیبوو گێڕابۆوە. لەو رۆژانە دا هاوڕێیانی حیزبی کە لە کوردکاناڵ کار دەکەن لەو بەشەی کە تەعقیبی ئەو رووداوانە دەکەن، موراجەعەیان کرد کە منیش لەو پەیوەندیە دا خاترەکەی خۆم یانی ئەوەی لە بیرم ماوە لەو حادیسەیە دا بگێڕمەوە. ئەوانە بوون بە سەبەب کە من چاوێک بە رووداوەکەدا بخشێنمەوە یان جارێکی دیکە لە زەینی خۆم دا موتالەعە و بەڕەسی بکەم. وا ساخ بوومەوە کە راستیەکەی ئیلهام وەر گرم کە، ئەو شتەی کاک هەیاس مونعەکیسی کردوە و نووسیویەتی، راست بوونی حادیسەکە چۆن بووە وای بگێڕمەوە.

بە هەر سوورەت ئێمە جەمعێک کادرو پێشمەرگەی حیزبی بووین لە شوێنێک بە نێوی بۆڵێ. کاری حیزبیمان رادەپەڕاند، بەڵام بۆ حەسانەوە شەوانە دەچووینە شوێنکی دیکە بە ناوی ئێنزێ کە ماڵو ژیانمان لەوێ بوو. رۆژی جومعە شایی بوو. هەموومان لە شایی بەشدار بووین. بەیانیەکەی کە شەممە بوو دەبوایە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی کار. دوو مینیبووسمان هەبوون. مینیبووسێک تەقریبەن ۸ یان ۸ و چەند دەقیقەیەک و، دوایی بە کەمێک درەنگترەوە ئەوەی تریش وەرێ دەکەوت بۆ ئەوەی لە وەختی خۆی دا بگەینە کاری حیزبی. ئێمە ئەو جەمعەی لە مینیبووسی یەکەم دابووین وەرێ کەوتین. کە حدوودەن ۱۰ دەقیقەیەک رۆیشتین لە رێگای نیوان بۆڵێ و ئێنزێ. من راستیەکەی ئەو رۆژە کورێکی چووکەم بە ناوی ئەیووب لەگەڵ بوو، لەبەر ئەوەی نەخۆشخانەیەکمان هەبوو لە بۆڵێ، دەمبرد بۆ ئەوەێ، لە رێگا لەگەڵ ئەو مەشغووڵ بووم، هەر ئەوەندەم هەست پێکرد ئەو مینیبووسەی ئێمەی تێدا بوو یەک دەفعە سەبری کردوە، پێچێکی چووکی هەبوو، کە سەبری کردوە ئیدی ئەمن زرمەیەکم لە نێوچاوانێ پەیدا بوو. یەک دەفعە چاوم چووقاندو چاوم هەڵێناوە، دەستم لە ناوچاوم دا دەمو چاوم هەموو خوێن بوو. دیتم لە گۆشەیەکی ماشێنەکەی، لە گۆشەی راستی دا ئاورێکو دووکەڵێکی رەش بووسەکەی داگرتبوو. یەک دەفعە وەبیرم هاتەوە کە کورە چووکەکەم، ئەیووبم لەگەڵە. چاوم لێکرد ئەویش هەر وا لە ئامێزم دا مابۆوە، هەموو گیانی بە خوێنی منو خۆشی کە بریندار ببوو ، سوور ببوو. کە چاوم کردەوە تەواوی بووسەکە دەسووتاو هاوارو دەنگی هاوڕێیان دەهات. یەکێک دەیگوت ئەو ماشێنە تەقیوەتەوە، ئەمن پێم وابوو تەسادوفی دوو ماشێنانە، من شتێکم نەدیبوو لە دەورو بەری جادە. لەو بێنەو بەرەیە دا من هەستام، لە دەرکەش نزیک بووم، ئەیووبم بردە دەرێ، لە گۆشەیەک دامنا وئاوا



گەڕامەوە بۆ نێو مینیبووسەکە. لەو قەزیە دا یەک دەفعە دیتم یەک چاڵی گەورە درووست ببوو. لەو بەحسە دا ئەوانەی کە ماشێنەکەیان دیبوو گوتیان تووێتایەک لێرە بووە، تەگەرێکی بە ناوی پەنچەر هاتۆتە دەرێ، ئەو تەقیبۆوە. بە هەر سوورەت تەقینەوەکە بەو وەزعە روویدا، حادیسەیەکی ناخۆش بوو. ئێمە حدوودی ۳۰ کەس بووین لەو مینیبووسە دا. سێ هاوڕێمان لەو حادیسە دا شەهید بوون، مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردیو جەلیل مامایی و کاک حەسوو عەلیپور، روحیان شاد بێ.

دوایە بە وەسیلەی هاوڕێیانی خۆمان و خەڵکی دەوروبەر ئێمە گواسترایینەوە بۆ نەخۆشخانە. ئێمە نەخۆشخانەیەکمان هەبوو بە ناوی نەخۆشخانەی ۲۵ی گەلاوێژ، لەوێ دکتۆرەکان، ئەوانەی لە وێ بوون چ دکتۆری دەرەوەو چ هاوڕێیانی خۆمان زۆر باش بە پیرمانەوە هاتن بۆ تەداوی کردن و بۆ عیلاج.

هاوڕێیانی حیزبی لە مەسئولینی هەرە سەرێ وەک کاک دکتۆر سەعید روحی شاد بێ، لەگەڵ هاوڕێیانی دیکە هاتن بۆ عیادەت و لێپرسین.

حادیسەکە بە هەر سوورەت بە شەهید بوونی ئەو سێ هاوڕێیە و بریندار بوونی نزیک بە ۳۰ کەس لە هاوڕێیانی حیزبی تەواو بوو، بەڵام دوایی بە خۆشیەوە، ئەوانەی بریندار بوون هەموویان بە هیمەتی نەخۆشخانەی خۆمان و دکتۆرەکانو کادرەکانی ئەوێ، تەداوی کراین و چاک بوینەوە و هاتینەوە مەیدانی تێکۆشان، بەڵام ئەوەی ئەمن لە بیرم بێ لەو دیوەی سنوور یەکەمین عەمەلیاتی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی بوو، کە لەسەر ئێمە ئەنجام درابوو. ئەوە دیارە ئێمەی وشیار کردەوە لە وێ بە دواوە زۆرتر ئاگامان لە خۆمان بێ، کۆنترۆڵی جێگاو شوێنەکانمان بکەین، هەر ئەوەش وای کرد زۆر پیلانی دیکە لە دوایە دا بە وەسیلەی ئۆرگانەکانی مەربووتە، مەسئوولینی مەربووتە و ئەو کەسانەی کە تەعقیبی ئەو کارانەیان دەکرد، یانی وەزیفەی کۆنترۆڵی مەنتەقەیان بە دەستەوە بوو،زۆر تەوتیعەو پلانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا بێ.


بەڵام بە داخەوە لەگەڵ ئەوەی ئەو حادیسەیە یەکەمین حادیسەی ئاوا بوو ناخۆش بوو، بوو بە سەرەتای سەرفەسڵ و دەستپێکی حەوادیسی زۆر ناخۆش لەو دیوە رووی دا، کە لە دوایە، بە داخەوە نەبوو بە یەک، نەبوو بە ۱۰. لەو پێوەندیە دا تێکۆشەرانی سیاسی رۆژهەڵات ئەز جوملە تێکۆشەرانی سیاسی ئەندامی حیزبی دێموکڕات زۆر زەرەر و ئاسیبیان لەو بارەوە وێکەوت.

سڵاو لە شەهید مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی

# یادێک لە خۆڕاگری

لە مەڵبەندی پیرانشاردەگمەن نین ئەو کەسانەی کە دەکرێ وەکوو نمونەی خۆڕاگری و لە خۆبوردوویی ئاماژەیان پێبکەین و قامکیان بۆڕادێرین. کەسانێک کە نە ملهوڕی زۆرداران، نە فرتو فێڵی کۆنە پەرستان و نە زەبروزەنگی داگیر کەرانی کوردستان، هیچکات نەیانتوانیوە سەریان پێدانوێنێ ولە ڕێبازی کوردایەتی و دژایەتی داگیرکەران ووەفاداری بە هەژاران ولێقەوماوان، دوریان خاتەوە.





هەرلە وەچەی سەردەمی کۆمار و پێشەوا فیداکارەکەی ڕا، کە دەتوانین کاک حەمەدی سەروکانی(کاپیتان قادری) یان مام حوسێن محەممەد خوازی(وسێنی ئەستیە) بە نموونەی بەرچاوی وەفاداری و خۆڕاگری ناویان بەرین.کە بەدرێژایی تەمەنیان هیچکاتێک لە بەڵێنیان وپابەندبوونیان بە کۆمار وئامانجەکانی پاشگەز نەبوونەوە. کاتێک تۆزقاڵێک لە وەچەی پاش سەردەمی کۆمار ورد دەبینەوە و چاوێک بە لیستەی دەیان و بگرە سەدان کەس لە ئەمەگدارانی ئەو ڕێبازە دا دەخشێنین ، زیادترمان بۆ روون دەبێتەوە کە بۆ ئەو مەڵبەندە بۆتە یەکێک لە سەنگەرەکانی قایمی نەبەزی و کوردایەتی . سەید رەسوڵی بابی گەوەرە(دێهقان)، کاک خدری بەرکەمران، ساڵح لاجانی ، مەلا رسوڵی گەردی چەند لەو سەدان کەسانەن ،کە بە خەباتیان ، لە خۆبوردوییان و سەردانان لەو ڕێبازەدا ،نەک هەر کوورەی خەباتی ئەو میللەتەیان گەرم و لە گڕ نەکەوتوو ڕاگرت، بەڵکوو بوونە نموونە و سەرمەشقێک بۆ جیلی پاش خۆیان و داهاتووش .

ئێستا لە کاتە وەختێک دا یادی ئەو ئازیزانە دەکەینەوە کەساڵیادی شەهید بوونی یەکێک لەو ڕۆڵە خۆڕاگرانە یە کە بە درێژایی تەمەنی بۆ یەک ساتیش لە خەبات بۆ سەربەستی و ئازادی گەلە چەوساوەکەی خافڵ نەبوو،ئەویش کاک مەلا رەسوڵی گەردی‌یە کە بیست ساڵ لە مەو بەر،هاوڕێ دەگەڵ هێندێک لە هاوسەنگەرانی لە کردەوەیەکی تیروریستیانە و نا جوامێرانەدا ، بە دەست بە کرێگیراوانی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران لە نێو خاکی باشووری کوردستان دا شەهید بوو.



کاک مەلا رەسوڵ ساڵانێکی زۆر پێش لە شۆڕشی گەلانی ئێران، کوردایەتی و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای میللەتەکەی لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا دەستپێکرد. لەو ڕێگایەدا تووشی زەحمەت و کوێرەوەریەکی تاقەت پروکێن بوو. هەڕەشە ، بوختان پێکردن، نەداری و تەنانەت چەند ساڵ ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازاری لە زیندانەکانی رژیمی پاشایەتی دا، بە سینگ فراوانیەوە قبوڵ کرد و سەری بۆ ویستی دوژمنانی میللەتەکەی دانەنواند. هەر ئەو خۆڕاگریەی بوو بە هۆی ئەوە کە بەر لە شۆرش ببو بە سیمایەکی بەرچاوی کوردایەتی لە مەڵبەندەکەدا. پاش شۆڕشیش شوێن دانەری خۆی هەبوو لە ڕاکێشان و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک بۆ مەیدانی خەباتی نەتەوەیی لە ریزەکانی حیزبی دێموکڕات دا.

بە پێویستی دەزانین کە وەبیر هاووڵاتیان و هاوسەنگەرانی پێشووی کاک مەلا رەسوڵی بێنینەوە کە ناکرێ باسی ژیان و رابردووی ئەو هاوڕێ لە دەست چوەمان بکەین بەبێ ئەوەی ئاماژە بە دژایەتی و بەربەرەکانی بێ برانەوەی شەهید بکەین دەگەڵ کۆنە پەرەستی و خوراڤات.دیارە بە لەبەرچاو گرتنی هەل ومەرجی زاڵ بە سەر بیروبۆچوونی دەستەڵاتداران وهەلپەرستان و کەڵک وەرگرتنیان لە ئامرازی کۆنەپەرەستی لەوسەردەمەدا،ڕاوەستان و دژایەتی دەگەڵ ئەو دیاردەیە هاوڕێ لە گەڵ مکوڕ بوون لە خەبات بە دژی داگیر کەران، لە خاڵە هەرە بەرچاوو و دیاری ژیانی کاک مەلا رەسوڵن .

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و پێکهاتنی هەل و مەرجێکی لەبار و ئازاد بۆ خەباتی ئاشکرای خەڵک بە تایبەت لە کوردستان ، کاک مەلا رەسوڵ بە گوڕوتینێکی تایبەتیەوە هاتەوە ڕیزی هەواڵانی . ئیمان بە خۆبوون و باوەر بە ڕزگاری ودڵنیابوون لە وەدەستهێنانی مافی زەوتکراوی میللەتەکەی ڕۆژ بەڕۆژ ئەویان لە مەیدانی بەکردەوەی خۆڕاگری دا، ڕاوەستاوتر وسوورتر کرد . هەر ئەو ئیمان و بڕوا قایمەش بوو کە هەتا دوایین هەناسەکانی ژیانی هەموو دەربەدەری و تەنگ و چەڵەمە وناخۆشیەکانی ژیانی بە دڵ قبوڵ کرد و هەر لەو ڕێگایەشدا بە شانازی سەری نایەوە. ڕووحی شاد.

بە جێیە کە لێرەدا یادێک بکەین لە هاوسەری بە ئەمەگ و لەسەرەخۆو و وەفاداری کاک مەلا رەسوڵ و سپاسی ئەو هەموو لەخۆبوردوویی‌ەی ئەو نموونە بەرچاوەی ژنانی کوردستان بکەین ، کە دڵنیاین بە بێ پشتیوانی و هاوکاری ئەو ، بەڕێوە بردنی ئەو ئەرکە قورسە بۆ ماموستا کارێکی ئەستەم دەبوو. بەڵام لە بیریشمان نەچێ کە جگە لە خەباتی بێ پسانەوە و سەردانان بۆ ئامانجە پیرۆزەکەی، یەکێک لە کارە هەرە شاز و جێی پێزانینی ماموستا ، پێگەیاندنی منداڵانی تێگەیشتوو پێگەیشتووە . کە هەم لە مەیدانی خەبات دا توانیان ئەرکی سەر شانیان بە باشی بەجێ بگەیەنن ، هەم ڕێگای پڕ لە سەروەری بابیان درێژە پێبدەن و هەم لە نێو کۆمەڵیش دا بە چاوی مرۆڤی جێی متمانە و بە بڕوا ڕێزیان لێبگیرێ. لێرەدا تەمەن درێژی ولەش ساغیان بۆ بە ئاوات دەخوازین.


ڕووحی ماموستا شاد و یادی بە خێر بێت.

ئۆکتوبری ٢٠١١

قادر عەبدی محەممەدئیسماعیلی

سڵاو لە شەهید مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی

## شەهید مەلا ڕەسوڵ گەردی کادرێکی وەفادارو کۆڵنەدەری حیزب بوو.



جەلیل گادانی

مەلا رەسول هەر وەک زۆر لە فەقێکانی کوردستان لە دەورەی خوێندندا لەو حوجرانەی فەقێیان و لە لای ئەو مامۆستا بەرێزانەی کە لەو سەردەم دا وەک ناوەندی ڕۆشەنبیری دەهاتنە ئەژمار و هەستی نیشتمان پەروەری و کوردایەتیان تێدا دەجولا بانگی کوردایەتی بە گوێدادراو وەک دەیان و سەدان فەقێ ئەوەی دەرک کرد کە کوردە و ئەو نەتەوە بێ بەشەی نیشتمانێکی بە ناوی کوردستان هەیەو ئەرکی سەرشانی ئەوو هەموو رۆلەیەکی تێگەیشتووی کوردە کە بۆ ئازادی گەل و رزگاری نیشتمانەکەی تێکۆشێ. بێ گومان ئەویش لە رێگەی مامۆستاکانیەوە بە سەر هاتی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان و ئەو مەودا کورتەی ئازادی کوردی بیستبوو و لە دڵ و دەروونی خۆیدا دەسووتا و لە هەل و مەرجێکی لەبار دەگەرا کە هەستی خۆی دەربرێ و بە کردەوە لە پێناو نەتەوەکەی دا خەبات بکا.

لە ناوچەکانی لاجان و پیرانان دەگەڵ هێندێک لە بەرپرسانی حیزبی ئەودەورە کەم و زۆر پەیوەندی پەیدا کردبوو بە شێوەی نەهێنی خەباتی دەکرد، هەرچەندە دواتر بەشێک لە هاوخەباتەکانی گیران یا دەربەدەر بوون بەڵام ئەو خۆی پاراست تا لە سالەکانی ٤٧_٤٦ کادرەکانی کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستیان کردەوە بە تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی و لە زۆر شوێنی موکریان لە ئاکامی شەر فرۆشی حوکمدارانی دەوڵەتی تووشی شەریش دەبوون.

حەرەکەتی ئەو سەردەم گوڕوتینێکی تازەی دا بە خەڵکی زەحمەتکێش و ڕۆشەنبیرانی کوردستان. شاهیدی زیندوو هەیە کە مەلا ڕەسوول دەگەڵ چەند مەلایەکی دیکە چەند جارێک چاویان بە کاک فایق واتە شەهید سلیمان معینی و هاورێ یان و تێکۆشەرانی ئەو کات کەوتووە.

لە یەکەم حەرەکەتی ئیعترازی سالی ٥٧ی هەتاوی لە ناوچەی خۆیان دا بەشداری کردوە و دەنگی بە دژی رژیمی شا بەرز کردۆتەوە و لە خۆپێشاندانەکانی دا بەشداری کردوە.

دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران کە بە ناحەق ئیسلامە توندڕەوەکان دەستیان بە سەر داگرت بە ئاشکرا خۆی لە ریزەکانی پێشەوەی تێکۆشانی ئەو سەردەمی ناوچەی پیرانشاردیتەوە. زۆر زوو میزانی ئیمان و سەداقەتی خۆی بۆ هاوسەنگەرانی دەرخست و بەشداری چالاکانەی لە کاروباری حیزبی بە تایبەتی لە بواری کۆمەلایەتیدا دەکرد. ئەوپەیمانەی کە لە ڕۆژی حیزبی بوونیدا دەگەڵ گەل و نیشتمانی بەست و ئەو بەڵێنیەی بە حیزبی دیموکراتی دا سەرەڕای زۆر کەندو کۆسپی ژیان و کۆچ و کۆچبار و گوێزە گوێزی کە لەو ناوچەڕا بۆ ناوچەیەکی تر و لە کوێستانەوە بۆ گەرمێن و لە گەرمێنەوە بۆ کوێستان بۆی دەهاتە پێش، نەبەزانە ئەرکی خۆی بە شێوەی شیاو لە هەموو ئەو بەرپرسیارەتیانەی دەکەوتە سەر شانی بەریوەبردو تا ئاخرین رۆژی ژیانی وەک کادرێکی هۆشیار و لێزان و وەفادار ئەوەندەی توانی لە رێگەی رزگاری کوردو کوردستان و گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تێکۆشا.

شەهید مەلا ڕەسوول چەند تایبەتمەندی پێویستی حیزبایەتی و تێکۆشانی کوردایەتی وەک ئیمانی بە هێز، سەراحەت و پاکی و سەداقەتی تێدا بوو. هەوڵی دەدا ئەو سفەتە باش و مرۆڤانە بۆ ئەندامانی بنەماڵە و کەسانی دەوروپشتی بگوێزێتەوە. هەر بۆیە ئەندامانی بنەماڵەکەی ئێستاش بە بیرو باوەرو ڕێبازی دیموکرات وەفادارن و دوای شەهید بوونی ئەو مرۆڤە فیداکار و کۆڵنەدەرە وەک میراتگرێکی بە نرخ بۆیان جێ ماوە.

بەڵێ مەلا رەسوول و چەند هاورێی بە پیلانێکی ناجوانمێرانەی رژیمی تروریست پەروەری کۆماری ئیسلامی تێدا چوون و گەیشتنە کاروانی سەربەرزی شەهیدان و نەمرانی نەتەوەکەمان بەڵام بیروباوەڕی ئەوان و باقی شەهیدان رۆژ بە رۆژ گەشەدارتر دەبێ و دوور نیە ئەو رۆژەی لە ئاکامی درێژەدانی ریگایان لە لایەن هاوسەنگەران و خۆشەویستانیان ئاواتەکانیان وەدی بێ و مزگێنی سەر کەوتنیان بە چەپکە گوڵی سوور و ئاڵ بۆ بەرین.

ڕێگەی خەباتی شەهیدانی کوردستان پڕ ڕێبوار بێ.

براتان جەلیل گادانی

سەرماوەزی ۱۳۹۰

## حوجرەی فەقێیان فێرگەی شۆڕشی نیشتمانی;



سەدیق بابایی

بە بۆنەی ۲۰ ساڵەی تێرۆر کرانی مامۆستا مەلا ڕەسوڵ گەردی و دوو پێشمەرگەی هاورێی، حەسۆ عەلیپوور و جەلیل مامایی ؛

نکۆڵی لێ ناکرێ لە سەردەمانی پێشتر حوجرەی فەقێ یان ناوەندی پەروەردەی خەباتکارانی مافخوازی کورد و مەڵبەندی تۆماری هەڵبەستی هەرەبەسۆزی نیشتمانی و هاندەری خەڵکی وڵات بۆ داکۆکی لە مافی نەتەوەیی بوو.(۱)

مەخابن لەوەتی کۆماری ملهوڕ و ماف نەناسی ئیسلامی تاران خۆی بە سەر بیرو هۆش و ژین و ژیانی خەڵکدا سەپاندوە پاشەکشە و وەستانی بەرچاوی بزاڤێکی بە هێزی ئەوتۆ ئاخێزی پێچەوانەی لێ کەوتوەتەوە !؟

لە درێژەی ئەم ڕەوتە پێچەوانەیەدا زیان پێ گەیاندن لە بیری ئازادیخوازی نەتەوەی بێ مافکراوی کورد تا ئاستی هەمبەر وەستانی پاراستنی نەریت و کولتووری مەزنی کوردەواری هەر چی دێت وێنەی بەر فراوانتری لێ شین دەبێ!!

ئەگەر ئاورێکی کورت لە ژیان و بەسەرهاتی تاک و کۆی پەروەردەکراوی خوێندەگە ئایینیەکان لە سی چل ساڵ دواتر بدرێتەوە و هەمان کات لە گەڵ پێشووتری ئەو ماوە هەڵسەنگێندرێ ، گەلێک پەرۆشمەند ئاشکرا دەبی خەباتی کورد لەم رێچکە و لە نێو توێژی خوێندکاری ئایینی خاوەن دەور لە سەر کۆمەڵگا تا چەند تووشی شکست و نەکسەهاتوە !؟

لایەنی سیاسی و توێژەری ڕۆشنبیری کورد کەمتر خۆیان سەرقاڵی هۆکارەکانی ئەم پاشە کشێ زیانمەندە لە نێو جەماوەری کورد( بە نسبەت خەباتی ئازادیخوازانەی سیاسی ) کردوە

زیانی مەیدان چۆڵ کردنی ئەم توێژە لە درێژدان بە خەباتی نەتەوەیی هاوشانی ئایین پەروەری ، وەستان و بێ رێبواری رێگای ئەوان تا پلەیەک مەیدانی بە بواری رێبوارانی بیری

کەرامەتی نەتەوەیی مرۆی کورد بەرتەسک کردووەتەوە ، کە هەل پەرستان لە ژێر نێو و نیشانی رێکخراو و خەباتی دینی تاک و کۆی موسڵمان و مافخوازی کورد دەکەن بە قۆچی قوربانی ساتو سەودا لە گەڵ ئەم و ئەو نەیاری هاوبەشمان! وەک لە ماوەی دواییدا هەموان شاهێدن کارەسات هەر بە ئەوەندەش کۆتایی نایێ ! بەڵکوو سازماندراو پەلاماری ئەو دەسکەوتانەش دەدرێ کە کورد بە درێژایی نزیک بە سەت ساڵە قوربانی بۆ دەدات .

لە کەشو هەوایێکی ژاراویکراوی وەها دا ئاوڕدانەوە لە تاک و کۆی باوەڕمەندی خەباتکاری دینی . نیشتمانی بۆ رزگاری و پاراستنی کەرامەتی نەتەوەکەی نەک وەک ئەرکی لایەنی سیاسی و توێژەران پێویستە بەڵکوو لێ کۆڵینەوە و دەس نیشان کردنی دەور و کاریگەری ئەم خۆشەویستانە بۆ رێگری لە توانەوەی کورد و زیندوو ڕاگرتنی نەریتی نیشتمان پارێزی ئەرکێکی لە جێدایە. لە پاڵ نرخدانانێکی وەهادا درێژ کردنی پەنجەی ئاماژە بۆهۆکاری بەلارێدا برانی ئاییندار کورد لەم پێناوەدا بە ئەرکێکی تری زەروور و بە پەلە دەژمێردرێ.

تاک و کۆی باوەڕمەندی ئایینی لە گەڵ ئەوە زۆرتر لە ڕابردوودەرەتانی ناس کردنی نەیاری کورد و ئاسوودەیی کوردستانی لە زوڵم و زۆری ستەمکاران هەیە ، لە گەڵ ئەوە کردەوەی دەسەڵاتە فەرمانرەواکانی زاڵ لە کوردستان بەرانبەر پێشێلکاری مافی کورد تا ڕادەی دەس درێژی سنوور نەناس و بگرە کافر و بێدین نێودێر کردنی خەڵکی باوەڕمەندی کوردستان لە پەرە ئەستاندن دایە ، دیسان توێژێکی کوێرانە خەریکی وەشاندنی تەشوێ لە ڕەگو ریشەی کورد و ناسنامەی خۆیان لە خزمەت بێگانە و بەرەو پێش بردنی مەبەستی پاشکەوتوانەی دوژمنانەکانیانن . ئەوە هەر نەبێ وەک رێگە خۆش کردنی سەر لە نوێ مل نەوی پێکردنی کورد بۆ یاسا زاڵمانە و قەڵاچۆ خوازانەکانیانە .

لە ژێر کار تێکەری ئەم وەزعەدا هەمدیس دوابەدوای تێکقرمانی دەسەڵاتی بەعسی سەدام حسین لە جەلەولا و ناوچەکانی تر بۆ قەڵاچۆی دووبارەی کورد هاوشانی سیاسەتە دژبەرانەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی تاران دەستی پێکردووەتەوە .

هەراوی ئەم کارەساتە تا خۆ تەقاندنەوە لە ئەفغانستان و پاکستان ، کاول کردنی ماڵی کورد لە نێوخۆ خەریکی پەرە ئەستاندنە . ئەگەر ساڵانی پاش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق ، لێدانی گورزی کاریگەری ئامریکا لە داگیر کەرانی مەڵبەندی هەورامان( کە بە یارمەتی کۆماری ئیسلامی سەقامگیر کرابوون) نەبووایە " ئەنسار الاسلام " تا هەنووکە رێژەیەکی زیاتری بە زۆر یا بە پشت بەستن بە درۆو دەلەسە لە لاوانی وڵاتی بە لارێدا کێشا بوو.

لەوە دەچێ کوشتاری بە کۆمەڵێ کورد لە لایەن برا عەرەبەکانی ئەم توێژە و بە گاز خنکاندنی شارێکی وەک هەڵەبجە ، و بەشێکی بەر چاو لە خەڵکی شاری سەردەشت، نۆدشە ، زەردە و دەیان گوندی کوردەواری ، گرینگی ئەوەی نەبووبێ ئەم بەرێزانە راچڵە کێنێ.



ئەگەر ئیسلامی نەیارانی کورد " دینی برایەتی ، وەک هەڤی و پێکەوە ژیانە" بۆ دەبێ بەشی کورد ئەوە بێت ؟ بۆ نابێ تاقە جارێک موقتیەکی ناسراو یا نە ناسراولە نێو موسڵمانانی ئەم گەلە موسڵمانانە دەنگی خۆی بەرابەر ئەم ناحەقیە گە وریە بەرز نەکاتەوە ؟ دەنگێک کە بە جاران بە زۆر بیانوی کەم نرخ و ناپێویستی تر لەو "عالمانەی ئیسلام" بگرە بۆ حەڵاڵ یا حەرام ڕاگەیاندنی ماچێک بەرز دەبێتەوە؟!

کارەسات دەگاتە ئاستێک ئەردۆغانی سەرۆک وەزیر و کار بەدەستانی موسڵمانی تورک کورد بە ناموسڵمان و ...و.. پێناسە دەکەن تا لە هەرەتی موسیبەتێکی وەک بوومەلەرزەکەی شاری وان کەس ئاوڕ لە ئەم خەڵکە نەداتەوە . هەر وەک دەرکەوت لە جیاتی یارمەتی بە ئەم خەڵکە " برای تورکی موسڵمان بەرد و دار و ئاڵای تورک و جلی مەلە کردنی ژنانەی ( بە مەبەستی گاڵتە پێکردن و شوکرانە بژێری لێ قەومانە کە ) بۆ کورد بە دیاری نارد!! ئیتر پێشگرتنی تورک لە یارمەتی لاوەکی خەڵکیتر بە کوردی وان بابمێنێ.

هاوکات هێزی چەکداری تورک شاخ و گوند و جەستەی لاوانی کوردستان بە ئاور و ئاسن و کەرەسەی شیمیایی دەسوتێنی.

ئەوە لە پاش کات و ساتێکدایە کە کورد لە کوردستانی باکوور زۆربەی دەنگەکانی بە جەنابی ئەردۆغان فەرماندەری بکوژانی رۆڵەکانی لە باکووری کوردستان لە سندوقی هەڵبژاردن هاویشت !!


لە شارێکی وەک پاوە[ رۆژهەڵاتی کوردستان] بڵنگۆی مزگەوتەکان و شەخسی ئیمام جومعە وێرای هاندانی خەڵک بۆ پێشوازی لە خامەنەیی بکوژی رۆڵەکانیان بۆ سەلماندنی زەبوونی و نزم رەوشتی کەسایەتی خۆی بە خامنەیی دەڵێ : " . بدون تردید ارادت ما به انقلاب اسلامي و بنيانگذار جمهوري اسلامي و شخص حضرتعالي بعنوان رهبر فرزانه انقلاب ، نشأت گرفته از راه و روش سلف صالح است و ارادت ما نسبت به حضرتعالي آگاهانه و درايت و حكمت و زمانه‌شناسي‌تان برما پوشيده نيست "(٢)

ئیمام جومعە بە ئاگاداری لە کرداری پیاوانی جەنابی خامنەیی کە رێگایان بە خەڵکی شارەکەی و شافێعی مەزەوەکانی تر لە تاران نەدا، تاعەتی ئیسلامی خۆیان بە بۆنەی جێژنی رەمەزان و قوروان بە کۆمەڵ وەک نەریتێکی باو بە جێ بهێنن دیسان ئەم فەرمایشتانەی پێشکەشی وەلی فەقێ کرد.(٣)

ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێیی ئەوتۆ سرنجی ئاوەزمان بۆ لای فامی پڕ لە وردبینی و کۆمەڵ ناسانەی کەسایەتی و نرخی مەلا رەسووڵەکان و گرینگی بوونیان لە ریزی شۆڕشی نیشتمانی وردتر بەرۆژ دەکات.

کاک مەلا رەسوڵ گەردی پەروەردەکراو و سەرهەڵداوی خوێندنگەی دوو تایبەتمەندی پیرۆز، دوو باوەڕی مانا بەخش بە ژیانی مرۆ و مرۆایەتی کورد بوو.

ئەگەر بەسەرهات و ساڵانی دوور و درێژی کرداری لە خوێن گەوزاندن و بێ مافکرانی کورد و کوردستان بە دەستی نەیاران وەرد بدەینەوە زۆر زوو لە ئاکامی هەڵسوکەوت و کردەوەی دین تەوەری بەشێکی دیارلەو تاکە سەوداگەرانە لە نێو کۆمەڵگا ی کوردستان تێ دەگەین. تێ گەیشتن لەوە کە ئەم مامۆستا بەرێزە لە گەڵ هاوبیر و هاوخەباتەکانی گرێ پووچکەی نۆقم کرانی کورد و کوردستانیان لە زەلکاوی بێ بەشی و سەرکوتی سنوور نەناس لە ژێر نێوی دەسپێچک ئاسای خودا و ئایین زێدەتر ناسیبوو.
فامی ورد بینانەی ئەوان بۆ بەر پەنگ دانەوە و رێگە پێگرتنی پاوانی باوەڕی دینی بێ گرێو گۆڵی خەڵک وەک ئامرازی ژێر دەستە و دەستەمۆ کردن تا ڕادیەکی باش توانیبووی دەوری ئەرێنی لە سەر بە جەماوەری کردنی خەباتی نیشتمانی بگێڕێ.
داخ و کەسەر کەم رێبواری رێچکەی مامۆستا گەردی بەلارێدابرانی ئەویندارانی ئایینی زێدەتر لە پێشو لێ کەوتوەتەوە.
ئەم بۆشاییە لە جووڵانەوەی دینی ونیشتمانی کورددا کەلین و کەلەبەری مەزنی تا دێت بەرەو دەسەمۆکران تێ دەکەوێت . پەرە ئەستاندنی ئەم زیانە ڕوو لە هەورازە وێرای دەور گێڕان لە سەر شۆڕشەکانی پێشوو سەرکەوتنەکانی هەنووکەش بە رێژەیەکی بەر فراوان تووشی مەترسی سامناک دەکات. بە شیوازێکیتر باڵا دەستی دوژمن و کاردانەوەی کاولکارانە بە سەر بیر ، هەست و هزری نەتەوەیی کورد بە زەقی دەسەلمێنێ.



دەردی گرانی ئەم شکستە ئەوکات فراوانتر خۆی دەنوێنێ کەسێکی وەک ئەردۆغان (سەرۆک وەزیرانی تورکیە) وکەسێک بە ناوی( گۆڵەن ) بە ئەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوی دەڵێن "کورد موسڵمان نین "و فەتوا بە دژێ ئەم گەلە دەدەن . لە بەرانبەریاندا شێخی تەریقەتی نەقشبەندی [شێخ عەبدولرەحمان نەقشبەندی . هەورامان] نەبێ رێبەرانیتر دژ کردەوە بۆ سەرراست کردنەوەی مەبەستی شاراوە ی تورکیان بە دژی ئایینی کوردان بە گوێرەی پێویست لێ نابیسترێ(٣)
دژ کردەوە بەرانبەر کەسانێک کە مەبەستی گڵاوی رێگا خۆش کردنی ڕۆژانەی کوشتاری زیاتری کورد و دەربڕینێکی نوێ فەتوا ئاسای بە کافەر زانین ئەم جارەیان بە گوتارێکی نوێتر دەخرێتەمەیدانی هاوچەشنی کردەوەکانی ئاتاتورک، سەدام و خومەینی بە مەبەستی قەڵاچۆی زیاتری کورد .
کاردانەوەی چەوتی مامەڵە چیانی زاڵ بە سەر هزر و هۆشی باوەڕمەندی موسڵمانی کورد بە ڕادەیەک تووشی زیانی کردوین کە ئەگەر دینداڕێکی ناسراوی کورد ڕێچکەی نیشتمان پەروەری ئاوێتەی باوەڕی هاوکات و پتەوی ئایینی خۆی بکات ئیتر لە نێو جەماوەردا دەوری کاریگەری پێشووی بەرەو دابەزین و پەراوێز خران شۆڕ دەبێتەوە، ڕەحمەتی شێخ عزەدین حوسەینی وێنەی دیاری ئەم بە لارێدا برانەی جەماوەر لە پێش چاودایە .
بە هەڵسەنگاندنی پازدە بیست ساڵی رابردوو بە تایبەت چەند ساڵی دوایی و هەڵکشانی ڕەوتی ئاڵۆزی خواز و ڕادیکاڵی توێژی دژبەری ئاسوودەیی خەڵک لە ژێر ناوی دین و خواپەرستی ڕۆژانە هەست بە بۆشایی کەسایەتی داکۆکیکار لە ئایینی مرۆدۆستانە و موسڵمانی ڕاستەقینەی بێ ئازار و مرۆدۆست هەست پێ دەکرێ.
ئەگەر بۆ دەیەکانی پێش سەرهەڵدانی هێرشکارانی سەر مافی خەڵک لە ژێر پەردەی ئایین ئاورێکی کورت بدرێتەوە بەو ئاکامە دەگەین وێرای لە پاش بوون و دواکەوتوویی کوردستان لە زۆر بواری وەک خوێندەواری و ، ت ،،، کات و ساتێک کە دەرەتانی خوێندن زۆرتر لە ژێردەستی رێبەرانی ئایینی و حوجرەو مزگەوتەکاندابوو ، هەڵکردنی وێکڕای جیا ئایینیەکان وەک یەهودی، مەسیحی ، موسڵمان و ئەرمەنی ،یارسان و ت. د.. زۆر لە ئێستا پێشکەوتووتر و بە دوور لە ئاڵۆزی بوو.
هەڵتۆقینی وشکە موسڵمانی لە لاوە فێر کراو بە دژی ئاسایشی کورد لە نەبوونی کەسایەتی وەک شەهید گەردی !
ێزی خۆ ڕاگرکاک مەلا ڕەسوڵ تایبەتمەندی و خۆو خدەی گەلێک سرنج ڕاکێش ، پەسەند و تا ڕادەیەک تایبەت بە خۆی هەبوون کە بە هۆیانەوە بەرانبەرەکەی ناچار بە لە بەرچاوگرتنی ڕێز و حورمەت دەکرد.
ئەم تێکۆشەرە نە لە نێو بنەماڵە و نە لە گۆرەپانی خەباتی نیشتمان و پانتایی کۆمەڵگاکەیدا هیچ کات حەولی سەپاندنی بیری پڕ لە متمانەی خۆی لە باری ئایینەوە بە سەر خەڵکیتردا نەدەدا. بەرێز گەردی پێی وابوو باوەڕی ئایینی پیرۆزی تایبەت و خۆماڵی لە دڵ و دەروونی هەر تاکێکدا دەبێ پارێزراو بمێنێ. لای وابوو هەڵسوکەوت و جووڵانەوەی تاکی باوەڕمەند دەوری ڕاکێشانی ئەرێنی یا پێچەوانەکەی بۆ نزیک و یان دوورکەوتنەوە دەرەخسێنێ.
بەرێز مامۆستا گەردی لە گەڵ ئەوە بەرپرسی دابین کردنی بژێوی حەوت هەشت سەر خێزان و منداڵەکانی بوو و جیا لە یارمەتیەکی کەمی حیزب بۆ پێشمەرگە و دەسگرۆیی خزمێک لە کوردستانی گەرمێن هیچ داهاتێکیتری نەبوو هیچ کات لە ڕەوشتیدا دەرنەدەکەوت بۆ بژێوی کورتدەست و لە ژێر زەخت و گوشاردایە.
ڕۆح بەرزی و متمانە بەخۆ بوونی ئەو مرۆڤە تا ئاستێک لە بەرزەدماخی لای جێگیر ببوو ، نەناسی تووشی شک و گومانی گیرفان پڕی و نەفەس گەرمی و بێ منەتی دەوڵەمەندانەی ماڵی دەکرد.
جلوو بەرگی هەمیشە خاوێن ، سەرو وەزعی بە دایم پێڕاگەیشتوانەی مامۆستا ڕومەتێک لە ورەی بەرز لە ساتەکانی پڕ مەترسی گیانی و وەزعی دژواری ژیانی پێشمەرگانەبوو.
کاتی کۆبوونەوەولە گەڵ هاوڕێیان و ئامادەبوون لە کۆڕو کۆمەڵی جەماوەردا بێ باکانە و بە بێ سڵ کردن یا نان بە قەرزدان ڕاو بۆ چوونی خۆی لە پێوەندیە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەر دەبڕی و داکۆکی شێلگیرانەی بۆ سەلماندنی قازانج و بەرژەوەندی هاوبەش دەکرد.
دەسکورتی و بێ داهاتی نەیتوانیبوو پێش بە پێشوازی گەرموگوڕی میوانان و گەرم کردنی باس و خواستی مەجلیس ڕازێنەر لە هەڕەتی ماڵ لە کۆڵی و دەربەدەری شاخدا بە ئەو بگرێت.
لێرەدا ئەرکی ئەمەکناسانەیە لە پەنای مامۆستای دڵ پڕ لە ئەوینی کوردایەتی مەلا ڕەسوڵ گەردی ئاماژە بە دڵ فراوانی و سەبرو هیمەتی ژنانەی کەڵە ژنی نیشتمان پەروەر خاتوو ئایشە خێزانی بە وەفای مامۆستا وەک ئاوێنەیەک لە توانای ئەساتیری سنوور نەناسی بەرزەباڵای دایکێکی پیرۆزبکەم . دایکی هەر پێشمەرگەیەک و ورەبەخشی هەر ورە بزرکراوێک بە پاشەکەوتێکی ئینسانیی دانستە و پراوپڕ لە هی لە تەنگانەی ژیانی ماڵ لە کۆڵیدا.

سڵاو لە شەهید مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی

**کاک حەسۆ عەلی پوور؛**

باس کردن لە تایبەتمەندی تاکیک کە وێنەی تەواو عەیاری ئازایەتی، ئیمان بە ڕێبازی نەتەویی ، حورمەتپارێزی خەڵک و سوور لە درێژەدانی ڕێگای پیرۆزی مافخوازی بووبێ نە هاسان و نە لە کورتەیەکی ئەوتۆ دا دەگونجێ.
حەسۆی قارەمان ئەو پێشمەرگە ورەبەرزەبوو کە وەک هەڤی باوەڕی ئایینی و پارێزگاری نیشتمانی هاوشێوەی مامۆستا مەلا رەسوڵ تێیدا زەق و بەرچاوبوو.
بۆ هەر ڕاسپاردەیەکی مەترسیدار بە مەرجێک لە خزمەت پێش چوونی ئامانجە نەتەوەیەکەید کورد واتەنی" سەری پێوەنەبوو" . دڵسۆزی و گەرمی تایبەت بە خۆی لە یەکەم دانیشتن دا کاریگەری کەم وێنەی بۆ جێ خۆش کردن لە دڵ و دەروونی خەڵک و هاوسەنگەران تەیار و لە بیر نەکراو سەقامگیر دەبوو.
کاتێک وێنە و دیمەنی حەسۆ لە کۆبوونەوە تایبەتەکان یا ڕۆژانی خەبات و دیداری ئاسایی تێکەڵ بە هەیبەتی نەبەزانەی دەکەوێتە سەر پەردەی مێشک ، تەنیا خەمێکی قووڵ و پڕ گوشار بۆ لە دەست دانی ئەم پیاوە مەزنانە جێ خۆی لە دەروون داگیر دەکات. مرۆ بە بێ ئەوە ئێرادە بکا ئەم پرسە لای دروست دەبێ ؛
ئاخۆ داواکاری ئەو سیستمە سیاسیەی ئەوکاتی ئێمە بۆ داهاتوو نرخی قۆربانیگەلێکی وەک حەسۆ و سەدان حەسۆیتری هەبوو؟



**کاک جەلیل مامایی ؛**

کۆمەڵێک خەڵکی تورکی ئازەری لە خەباتی بەرئەنگاری هەمبەر هێرش و پەلامارەکانی کۆماری ئێسلامی بۆ سەر کوردستان بەشداری خۆ بەخش و دڵسۆزانەیان هەبوو هەزار حەیف کە بەشێک لەم ئازیزانە وەک هەزاران پێشمەرگەی کوردستان و گیان بەخشی ڕێگای ئازادی و مرۆڤایەتی چوونە ڕیزی شەهیدان.
کاک جەلیل مامایی یەک لەو کەسانە بوو. ئینسانێکی تا بڵێی قالب سووک ، ئامادە بە خزمەت ، ڕوو خۆش و گورج و گۆڵ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێردراوو جێگای متمانە بوو.
بە هۆی ئەو تایبەتمەندیانە لە ساڵانی دژوارتر بوونی ئەرکی پێشمەرگایەتی وناچار کران بە گەڕۆکی دایم و هەڵ گیرانی زۆرێک لە بنکە سەقمگرتوەکان کاک جەلیل گوازرایەوە بۆ بەشی پێراگەیشتن (تەدارۆکات). هەر چەند ئۆقرەی نەدەگرت و جاروبار دیسان خۆی تێدەکردەوە.
لەم بەشە دا بە رادەیەک بە مشوور لە ئەرکەکانی دەجووڵایەوە کەمتر کەس بوو ناسیاری تێکەڵ بە خۆشەویستی لە گەڵی پەیدا نەکات. هیوا ئەوە ڕۆژێک کورد بە تایبەت حێزبەکەی کاک جەلیل یادی تایبەت بۆ ئەم خۆبەخت کارە مرۆدوستانە لە ڕەگەزی ئازەری کە برایەتی خۆیان بە کەموێنەترین شێوە بەرانبەر کورد سەلماند بەڕێوە بەرێ و ئەوپەڕی قەدر زانینی خۆی بە کردار پیشانی کەسوکاری بەڕێزیان وەک وەفا و پەیمان نیشان بدات.
یادی ئەم ئازیزانە و هەموو قوربانیەکانی کوردستان بە حورمەتتر ؛

سدێق بابایی دیسامبری2011 ئاڵمان.

<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<

خانی نەمر (دین و دەوڵەت). خانای قۆبادی . سەید ڕەزای دەرسیمی. شێخی شەمزینان. شێخ سەعیدی پیران. شێخ محمۆد ، شێخی بارزان و مەلامستەفای کوڕی. قازی محمد . قانع شآعێری نەتەوە پەرست و ئازادیخواز ، مەلا ئاوارە و دەیان کەلە پیاویتری ئەم بوارە .
وتاری مەلا قادر لە ڕیو ڕەسمی پێشوازی خامنەیی بۆ پاوە10 /1390/8.

" این چگونه نظام اسلامی است که در آن تحت حمایت قانون می توان براحتی و بطور علنی میلیاردها تومان دزدید، اما برای اقامه نماز جماعت باید مثل "دزدها" مخفیانه و به دور از چشم مامورین و سربازان گمنام امام زمان به خانه های پنهان پناه برد؟". برطبق اخبار واصله ظاهرا ً تعداد محدودی از اهل سنت تهران و برخی نیز در کردستان بر خلاف حکم حکومتی، دیروز یکشنبه مراسم عید قربان را مخفیانه بجای آورده بودند. اما اکثریت اهل سنت در تهران که به وحدت عمل و اتحاد سُنی ها ایران اعتقاد دارند تلاش نمودند تا با هماهنگی و همسویی با بقیه اهل سنت ایران ناچارا ً نماز عید قربان را امروز بجای آورند که از این عمل آنها توسط مامورین جمهوری اسلامی ممانعت بعمل آمد، و بدینگونه عید بسیاری از آنها یکبار دیگر به عزا تبدیل شد. سال پیش نیز با خشونت و ارعاب از برپایی نماز عید توسط اهل سنت ساکن پایتخت ممانعت بعمل آمد. در آن زمان استاندار تهران آقای مرتضی تمدن با ادعاهای متضاد و ارائه آمارهای متناقض مدعی شد که نماز عید در ٢١ منطقه مختلف تهران برگزار شده است. اینک ظاهرا ً اینگونه بنظر می رسد که اهل سنت ایران قربانی هژمونی طلبی های مذهبی جمهوری اسلامی در منطقه و
تشدید تضاد و تنش بین ایران و دول سنی مذهب منطقه شده اند.
٣ عبدالستار دوشوکی
مرکز مطالعات بلوچستان . لندن
دوشنبه ١٦ آبان ١٣٩٠
٤ وتاری ئەردۆغان پاش بوومە لەرزەکەی شاری وان . " کورد زەردەشتین مۆسڵمان نین.

## چەند دێرێک بۆ یادی ٢٠ ساڵەی شەهید مەلارەسووڵ گەردی

ئەبوبەکر قەدیکورد



لە ناو هەر گەلێکدا خەبات بۆ رزگاری و ئازادی ئەو گەلە لە ژێر دەستی حکومەتە دیکتاتور و دژی گەلی یەکان دا دەستی پێ کردبێت بێگومان کەسانێکی ئازا ولە خۆبردوو شانیان داوەتە بەر، لە ناو شۆرشی رزگاری خوازانەی گەلی کوردیشدا کەسانی ئازا و هەلکەوتوو وبەوێر و لە خۆبردوو ، کە هەموو ژیانی خۆیان لە پێناویی گەڵ و نیشتمانەکەیاندا بەخت کرد و بە سەر فرازی و روسووری لە پێناو وەدەست هینانی ئامانجەکانی گەلدا شەهید بوون .
لە ناو ئەو خەباتگێرانەدا ناوو وێنەی خەباتی پڕلە شانازی ماموستا مەلا رەسووڵی گەردی کە وەکوو تابڵۆیەکی جوانو پڕمانا، جوان وەکو سروشتی بەهاری کوردستان وەکو ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار لە ئاسمانی کوردستان دەبینـدرێ ، کە ساڵانێکی زۆر لە دژی حکومەتە سەرەرۆکانی شاهەنشایی و کۆماری ئیسلآمی ئیراندا بێ وچان خەباتی کرد. ئەو لە گەڵ ئەو هەموو سەختی و ناخۆشییانەدا، مرۆڤێکی دێموکرات، قسە خۆش، ئاوەدان و کراوە ، روکو راست، سەداقەتو پاک وخاوێن لە هەموو بوارێکدابوو. ئەو خەباتگێرێکی بەهیزبوو، نە زیندان وئەشکەنجە نە ئاوارەیی و دەر بەدەریو شەڕ، نە دووری لە ماڵ و منداڵ ، نە لە دەستدانی سەروەت وسامان هیچیان نەیان توانی تۆزقالێک شوێن لە سەر بیر و باوەر و ورە و ئیمانی قایمی دابنێن و خۆشەویستی گەل ونیشتمان وشۆرش و حیزبی لە بیر بەرنەوە . قەت نائومێدی بە روخساریەوە دیار نەبوو، بەڵکوو بە دایم هیوای بە خەڵک و هاوسەنگەران دەدا. لە هەر رووداوێک و ئاڵ وگۆرێکدا کە لە ناوحیزب و جووڵانەوەدا هاتبانە پێش ، هەمیشە هەڵوێستی ڕاشکاوانە و قاتحی دەگرت بەتوندی بەرەنگاری کێشەو موشکیلەکان دەبوونەوە.
هەزاران سڵاوله روحی ماموستا مەلا رەسووڵی گەردی و هاسەنگەرە شەهیدەکانی کاک حەسووعەلیپوور و کاک جەلیلی مامایی

سەرماوەزی ١٣٩٠

## کورتە یادێک لە ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی مەلارەسووڵ گەردیدا



سیروان حەفیدی

کورتە یادێک لە مامۆستایەکی شۆڕشگێڕ کە لە تەمەنی لاویەتی را خۆی تێکەڵ بە گەمەی سیاسیو خەباتی رزگاریخوازی گەلو نیشتمانەکەی کردوە، ئەویش شادرەوان شەهیدی هەمیشە زیندوو، خوا لێی خۆش بێ، مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردیەیە.
هەزار رەحمەت لە گۆڕی _ یەزدان بێ چاوە نۆڕی.
مامۆستا کەسایەتێک بوو کە هەر لە تەمەنی منداڵی را لە هەوڵی خۆ فێر کردنو پێگەیاندنو خۆ تەیار کردن بە زانستی ئاینی و گەلدۆستی دابوە. هەر لەو رێگـایە دا هەوڵــی داوە بــۆ ئـــازادی و رزگـــاری گەلو نیشــتانو، بە گیـــانو جەســتە بــۆی تێکۆشـاوەو، توانیـویەتی ئەرکە ئـاینیەکەیو نیشتمانیەکەی تیکەڵ بکات کە بە خۆشیەوە توانیبوی سەربەرزانە بەڕێوەیان بەرێت. ئەو بە حەق سەلماندی کە ئەو ئەرکە قورسە فیداکاری زۆری دەوێ. بەڵام شەهید مەلارەسوڵ گەردی بە کەسایەتیو زانستی خۆی، ئەوەی بۆ خۆی برۆای پێ هێنابوو ئازایانە ئەوەندەی بۆی لواو زەمان و مەکان یارمەتی دا سەرکەوتوانە تا رۆژی شەهید بوونی توانی ئەرکەکانی بە باشی بە جێ بگەیەنێ.
مامۆستا بە راستی کەسایەتیەکی گەلێک مەزن بوو، توانیبوی بە تێکۆشانو فیداکاریو زانستێکی سیاسیانە بە ئامۆژگاریو رێنوێنی خەڵک لە ناوچەو دەوروبەری بە هەستی گەل دۆستیو نیشتمانپەروەری روون بکاتەوەو بە لای خۆیاندا بکێشێ. مامۆستا بۆ هەموو شێوەکانی خەباتو تەنانەت لە قاو دانی دوژمنان گوتاری تایبەتی خۆی هەبوو، هەر بۆیە توانیبوی کە لەگەڵ هەر کەس یان هەر لایەک دانیشتبایە هومێدی پێ دەبەخشین.
مامۆستا گەردی برۆایەکی تەواوی بە ئازادی کۆمەڵایەتی هەبوو، لە کردارو سیماو لێک دانەوەی دا دەر دەکەوتو، لە گوفتارو رەفتاری دا نیشانی دابوو کە برۆایەکی تەواوی بە ئازادی فەردی هەبوو. خاوەنی بۆچوون و بڕیاری خۆی بوو. لە سەر یەک دێموکڕاتێکی بە ئەزموونی کۆمەڵایەتی بوو. دواکەوتوو کۆنەپەرەست نەبوو. بە راستی دەبێ بڵێین کادرێکی باشی ئاینی، سیاسی، تەشکیلاتیو کۆمەڵایەتی‌یەکی دیارو بەر چاوی حیزبو کۆمەڵانی خەڵک و هاوقەتارانی بوو.
هەر ئەو هۆیانە بوونە هۆی جێگاکردنەوەی خۆی لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا. مامۆستا وای خۆ دەبینی کە کوڕی خەڵکە. دەیهەویست بۆ خەڵک بژی وە بۆ خەڵکیش بمرێ. ئەو ئاواتەشی لە رێگای بەرزی شەهید بوونیەوە بردە سەر. شەهیدی هەمیشە زیندوو زیاتر لە سێ دەیە لە پێناوی رزگاری گەلەکەی دا بە زۆر قۆناخی جیاجیا دا تێپەڕی. زیندان، هاوکاری تێکۆشەرانی ساڵەکانی ٤٦-٤٧، بەشداری بەرچاوی لە راپەڕینی ١٣٥٧، بەرپرسایەتی تەشکیلاتی، تەبلیغاتی، کۆمەڵایەتی، پێشمەرگایەتیو ئاوارە بوونی خۆیو منداڵەکانی، ئەوانەو زۆر کاری دیکەی، بە چەند قەترە لە دەریایەک لە خەباتی بەرچاوو بێ وچانی مامۆستا دێنە ئەژمار.
شەهید مامۆستا مەلا رەسووڵ گەردی زۆر تایبەتمەندی بە هێزی هەبون کە لە کەم کەس لە هاوقەتارانی دابوون. دەگەڵ هەڵخلیسکانو ئەو بەرو ئەو بەر نەبوە. چاوەڕوانی خەت پێدان نەبوەو بۆ خۆی خاوەن ئیبتکاربوە. حەزی لە دەستەو دەستەبازی نەبوە، چاوی لە پلەو پایە نەبوو. هەمیشە لە سەر بیرو باوەڕو توانای خۆی سوورروو راوەستاو بوە. حازر نەبوە ببێتە داردەستی کەس. دڵ ساف بوو. سەخی بوو. خاوەنی ئەخلاقی بەرزی ئینسانی بوو. پیاوێکی نەترس بوو. پێشمەرگەیەکی بە زیپکو زاکون بوو. پیاوێکی قسە خۆش بوو. دەگەڵ ئەهلان ئەهل بوو، لەگەڵ دوژمنان بەرانبەر بوو. باوەڕێکی پتەوی بە حیزبەکەی خۆی هەبوو. لەسەر یەک دێموکڕاتێکی واقیعی بوو. ئەوەی دەیڵێم پێهەڵگوتن نیە، راستیەکی حاشا هەڵنەگرە. دیارە ئەمن زۆر لەوە کەمترم کە وەسفی ئەو پیاوە بەرزە بکەم. نەک ئەمن بەڵکو پێنوسیش لە سەر لێ نووسینی سەر دادەنوێنێ.

ماموستای شەهید بە واقیعی عاشقی گەل‌و نیشتمانەکەی بوو، وە دروست بە بڕوا ژیا. بە قەول کە دەڵێن وەک ماسی و ئاوی لێ هاتبوو. هەر ئەو بۆچوونەش بیو بە هۆی کەم ئاوڕ دانەوەی لە ماڵ‌و منداڵی وەک زۆر لە تێکۆشەرو ئەویندارانی ئازادی. بەڵام مامۆستا پشتیوانێکی بە هێزو ماندوو نەناس‌و دڵسۆزێکی بە ئەمەگ‌و بە حەیاو عیسمەتی هەبوو، ئەویش خێزانی بوو، واتە براژنە عایش، کە دەتوانم بڵێم ئەرکی ئەو کەمتر نەبوە لە ئەرکی خوا لێخۆشبوو. سەرپەرستی حەوت منداڵ وە پەروەردە کردنیان بە شێوەیەکی دروست و ئینسانی کارێکی زۆر گرینگە. دەبینی بە خۆشیەوە کوڕو کچەکانی وا پەروەردە کردن، بوونە نموونەی تێگەیشتن‌و ئەخلاق‌و شۆڕشگێڕی، بە جۆرێک کە بە خۆشیەوە جێگای رێزو جێی خۆیان لە دڵی دۆستو ئاشنایان دا کردۆتەوە. بە جێیە ئەمن لە بەرانبەر دایکێکی ئاوا دا کڕنۆش بەرم. نموونەیان زۆرن و زۆرتریش بن.

داواکارم لە خوا تەمەنی منداڵەکانی درێژ کات و بە دوور بن لە هەموو بەڵایەکی.


هەزار سڵاو لە گیانت شەهیدی پایەبەرز مەلارەسووڵ گەردی

بەهەشتی بەرین جێگات بێ، ئامین

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاری گەل‌و نیشتمان.

٢٥ی دیسامبری ٢٠١١

## یادێک لە کادری بە وەجی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران نەمر مەلا رەسوڵ گەردی.



**ساڵە نەڵۆسی**

من کە یەکەم جار نەمر شەهید مەلا رەسوڵ گەردیم دیت، لە گوندی چیانەی ناوچەی پیرانشار لە کۆمیتە ناوچەی پیرانان سەر بە کۆمیتە شارستانی پیرانشار بوو لە ساڵەکانی ١٣٥٩ و ١٣٦٠ی هەتاویدا. مامۆستا کەسێکی دڵسۆز و دەست و داوێن پاک بوو، خۆشەویستی هاوسەنگەران، هاوکاران و خەڵکی ناوچە بوو. مامۆستا کەسێکی قسە لە روو بوو و هەمیشە هەوڵی دەدا کە کادر و پێشمەرگە لە گەڵ خەڵک خۆش بەرخورد بن. مامۆستا زۆر چالاکانە دەچۆوە ناو کۆمەڵانی خەڵک، دێی ناوچەی پیرانی پیرانشار نەماوە مامۆستا لە سەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و سیاسەت و رێبازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران قسە یان بۆ نەکات. پێوەندی مامۆستا لە گەڵ خەڵکی ناوچە زۆر پتەو بوو و خەڵک بۆ کێشەکانی کۆمەڵایەتی خۆیان روویان لە کۆمیتەی پیرانان دەکرد و دەبێ بڵێم کۆمیتە ناوچەی پیرانان بە یەکێک لە کۆمیتە چالاکەکانی کۆمیتە شارستانی پیرانشار بە حیساب دەهات و ناوی مامۆستاش بۆ سەرجەم خەڵکی ناوچەی پیرانان ناوێکی ئاشنا بوو.

مامۆستا زۆر دژی ئەو کەسانە بوو کە لە رێبازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لایان دەدا، کاتێک گروهی ٧ کەسی خەریکی دابڕان لە حیزبی دێموکڕات بوون، مامۆستا زۆر زوو هەستی بەم هەڵوێستەی ئەم جەمعە کرد و بە توندی دژیان راوەستا، بە تایبەت دژی رەحمانی کەریمی کە لە ناوچەی پیرانشار زۆر لایەنگری هەبوو و لەم بارەوە نەمر دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کاتی شەهید بوونی مامۆستا مەلارەسوڵ دەڵێ:

دیارە شەهید مەلارەسووڵ گەردی هاوڕێیەکی قەدیمی و تێکۆشەری حیزبە کە زۆریش پێش لەوەی ئەمن بێمە نێو حیزبی دێموکڕات و تێکۆشان دەست پێبکەم ئەو تێکۆشانی هەبۆوە. بەو پێیە یەکێک لە کۆڵەکان‌و پایەکانی حیزبی دێموکڕاتە. سابیقەی زیندان، دەربە دەری، تێکۆشان لە شەرایەتی سەخت دا. من بۆ خۆم تازە کە لە ساڵی ٥٩ لە شارەکان وە دەر کەوتبووین، ئاشنایەتیم دەگەڵ ناوی ئەو شەهیدە، شەهید مەلارەسووڵ گەردی و دەگەڵ شێوەی رەفتاری هەبوو. لە بیرمە کە زۆر بە شێوەیەکی باش نەبوو. دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی مەنفی بوو. چونکە ئەو دەم عیدەیەکی کە دوایە دەگەڵ جەریانی بە ئیستلاح تاقمی ٧ کەسی کەوتن کە لە پیرانشار رەحمانی کەریمی بەو ناوە مەعروفە، کەوتنبوون و دوایی دەر کەوت کە چ نێوەڕۆکێکیان هەیە. یەکێک لە خەتەکانیان کوتان‌و لە مەیدان بە دەر کردنی ئەو کەسانە بوو کە دێموکڕاتی ئەسڵن‌و بناخەو رەگو ریشەی حیزبن لە نێو کۆمەڵی کوردەواری دا.



شەهید مەلا رەسوڵ و سمکۆ گەردی کوڕی مەلا رەسوڵ و ساڵە نەڵۆسی لە ماڵی شەهید مەلا رەسوڵ لە قەلادزێ، بەفرانباری 1364 ی هەتاوی، کامێرای ساڵە نەڵۆسی

خۆیان بە شێوەیەک نیشان دەدا، عەوامفەریبانەو ریاکارانە کە بەڵێ پێشکەوتنخوازو موتەرەقین. زۆرتر ئەو هاوڕێیانەمانیان هەڵدەبژاردو ئەنواعی ئیتهام‌و تاوانیان بۆ هەڵدەبەستن ، وەکوو کۆنە پەرەست‌و دژی پێشکەوتنخوازو ناسیۆنالیستی بەر چاو تەنگ‌و ئەو جۆرە شتانە. فەزاکەش بۆخۆتان دەزانن ئەو دەمی جۆرێک بوو کە بە گشتی برێک ئەوەی دەویست یا قەبووڵی دەکرد. بۆیە یەکێک لەو کەسانەی کە قسەی زۆر لە سەر بوو، وە زۆر بە توندی لە لایەن ئەوانەوە قسەی بە دژی دەکراو یەکێک لە عەوامیلی ئەوەی عەدەمی پێشرەفتی کاری حیزبی‌و بە شێوەی پێشکەوتنخوازانەو موتەرەقیانە لە مەڵبەندی پیرانشار، ئیتهامیان دەخستە سەرو ئەنواعی شتیان بۆ هەڵدەبەست، ئەو کاک مەلا رەسووڵ گەردییە بوو. کە وابوو عەرزم کردن من خۆم وەکوو کەسێکی کە تازە بە عەمەل پێی نابۆوە مەیدانی تێکۆشانی رۆژانەی نێو حیزبی، خۆی لە من دا ئیحساسێکی کەمێک مەنفی پێک هێنابوو. بەڵام زۆری پێ نەچوو، وردە وردە جەریانات دەری خست کە کێ ڕاست دەکا. وە چۆن ئەفرادی وەکو من کە لە تێگەیشتنەکەو قەزاوەتەکەیان دا بە هەڵە دا چووبوون. بە سەراحەت ئەرزو بکەم کە رێبەرایەتی حیزب لە راستی دا لایەنی دارو دەستەی رەحمان کەریمی دەگرت. بۆیە کاک مەلا رەسووڵ گەردی وەکو نموونەو سومبولی ئەو جەریانە و ئەو فکرە لەسەر بنج‌و بناوانە ئەسڵیەکانی حیزبی دێموکڕات پێی دادەگرت تا ئەندازەیەکی لە جەریانی حیزبی وەکو تەرد تەرد کرابوو. بەڵام ئەوە یەکێکی دیکە لە خسووسیاتی گەورەی ئەو شەهیدەمان بوو کە کۆڵی نەدا. ئەگەر چی دەیدیت کە نە لە بەڕێوەبەرایەتی حیزب‌و نە لە دەفتەری سیاسی پێشوازێکی وای لێ ناکرێ‌و تەنانەت

فشاری بۆ دێ و نە لەو کۆمیتەیەش کە عەمەلەن لە پیرانشار بە دەست وانەوە بوو، دیارە فشاری بۆ دێ، بێلوتفی پێ دەکرێ، بەڵام ئەو دێ بە دێ، بنکە بە بنکە کارو پیشەی ئەوە بوو دەگەڕاو فەعالییەتی دەکرد. یانی لە ڕاستی دا شتەکەی وەکو حاڵەتێکی تەنانەت وەک موبارزە دەگەڵ دەفتەری سیاسیش دەر هاتبوو، بەڵام کۆلی نەدەداو قسەی دەکرد. ئەوە دووهەمین خسوسیاتی تایبەتی کە ئەگەر ئیمانەکەی سەرەڕای ئەوەی قایم بوو کە لە مەیدانی عەمەڵ دا نیشانی دا تا چ ئەندازە شێلگیرە. هێندەی پێ نەچوو، هەر وا سالێک، ساڵو نیوێک کە تەواوی بۆچوونەکانی کاک مەلا ڕەسووڵ و هاوڕێیانی کە وەک ئەرزم کردن کاک مەلا ڕەسووڵ گەردی نموونەی هەرە هەرە بەرچاوو هەرە تێکۆشەریان بوو، بە دروستی دەر کەوت. پێم وایە ئەوە بەسە کە نیشان بدا ئەو هاوڕێیەمان تا چ ئەندازە بە ئیمان، تا چ ئەندازە فەعال و تێکۆشەر، وە تا چ ئەندازە لە شەرایەتی سەخت دا ئەو لە ڕێگای ئەسڵی شێلگیر بووە لەسەر درێژە دانی ڕێگای حیزبو تەنانەت دەتوانم ئەوەی پێوە ئیزافە بکەم شایەد ئەگەر زۆر کەسی دیکە بووبانایە لە جیاتی وی کە پاش ئەوەی ئەو جەریانەی ئەرزم کردن، گوزەراو دروستی نەزەری وی دەرکەوت، هاتبا و هەزاران منەتی کردبا، هەزاران داوای کردبا کە دیتتان من حەقم بوو، دیتتان ئەو هەڵوێستەی نیسبەت بە منو هاوڕێیانی منو دەگرت زوڵم بوو، ناحەق بوو؟ بەڵام من بۆخۆم شەخسەن تەنانەت یەک جاریشم ئەوە نەدی. تیبقی مەعموول هاتەوە سەر کارو باری خۆیو درێژەی دا وە لەو دەم ڕا هەتا ڕۆژی شەهید بوونی کە هەموو دەیناسن بە چ دڵسۆزیەکەوە هەر بەردەوام بوو. دیارە پاش ئەو جەریانەش بوحرانمان هاتە پێش بەڵام دیارە ئیدی نەفەری وا هەر وەک عەرزم کردن بۆخۆی کۆڵەکەیەکەو بنچو بناوانەو ڕیشەکانی حیزبە کە دای کوتاوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا قایم و موحکەم هەمیشە درێژەی دا، بە بێ تەزاهوڕێکی زۆر. دەتوانم بڵێم هەمووشتان دەزانن نەک هەر ژیانی خۆی بەڵکو تەواوی ژیانی بنەماڵەی بەڕێزیشی هەموو گرێ داوە بە ژیانی حیزبی.

مامۆستا لە کاتەکانی تریش دا کە کەسانی تر هەوڵی تێکدانی ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕاتیان دەدا بە دژیان ڕادەوەستا، کاتێک کە کەسانێک کە پتر بیری تودەیان هەبوو، دوای پەسەند کردنی کورتە باسێک لە سەر سوسیالیزم دوبارە هەوڵی ئاژاوە نانەوەیان لە حیزبدا ، دوبارە مامۆستا زۆر بە جیدی هاتە مەیدان و دیفاعی لە سیاسەتی دروستی حیزبی دێمۆکڕات کرد و توانی لە ناوچەی پیرانشار تەئسیری خۆی هەبێت، مامۆستا بۆ دیفاع لە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، ڕوی لە ناو خەڵکی پێشمەرگە پەروەری پیرانان کردەوە.

ئاخیر جیابوونەوە کە مامۆستا شاهیدی بوو و دووبارە هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی خۆی لە بەرابەردا گرت و دیفاعی لە سیاسەتی دروستی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کرد، جیابوونەوەی ئەم هاوڕێیانە بوو کە دوای کۆنگرەی ٨ لە حیزب جیابوونەوەو خۆیان بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ناساند. هەرچەند لە گەڵ ئەو جەمعە زۆر دۆست و هاوڕێی نزیکی مامۆستاش ڕۆیشتن،بەڵام مامۆستا پێی وابوو کە هەرچەشنە جیایی و لێکدابڕانێک دەبێتە هۆی لاوازبوونی ڕیزەکانی گەلی کوردو حیزبەکەمان، بۆیە مامۆستا ڕیزی خۆی لە ڕیزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران جیا نەکردەوەو بەکردەوە بەگژ هەر حەرەکەتێکدا دەچۆوە کە پێی وابوو بە قازانجی حیزب و جووڵانەوە تەواو نابێ.

کاک دوکتۆر خەلیقی لەم بارەوە دەنووسێ:

مامۆستای هاوسەنگەری من، لەخزمەت مامۆستای ویژدانی هۆشیاری خۆیدا، ئەم وانەی خویندبوو، بۆیە پەنای بردەبەر جووتیاریی وتێکۆشا، دەستی ماندوو لە سەرسکی تیر دابنێ وڕێگا بۆ زوانی خۆش بکا وەک دەربری هەستە خاوێنەکەی ، دژ بەستەمکارانی نەتەوەیی وناوچەیی، هەڵوێست بگرێ،و ئاکامی ئەم هەستە خاوێنەش، وەئەستۆ بگرێ.

لە قەندیل بۆ ماوەیەکی درێژ، لەگەڵ مامۆستای نەمر، پێکەوە کارمان دەکرد. چ لە بەشی دادوەریی وچ لە کاتی بەرپرسایەتی ئاسایشگای هاوسەنگەرە نیوە شەهیدەکانماندا.

لەو ماوەدا، مامۆستای نەمرم ئاوا خوێندەوە: خاوێن و ڕەفتار ڕێک وپێک و بە بەرنامەو خۆشڕوو، دڵسۆز بۆ سامانی حیزب و هەیی و نەیی هاوسەنگەرەکانی. بە ئاشکرا بیروڕا دەربڕین وچالاکانە هەوڵدان بۆ هەڵسووڕانی ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی، بەشێک لە پەسنەکانی ئەوبوون. کاتێک ئاژاوەکەی کونگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکرات هاتەپێشەوە! لە بەندیخانە، هەندێک گیروگرفت بە ئەنقەست، ئافرێندرا! کە چوومە ئەوێ، مامۆستام زۆر بە پەرێشانی دیت. پرسیارمکرد، هاورێ! چ قەوماوە؟ گوتی:' دەتەوێ چ بقەومێ؟ دەیان کەس لەدوژمنەکانی ئێمە لە مەیدانی ململانێدا بە دانی چەندین شەهید، بە دیلیی گیراون و ئێستا لە بەر ئەو کێشە پڕئێشە، هەندێک لەوانە کە کەمیش نین، نایانخەنە ژێر چاوەدێرییەوەو خۆیان لە پاسەوانییان ئەدزنەوەو خەریکن ڕێگایان بۆ خۆش بکەن بڕۆن و ئەوانیش لە دەرفەت دەگەڕێن هەڵێن!!" پێمگوت: "نیگەران مەبە، چارەسەری دەکەم". دوای سەرکۆنەکردنی هاوڕێیانی لەو چەشنەو چارەسەر کردنی گرفتی ئەوانو بەندییەکان، مامۆستا بزە لە لێوانیەوەهات و فەرمووی. ئێستا، دەتوانم بڵێم، گیانم ئاسوودەبووە. مەبەستم ئەوەیە، زۆرکەمن ئەوانەی، هەمووهەست وتێرامان و ڕاوراوێژیان، پاراستنی بەرژەوەندیی گەل وشۆڕش بێ.



ساڵە نەلۆسی، ماڵی مەلا ڕەسوڵ گەردی، بەفرانباری 1364ی هەتاوی قەڵادزی کوردستانی باشوور

بە هۆی کار و چالاکی مامۆستا، بنەماڵەی مامۆستاش قەدەم بە قەدەم کە ناوچە دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی نیزامی ئاخوندی، ئەوانیش دوای ماوەیەک هەڵات هەڵات و ئاوارەیی لە قەڵادزێی باشووری کوردستان جێگیر بوون و لە وێ ماڵکیان بە کرێ وەرگرتبوو.

دوای ئەوەی هەموو ناوچەی پیرانشار کەوتە دەست ڕێژیم و بنکەکانی کۆمیتە شارستانی پیرانشار و هێزی قەندیل (ئاوارەی ئەوکات) لە بناری قەندیل لە قڕناقەو پشت ئاشان، ئاشقوڵکە، سینەمۆکە و سەرگەینێڵ ... هتد جێگیر بوون و بنکەی کۆمیتە شارستانی پیرانشار لە سینەمۆکە کە کۆنە مەکتەبێک بوو، دامەزرا.

بە هۆی ئەوەی قەڵادزێ بنکەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی لێ بوو و سەر ڕێگای بیمارستانی شۆڕشیش لە دەشتێو بوو، ماڵی شەهید مەلا ڕەسوڵیش لە قەلادزێ بوون، من و چەندین هاوڕێی تر بە هۆی ئاشنایەتیمان و ناسینی ماڵی مامۆستا بە تایبەت کاک خالید و کاک عومەر لە ماڵی مامۆستا ئاشنا بووین، من بەش بە حاڵی خۆم هەر کات چووبام بۆ قەڵادزی، یەکسەر دەچوومە ماڵی مامۆستا و ئەگەر مابامەوە شەو لە مەقەڕ نەدەبووم و لە ماڵی مامۆستا دەخەوتم و ئیحساسی ئەوەم دەکرد کە لە ناو ماڵی خوشک و برایانی خۆم دام.

بە حەق دەرگای ماڵی مامۆستا بەم ئیمکاناتە کەمەو خەرجی گرانی شاری قەڵادزێ کە هەموو شت نرخی لە سەرێ بوو، بۆ کادرو پێشمەرگە ئاوەڵا بوو و مەلا ژنیش هەموو پێشمەرگەیەکی دێمۆکڕاتی وەک کورەکانی خۆی چاو لێ دەکرد و ڕێزی لێ دەگرتن و ئەگەر گلەیەکیش هەبا گلەیی خۆی دەکرد و جیاوازی لە نێوان کوڕەکانی خۆی و ئێمەی پێشمەرگەی میواندا نەدەکرد و زۆری باس لە ژیانی خۆی دەکرد کە چۆن بەهۆی کاری حیزبی مامۆستاوە تووشی گیروگرفت بووە، بەڵام قەت من وەک خۆم ئیحساسی پەشیمانیم لێ نەدەدیت و بە ئیفتخاری دەزانی.



من خۆم به‌ یه‌كێك له‌ كوڕه‌كانی ماڵی ماموٚستا ده‌زانی و به‌ڕاست زۆرم سه‌بووری ده‌هات كاتێك سه‌ردانی ماڵی ماموٚستام ده‌كرد، شه‌وانه‌ زۆر به‌ شادیی و خۆشی تێپه‌ڕ ده‌بوو، خوشكه‌ هاجه‌ر كه‌ هێشتا ژیانی هاوسه‌ریی پێك نه‌هێنا بوو، زۆر چوست و چالاك بوو دائیمه‌ن ده‌ستووری ده‌دا و هه‌مووش به‌ قسه‌یان ده‌كرد، جارجار زه‌كیه‌ كه‌ نه‌ی‌ده‌ویست له‌كاتی خۆیدا بچێ بۆ خه‌وتن، خوشكه‌ هاجه‌ریش كه‌ نیگه‌رانی ئه‌وه‌ بوو به‌یانی زوو وه‌خه‌به‌ر نه‌یه‌ت بۆ مه‌دره‌سه‌، خۆی لێ تووره‌ ده‌كرد، منیش وتم ئه‌وه‌ چی بوو خوشكه‌ هاجه‌ر، ئه‌ویش وتی: زه‌كیه‌ عاده‌تی خۆیه‌تی جارجار ده‌بێ خۆی لێ تووره‌ كه‌م ئه‌گینا دره‌نگ ده‌خه‌وێت و به‌یانی به‌زه‌حمه‌ت له‌خه‌و هه‌ڵده‌ستی.

خوشكه‌ فاتم زۆر ئارام و له‌ سه‌ره‌خۆ، كار جوان و به‌ سه‌لیقه‌ بوو و به‌ هه‌موو كاره‌كانی ماڵ راده‌گه‌یشت و كه‌متر قسه‌ی شۆخی ده‌كرد و زۆر جیدی بوو.

كاك سمكۆ و كاك برایم و خوشكه‌ زه‌كیه‌ش خه‌ریكی ده‌رس خوێندنێ بوون. هاوكات له‌ گه‌ڵ خوێندن كاك سمكۆ تابلۆی جوان جوانی ده‌كێشانه‌وه‌ و من زۆرم پێ جوان بوون، یه‌كێك له‌ تابلۆكانی یان بڵێم نووسینه‌كانی كه‌ له‌ وێنه‌كه‌ی من دا دیاره‌، نووسینی پێشمه‌رگه‌یه‌ به‌ شێوه‌ی تفه‌نگ كه‌ زۆرم پێ جوان بوو. كاك برایم و كاك عومه‌ریش به‌ ده‌نگه‌ خۆشه‌كانیان شه‌وه‌كانیان بۆ خۆش ده‌كردین و كاك خالیدیش كه‌ جار و بار ده‌هاته‌وه‌، ئه‌گه‌ر كێشه‌یه‌كی برقی (كاره‌بایی) له‌ ماڵدا هه‌با چاكی ده‌كرد.

خوشكه‌ ژیان خێزانی كاك عومه‌ر لای ئێمه‌ رێزی خۆی هه‌بوو، خوشكه‌ ژیان هاتبوو ببێ به‌ پێشمه‌رگه‌ له‌ كۆمیته‌ شارستانی پیرانشار، دوای ماوه‌یه‌كی كورتی پێشمه‌رگایه‌تی، هه‌ر له‌و كاته‌دا كاك عومه‌ر گه‌ردیش ببوو به‌ پێشمه‌رگه‌، به‌ ده‌ردی كوره‌كان ده‌یان كووت كاك عومه‌ر بۆیه‌ بوو به‌ پێشمه‌رگه‌ تا خوشكه‌ ژیانم فریو بدات و دوای فریودانی خوشكه‌ ژیانی، كاك عومه‌ریش بۆ ماوه‌یه‌كی وازی له‌ ئه‌ركی پێشمه‌رگایه‌تی هێنا. من له‌ خواره‌وه‌ وێنه‌یه‌كی گه‌زیزه‌ی كچی كاك عومه‌رم داناوه‌.

ئه‌م ماوه‌یه‌ كه‌ من هاتووچۆی ماڵی ماموٚستام ده‌كرد، یه‌كجار من ماموٚستام له‌ ماڵی خۆیان مولاقات كرد، چونكه‌ زۆربه‌ی كاته‌كان ماموٚستا له‌ ناو كۆڕی هاوڕێیانی حیزبی دێموٚكراتی كوردستانی ئێراندا ئه‌ركی حیزبی به‌ڕێوه‌ ده‌برد. به‌داخه‌وه‌ سه‌ره‌نجام به‌ هۆی پیلانێكی ناجوامێرانه‌ی رژێمی كۆنه‌په‌ره‌ستی كۆماری ئیسلامی ئێران و ده‌ست و پێوه‌نده‌كانی، له‌ رێكه‌وتی ۱۳۷۰/۸/۷ له‌ سه‌ر رێگای ئێنزێ بۆڵێ، له‌ گه‌ڵ ۲ هاوسه‌نگه‌ری دیكه‌ی به‌ ناوه‌كانی حه‌سۆ عه‌لیپوورو جه‌لیل مامایی شه‌هید بوون. هه‌زاران سڵاو له‌ گیانی پاكیان و رێگایان پڕ رێبوار بێ.

كاتێك من ساڵی ۱۳۶۵ له‌ گوندی خه‌راپه‌ی پیرانشار بریندار بووم و هێنایانم بۆ قه‌ڵادزێ، دوای ۳ شه‌و و رۆژ به‌ سواری یه‌ستر و ئه‌سب كه‌ بردیانم بۆ بیمارستانی عه‌سكه‌ری رانیه‌، بۆم زۆر خۆش بوو كه‌ كاك عومه‌ر گه‌ردی له‌ گه‌ڵ ماشێنی حیزب له‌ گه‌ڵم هات و ماوه‌یه‌ك له‌ لام بوو كه‌ من بۆ جارێكی تر سوپاسی ده‌كه‌م.

ئاخرین حه‌وتووی دیداری من له‌ گه‌ڵ شه‌هید مه‌لا ره‌سوڵ گه‌ردی، كاتێك بوو كه‌ حیزبی دێموٚكراتی كوردستانی ئێران به‌ هاوكاری یوئێن بڕیاری دا كه‌ ۱۰ كه‌س له‌ برینداره‌كان ( كه‌م ئه‌ندامان) بۆ وڵاتی سوید بنێرێ، له‌ رێكه‌وتی ۲۳ی۴ ی ۱۳۶۹ی هه‌تاوی له‌ سكرتار ده‌عوه‌تیان كردین و وتیان له‌ بنكه‌ی كۆمیسیۆنی كۆمه‌ڵایه‌تی چاوه‌روان بن تا ته‌له‌فونتان بۆ ده‌كه‌ین، ماموٚستاش كه‌ به‌رپرسی ئاسایشگای حیزب بوو له‌ گه‌ڵ جه‌معێك له‌ هاوڕێیان هات و ئێمه‌ش هه‌ر چاوه‌روانی ته‌له‌فوونی سكرتاریامان ده‌كرد و ئاخر زۆری پێ چوو، هه‌موومان له‌ چاوه‌روانی دا ماندوو ببووین، ماموٚستا زۆر قه‌ڵس بوو و وتی كاكه‌ به‌ خوا من ته‌حه‌مولی ئه‌م هه‌مووه‌ چاوه‌روانیه‌م نیه‌ و میوانداری سكرتاریاشم ناوێت، ده‌چمه‌وه‌ ئاسایشگا و ئێوه‌ خۆتان بچوون، ماموٚستا گه‌ڕاوه‌ بۆ ئاسایشگا و دوای ماوه‌یه‌ك له‌ سكرتاریا ته‌له‌فوونیان كرد و وتیان له‌ گه‌ڵ ماموٚستا وه‌رن، ئێمه‌ش وتمان ماموٚستا چۆته‌وه‌ ئاسایشگا، زۆری پێ نه‌چوو ماموٚستا به‌ پیكه‌نینه‌وه‌ هات و وتی كوره‌كان با برۆین به‌ خوا لێم ناگه‌ڕێن. ئه‌و میوانداریه‌ بۆ ئێمه‌ زۆر خۆش بوو و بۆ سبه‌كه‌ی ماموٚستا تا به‌غدا له‌ گه‌ڵمان هات بۆ به‌ڕێ كردنی ئێمه‌ بۆ سوید.

من له‌ ناخی دڵمه‌وه‌ رێزم هه‌یه‌ بۆ مه‌لاژن كه‌ بۆ من وه‌ك داكێك وابوو و رێزم هه‌یه‌ بۆ هه‌موو بنه‌ماڵه‌ی ماموٚستا به‌ گشتی و روحی ماموٚستا مه‌لا ره‌سوڵ گه‌ردی و سه‌رجه‌م شه‌هیدانی گه‌لمان شاد بێت.

ساڵه‌ نه‌ڵۆسی wwww.peshmergekan.com

۰۴-۰۳-۲۰۱۲

سه‌رچاوه‌: نووسینه‌كه‌ی كاك دوكتور خه‌لیقی ماڵپه‌ڕی ماموٚستا
http://www.melaresul.se

========================================================================================

سڵاو له‌ شه‌هید ماموٚستا مه‌لا ره‌سووڵ گه‌ردی و هاوڕێیانی

نایەڵن ئاسوودە دانیشم لە داوینی چیام
قاسپەی کەو بێتە گویم! کوا گرمەیی مینم دەوێ!؟

ئارەزوومە هەرچێ ئینسانە بە ئازادی بژی
چۆن گەلی داماو و دێل و مات و خەمگینم دەوێ؟

نامەوێ خوێن برژێ یا بۆنی کەلاکی کۆن بکەم
ڕەنگی مێلاقە و گوڵاڵە و بۆنی نەسرینم دەوێ

لاشەرم،کوا بەدفەرم،ئەمما لەسەر مافی ڕەوام
دەست و چەک،ئیمان و هیواو هەستی ئاورینم دەوێ

بۆ نەجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار و بێکەسە
گیانی پاک و بیری تیژ و ڕێگە ناسینم دەوێ

(مامۆستا هێمن)




سڵاو لە شەهید مامۆستا مەلا ڕەسووڵ گەردی و هاوڕێیانی